ئامۆژگاری و ڕێنوماییەکان
بۆ گەنجانی گەڕاوە بۆ لای ...
خوا

الشيخ
محمد بن صالح العثيمين

وەرگێرانی
حاجی فەوزیە وەلی

پێداچوونەوەی زمانی کوردی
موحسین چینی

پێداچوونەوە لە ڕووی ئاینییەوە
نەهرۆ علی حمد



منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com


ئامۆژگاری و ڕێنومایییەکان
بۆ گەنجانی گەڕاوە بۆ لای ...
خوا
الشیخ
محمد بن صالح العثیمین
وەرگێڕانی
حاجی فەوزیە وەلی
پێداچوونەوەی زمانی کوردی
موحسین چینی
پێداچوونەوە لە ڕووی ئاینییەوە
ئەمرۆ علی حمد

ڕێنومایی و ئامۆژگارییەکان بۆ گەنجانی گەڕاوە بۆ لای

خوا

زانای بەڕێز
عبدالعزیز بن عبدالله بن باز
ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ

زانای بەڕێز
محمد بن صالح العثیمین
ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ

وەرگێڕانی
فەوزیە وەلی مام وسو

پێداچوونەوەی زمانی کوردی
موحسین چینی

٢٠١٣

ناوی پەرتووك: ڕێنومایی و ئامۆژگاری
ئامادەکردنی: عبدالعزیز بن باز / محمد بن العثیمین
وەرگێڕانی: موحسین چینی
پێداچوونەوە: نهرۆ علی حمد
دیزاین: احمد سلێمان (مەریوان گرافیك)
ساڵی چاپ: ٢٠١٣ چاپی یەکەم
چاپ: چاپخانەی شەهاب – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٣ی دراوەتێ

ئامۆژگاری بۆ گەنجانی نەتەوەی موسڵمان

لە بەڕێز مامۆستا —عبدالعزیز بن باز-ەوە

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو درووودو سەلام لەسەر نێردراوی خوای مەزن پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) و بنەماڵەو یاوەرەکانی.

دوای سوپاس و ستایش: سەیر نییە ئەگەر، باشترین نزیکبوونەوە لەخوای پەروەردگار داواکاری زانست بێ، هەمیشە لەهۆیەکانی گرەو بردنەوەی بەهەشت بێ، هەروەها بۆ ئەو کەسەی کاریشی پێدەکات گەورەیی و سەرفرازی بێت لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی گەڕان بەدوای زانستی نزیکبوونەوە لەخوای مەزن دڵسۆزییەو ئەمەش دەکرێ کە داواکارییەکەی بۆ خواو گەشاندنەوەی رووکاری رووی مەزنێتی داهێنانەکانی بێ نەوەك بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە بێ، چونکە ئەمە تاکە رێگای قووڵبوونەوە لە زانستەو هۆی سەرەکیشە بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی پایەو پلە بەرزەکان لەدنیاو ئاخیرەت لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر محمد (ﷺ) هاتووە کە فەرمووی ﴿مَنْ تعلم علماً مما ینبغي به وجه الله، لا یتعلمه إلا لیصیب به غرضاً من الدنیا، لم یجد عرف الجنة یوم القیامة﴾ئەبو داود بە بەڵگەی چاك دەریکردووە.

(ئەوەی زانستێك فێربووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خوای مەزن دەیرەخسێنی و ستەم و ناڕەوایی و چەواشەکردنی خەڵکی دی پێدەکات و بۆ لاوازی ئایینی ئیسلام بەکاری دێنێ، ئەم زانستە تەواو

فێر نابێت کە ئامانجی تەنیا مەبەستێکی دنیایە، ئەو کەسە لەرۆژی زیندووبوونەوە بۆنی بەهەشتی بە چنگ ناکەوێت).

ترمزیش هەر بە پشتگیرییەکی لاواز لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)ئەمەی دەرهێناوە کە فەرمووی:

﴿من طلب العلم ليباهي به العلماءأو ليماري به السفهاء، أو ليصرف به وجوه الناس إليه، أدخله الله النار﴾.

(ئەوەی بەدوای زانستێك بگەڕێ تاکو خودی خۆی لە زانایان گەورەتر بزانێ و لووتبەرزی پێبکاو خۆی لە زانایان زیاتر بزانێ، یا زانستەکەی بۆ رسواکردنو گاڵتەپێکردنی خەڵك بەکارهێنا، یا بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ مەبەستی خۆی ڕاکێشێ خوای گەورە ئەم کەسە دەخاتە دۆزەخەوە).

ئامۆژگاری سەرجەم داواکارانی زانست دەکەم، داوا لەهەموو موسڵمانێك دەکەم زۆر بە دڵسۆزی ئاگاداری ئەم خاڵە گرنگە بن لەهەموو ئیش و کردەوەیەکیان کە لە دنیادا دەیکەن زۆر بەدڵسۆزی بۆ خوای مەزن هەوڵبدەن وەکو ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ:

﴿ ...... فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ الكهف: ١١٠

واتە: جا هەر کەس بە تەمایە بە خزمەت پەروەردگاری بگـات(لـە قیامەتدا) ئەوەی با کردەوەی چاك بکاتو لە پەرستنی پەروەردگاریـدا کەس نەکات بە هاوبەشی.

هەروەها ئامۆژگاری هەموو کەسێك، هەموو موسڵمانێکی کردووە ئەوەی بەدوای زانستدا عەوداڵە، لەخوای مەزن بترسێت و هەموو کارو کردەوەیەکی هەرچەند بچووك بێت چ ئاشکرا یان نهێنی هـەمووی لـە ژێر چاودێری خوای مـەزنەو تاکو لە ئارەزووی نێو دڵیش ئاگادارە.....

هەروەکو لە فەرموودەی پەروەردگاردا هاتووە:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ۝١٢﴾الملك:١٢

واتە: ئەوانەی لە پەنهانیا لەخوای خۆیان دەترسـن، لێخۆشـبوونو پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە.

دیسان خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَلِمَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ۝٤٦﴾الرحمن:٤٦.

واتە: بۆ ئەو کەسەی لە وێستانی بەردەمی پەروەردگاری بترسێ دوو باخی خۆشی هەیە.

هەندێ لە پێشینی چاکمان دەڵێن: سەرچاوەی زانسـت، یـا پۆپـەی زانست، یا لووتکەی، ترسە لە خوای گـەورە، بـەمانای هەرچـەند لـە

زانستی لێکدانەوەو شەرحی قورئان قووڵ ببێتـەوەو تێـی بگـەیت پـتر لەخوای مەزن دەترسێیت، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (خـوا لێـی ڕازی بێت) گوتی: زانست تـەنیا هێندەیـە کـە گەیـشتوویتە ئاسـتی تـرس لەخوای مەزن و هێندەش سوود وەرگرتن لـە نـەزانین و جەهالـەت بـا بەس بێ.

هەندێ لە پێشوویانی دیکە گوتیان: ئەوەی لەهەموو کـەس باشـتر خوا بناسێ ئەوەیە لە هـەموو کـەس پـتر لێـی دەترسـێ... ئەمـەش نیشانەی ڕاستی ئەو مانایەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) بە یاوەرەکانی خۆی فەرموویتی: ﴿ئەی هەر ئەمەیە کە من لەهەمووتان پتر لەخوا دەترسم و لەهەمووتان پتر خوا دەپەرستم و بڕوام پێیەتی﴾.

هەرچەند ناسین و زانیاری بەندە بەخوا پتەوبێ ئەمە دەبێتە هۆیـەك بـۆ تـەواوبوونی ڕاسـتی و دروسـتی خـوا ناسـی و، وەسـتان و هەڵوەستەکردن لە سنووری لادان بەرەو خراپەکاری و خـۆ پـارێزی لـەو ڕەوشت و کردەوە خراپانەی کە لەئایـەت و فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) دا بەکاری ناپەسەند باس کراون.

لەبەر ئەمە خوای گەورە دەفەرمووی:

﴿...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ فاطر:٢٨

واتە: بەڕاستی لەناو بەندەکانی خوادا تەنیا زانایان (وەك پێویـست) لەخوا دەترسن:

زانایان لە ناسینی خواو ئایینەکەی، لەهەموو خەڵك پتر لەخوا دەترسن، پتر خوا دەناسن و لەخەڵکی دیکەش باشتر و چاکتر ڕێبازەکەیان گرتووەو بە ئایەت و فەرموودەکانەوە پابەندن و لەسەرووی ئەمانەشەوە نێرراوو پێغەمبەرەکان دروودو سەلامی خوای گەورەیان لەسەر بێ ئینجا دوای ئەمانە ئەوانەی بە چاکی لەسەر ڕێبازەکانیان دەڕۆن و هەڵس و کەوت و کارو کردەوەیان لە شێوەی خواناسانی پێشووان دەبێ. ڕۆژانی ڕووناکی ڕێبازی ئیاینی ئیسلام هەرچەند کۆن بێ و ڕۆژگاری بەسەردا بچێ لەکە لە ناخی دڵیان ناکا، ئا ئەمانە ئەو زانایانەن کە لە هەموو کەس پتر لەخوا دەترسن و لەهەموو کەس پتر خوا دەپەرستن و هەروەها لە ڕۆژی زیندووبوونەوەش لەهەموو کەس پتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری کردووینەوە نیشانەکانی بەختەوەری بەندەی بۆ دیار خستووین لە ئایینی خوا پتر بخوێنێ و، شارەزا بێ و ، لێی قووڵ ببێتەوە. پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمووێ:

﴿هەرکەسێ خوا بیەوێ لە ئاین شارەزا دەبێت و چاك دەیخوێنێتەوەو لێی قووڵ دەبێتەوە﴾. لەسەر زاری معاویە هاتووە(خوا لێی ڕازی بێت) کە لە (الصحيحين)دا دەریکردووە.

جگە لە هەموو زانست وخوێندن‌و خوێندنـەوەو رۆشـنبیری بەنـدە، خوێندن و خوێندنەوەو فێربوون و لێکۆڵینەوەو قووڵبـوون لـە زانسـتی ئایین بەندە هانـدەدا کـە بـە گـوێرەی فەرمایـشتەکانی خـوای گـەورە هەڵسوکەوت بکات و پەیڕەوی فەرموودەکان بکات و لـەخوا بترسـێت و، ئەوانـەی لـە ئـایین پێویـستن جێبـەجێیان بکـات و، لـە خراپـەو قەدەغەکراوەکانی وەکـو درۆو بوختـان و قـسەی پاشملـەو سـووکایەتی کردن و زۆر بلێـی و گاڵتـەکردن بـە زانـستی زانایـانی ئـایینی خـۆی بپارێزی، هەروەها خوێندن و لێکۆڵینەوەو قووڵبوونەوە لەزانستی ئایین بەندە فێری ڕەوشت و هەڵسوکەوتی جوان دەکات و، پەیوەندی لەگـەڵ دەوروپشتی چاك دەکات و دەیکاتـە بەندەیـەکی بـەتوانا کـە بتـوانێ ئامۆژگاری خەڵکی دی بکات‌و هەروەها کە سێتییەکەی پڕ زانست و زانیاری دەکات تاکو بتوانێت پێشڕەوایەتی نەتەوەی موسـڵمان بکـات بۆ ئەوەی لەکاتی ئاشتی و ئاژاوەیدا خەڵکی لـە ڕەوڕەوەی ڕۆژگـاری سەختی دووبەرەکی ڕزگار بکات.

لە خوای گەورەو شکۆمەند داواکارم کە هەموو داواکارانی زانـست و سەرجەم موسڵمانان خوێندەوارییەکی چـاکیان لـەئایین پێبەخـشێ و لەسەر ئایینی ڕاسـت و دروسـت و سـوڕبن و لەسـەر کـردەوەی چـاك

...ەردەوام بن و هەمیشە داواکارم هەموومان لە نیازی دڵپیسی ...پارێزیت و لەوانەی ئاینیش بەخراپەی دەزانێ دوورمان بکاتەوە، خوا بەخشندەو توانای بەسەر هەموو شتێکەوەیە.

سەلامی خوا لەسەر بەندەو نێردراوەکەی (محمد- ﷺ-) و لەسەر بنەماڵەو یاوەرکانی.

الشیخ ابن باز [١]

---

(1) مجموع فتاوي و مقالات متنوعة للشيخ ابن باز جمع د. محمد الشويعر.

ئەحکامەکانی تەوبە

تەوبە:

گەڕانەوە لەسەرپێچی خوا بۆ گوێڕایەڵی بۆ خوا.

پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی هۆشمەند ئەوەی بەتەنگ خوا پەرستییەکەی خۆیەوەیە، هەرچەند هەموو سات پێویستی بە تەوبەیە کەچی هەندێ کەس وا لە تەوبە دەگات وەکو ئەوەی ئیمڕۆ تەوبەی کردبێت بۆ بەیانیش لەسەر هەمان خووڕەویشت بێ بە مەبەست وا تێدەگات تەوبەکردن تەنیا بە گوتنەو ئەگەر لەرۆژێکدا هەزار تەوبەش بکات ئەمە هەر تەوبە کردنە.....

لێرەدا پێویستمان بە روونکردنەوەو شیکردنەوەیەکی تەواوی کردەی تەوبە هەیە..

خوشك و برایانی موسڵمانی بەڕێز: تەوبەکردن تەنیا چەند وشەیەك نییە لە زاری دەربچێت.. بەڵکو تەوبە، دەکرێ، بەبێ گوتنیش بێت.. بێ ئەوەی لە دوای سەلامدانەوەی دوای نوێژ دەنگ هەڵبڕیت و داوای توبە بکەیت.. لەبەر ئەمە خوشك و برایانی موسڵمان پێویستە ئەوە بزانن کە تەوبەکردنی مرۆڤ ئەو کاتەیە کە ئەو مرۆڤە لەکاتی نەزانی و سادەییو نەخوێندەواری خۆی بەسەدان و هەزاران کردەوەی خراپی کردووەو پێی نەزانیوە ئیدی کە هۆشی بتەودەبێت لە سادەیی (قۆناغی

گەنجی) دەردەچێت و دەگاتــە پلەیــەکی چــاکی خوێنــدەواری هەســت بەسەردەمی کــۆنی خــۆی دەکــات کــە لــە ژیــانی ڕۆژانەیــدا هــەموو شتێکی، هەموو کردەوەو قسەو گفتوگۆیــەکی هەڵــە بــووە ئــەو کاتــە تەوبە دەکرێت، تەوبەکردنیش لە ژیــانی مرۆڤــدا (گۆڕانــە) بەهــەموو مانای وشە گۆڕانە لە زەمــەن هــەروەها لــە کەســایەتی هــەروەها لــە کاروکردەوەیەك بە نیاز پاکی..

گۆڕان لە زەمەن: هەندێ خوشك و برایــانی موســڵمان ڕۆژگــارێکی دوورو درێژ، تەمەنێکی زۆریــان بەســەر بــردووە کەچــی لــەو هــەموو تەمەنە دوورو درێژە فەرمایشتەکانی ئاینییان زۆر بە ساکاری جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە نوێژەکانیان لەکاتی خــۆی نــەکردووە بــەمانای دوای بانگدان لەماڵەوە چوونە دەرەوە، یا لە گازینۆ هەڵساون بە لەشی گران ڕوویان لەمزگەوت کردووە، یا ئەوەتا لەو تەمەنە دوورو درێژە زەکــاتی لە ماڵی خۆی دەرنەکردووە، یا هــەبوون بــوودو یارمــەتی کەســوکاری خۆی و دراوسێیەکانی خۆی نەداوە... هەر لــەو تەمەنــەش نــەیزانیوە بەرۆژووبوون ئەحکامی خۆی هەیەو لەو مانگە پیرۆزە پێویستە خوشك و برایانی موسڵمان ئاگاداری بیستنی خۆیان بن کە گوێ لــە گۆرانییــە سووکەکان نەگرن، ئاگایان لە چاوەکانی خۆیان بێت کە ســەیری شــتە نەهیکراوەکان نەکەن، ئاگاداری زاری خۆیان بن درۆ نەکەن، پاشملە بــە

سووکی باسی خەڵکی دی موسڵمان نەکەن، سووکایەتی بەزانایانی ئاین نەکەن.

هەروەها لەماوەی سەردەمی پێش تەوبەکردن، ماوەیەکی دوورو درێژ لە تەمەنی مرۆڤ بەسەر دەچێت لەو تەمەنە سەیر دەکەیت برایانی موسڵمان هەیە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ چەند کەسانێك هەیەو ئەوانیش ئایینەکەیان بە لاوازی گرتووەو ماوەیەکی ئێجگار زۆر لە ژیانی خۆی بە رابواردن و گەشتکردنو شتی پڕو پووچ بەسەر بردووە.

گۆڕانی کەسایەتی: هەر مرۆڤێکی موسڵمان چ لە تەمەنێکی زوو یا درەنگ کە تەوبە دەکات، پێویستە هەموو ژیانی بگۆڕێت. وەکو ئەوەی کە دەڵێت ئای من لەکاتی خۆیدا وا بووم یا نەزان بووم. یەکەمین جار تەوبەکار پێویستە هاوڕێیەکانی خۆی بگۆڕێت بەمانای لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیە کۆنەکان گەشتی دەرەوەی شار رێکبخەن و لەنێو گەشتیاران هاتوچۆ بکەن سەیری ئەم و ئەو بکەن لەگەڵ هاوڕێیە نوێیەکان هاتوچۆیەکی رێکو پێکی مزگەوت دەکات و پێش نوێژکردن دەست بە قورئان خوێندن دەکات. بە گۆڕینی هاوڕێ و جێ و شوێن مرۆڤی موسڵمان کەسێتییەك پەیدا دەکات کە لەنێو خەڵکی دی رێزی لێبگیرێت و خەڵکی دی لە هەڵسوکەوتی پەند وەربگرن.

ئیدی هەر کە مرۆڤی موسڵمان تەوبەی ڕاستی کردو هاوڕێیەتی کەسانی چاکی کرد خۆی لەخۆیدا هەست بە خۆی دەکات ڕۆژ بەڕۆژ پتر لە جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی دیکەی ئایین نزیک دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو کاتەی هەندێ جار کە سەردەمی کۆنی خۆی بەبیر دێتەوەو لە کارو کردەوەکانی پێشوو پەشیمان دەبێتەوە ئیدی دەگاتە ئەو رادیەی ئەو شوێنانەی هاوڕێیەکانی پێشووی لێبوو ڕوویان تێناکاتەوە.

کاروکردەوە بەنیاز پاکی:

مەبەست لە کاروکردەوە بە نیازپاکی ئەوەیە کە خوشك و برایانی موسڵمان دوای تەوبەکردن هەموو دەمێك هەست بکات کەخوای گەورە چاودێریەتی، بەمانای هەموو فەرمایشتەکانی ئایین بەدڵ و دەروونێکی ساف و بەنیازی پاك جێبەجێ بکات... بەداخەوە کە کۆمەڵی موسڵمانمان بەڕێژەیەکی زۆر گەورە نەخوێندەوارن، بەڕاستیش گەڕانەوەی کەسێك بۆ ئایین دوای تەمەنێکی ٥٠ یا ٦٠ ساڵی پێویستی بە خوێندەوارییەکی زۆر چاك هەیە، مەبەستم ئەوە نییە کە تەنیا خوێندەوار بێت یاخاوەن بڕوانامە بێت... مەبەست ئەوەیە کە خوێندەوارییەکی زۆر چاکی لە قورئانی پیرۆز هەبێ، ووردبین بێت و

لەماناکان قوول بێتەوە.. هەڵبەتە چەندیش لـە قورئـان قـوول بێتـەوە هێندە لە خوای گـەورە دەترسـێیت، هـەر چـەند لـە خـوای گـەورەش بترسێیت، هێندە دڵ و دەروونت ساف دەبێت و پاك دەبێتەوە.

تەوبەکار لەلای خوای گەورە خۆشەویستە:

﴿.......إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢

واتە: بەڕاستی خـوا تەوبـەکارانی خـۆش دەوێـت و پاکـانی خـۆش دەوێت.

تەوبە لەسەر هەموو ئیماندارێك پێویستە:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾ التحريم:٨.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، بـە گەڕانەوەیەکی ئێجگاری.

تەوبە یەکێك لەهۆیەکانی رزگاربوونە:

﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾النور: ٣١.

واتــە: هــەمووتان توبــە بکــەن و بگەڕێنــەوە بــۆ لای خــوا، ئــەی ئیماندارەکان، تا رزگارو سەرکەوتوو بن.

رزگاربوون ئەوەیە کە مـرۆڤ ئـەوەی دەویـەوێ و دڵـی بـۆ دەچـێت بەچنگی بکەوێت و هەروەها لەوەی لێی دەترسێ قوتار ببێت.

تەوبەکردنی ئێجگاری خوای گەوردو میهرەبان لەهەموو گوناهێکت هەرچەند گەورە بێت یا زۆر بێت لێت دەبوورێت و گوناهەکانت لەسـەر لادەدا.

﴿ قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر:٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ)بڵێ: ئـەی بەنـدەکانم ئـەی ئەوانـەی کـە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبـانی و بـەزەیی خوا، چونکە بێگومان خوا لـە هـەموو گوناهـەکانتان خـۆش دەبێـت، بەڕاستی هەر ئەو لێبووردەی بە بەزەییە.

ئـەی خوشـك و برایـانی تاوانبـار، ئەگـەر تاوانێکتـان کردبـێ چ گەورەبێ یا بچووك، زۆر بێ یا کـەم لـە بـەزەیی و بەخـشینی خـوای میهرەبان بێ ئومێد مەبن چونکە دەرگای تەوبـەکردن تـاکو خـۆر لـە رۆژئاوایەکانی خۆی هەڵدێت ئەم دەرگایە هەر والایە..

خوشك و برایانی موسڵمان سەیری ئەم زەمـەنـە بکـە کـە دەرگـای تویەکردن تێیدا والایە، سەیرکە، باسـی خۆرهـەڵاتن دەکـاو هـەروەها باسی خۆرئاوا دەکـا، بـەواتای هـەر کاتێـك بتـەوێت تەوبـە بکـەیت تەوبەکەت لێوەردەگیرێت و قبووڵ دەکرێت.

پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: خـوای گـەورەو میهرەبـان بـە شـەو دەرگـای خـۆی والا کـردووە تـاکو بـەدکارانی رۆژێ تەوبـە بکـەن و، بەرۆژیش تاکو خۆر لە رۆژئاوا هەڵدێ بۆ ئەوەی شەوێ تەوبە بکەن.

کەواتە هەموو دەمێك، هەموو سات و وەختێـك، شـەوبێ یـا رۆژ بێ، دەرگای خوای پەخشندەو بەزییدارترینی بەزەییـداران والایـە، بـۆ تەویەکاران هەموو دەمێك والایە، ئەی خودایە هەر تۆ تاك و تـەنیای، هەر تۆ زاناو شـارەزای هـەر تـۆ خولقێنـەری سـەرجەم گەردیلـەکانی گەردوونیت، تۆ لەهەموو شت ئاگاداری، لەمردوو لەزیندوو. زیندووان دەمرێنیت و مرددوان زیندوو دەکەیتەوە. هەر تۆ چاودێری ناخی دڵـی هـەموو زینـدەوەرێکی، تـۆ بلێـی تـاکو ئێـستا چـەند تەوبـەکارت

بەخشیوەو چەندین ستەمکاری تەوبەکاریشت بە بـۆنی بەهەشـت شـاد کردووە.

خوای گەورە فەرمووی:

﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَـٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَـٰلِحًا فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَـٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الفرقان:٦٨-٧٠:

واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خودا ناپەرستن، هـیچ پەرسـتراوێکی دی، و ناکوژن، هیچ کەسێ کە خوا کوشتنی ئـەوی یاسـاغ -حـەرام- کردووە، بەهەق و ڕەوا نەبێ، وە زیناو داوێـن پیـسی ناکـەن، وە هـەر کەس ئەو تاوانە بکات کە -باسکراون-، تووشی تۆڵەکەی دێت، سزای بۆ چەند بارە دەکرێتەوە، لەرۆژی قیامەتداو، بـێ بڕانـەوە بـەبێ ڕێـزو ڕسوایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، بێجگە لە کەسێ تەوبـەی کردبـێ و باوەڕی هێنابێ کارو کـردەوەی چاکیـشی کردبێـت، ئـا ئەوانـە، خـوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە، وە خوا هەمیشە لێبووردەی بە بەزەییە.

تەوبەی ئێجگاریش پێنج مەرجی تێیدا کۆبووەتەوە:

یەکەمین: دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بەمەبەستی لە بەخشینی خۆی بێبەشی نەکاتو هەمیشە لە سزایەکەشی رزگار بێت.

دووەمین: پەشیمانبوونەوە لە یاخیبوونەکەی خۆی بەشێوەیەك لەکاروکردەوە بەدەکانی خۆی غەمگین بێت و ئومێدی ئەوە بکا کە نەیکردایە.

سێیەمین: یەکسەر واز لە یاخیبوونەکەی خۆی بێنێ... لەهەموو حاڵەتێکیشدا تەوبەکردن گۆڕانە لە خودی مرۆڤ بەرادەی ١٨٠ پلە.

چوارەمین: بڕیاری تەواو بداو توانای ئەوەشی هەبێ کە لە پاشەڕۆژ دووبارە نەگەڕێتەوە سەر رەوشتە خراپەکانی پێشوی.

پێنجەمین: هەڵبەتە تەوبەکردن ناکرێ لە ساتو وەختێك بێ کە ماوەی تەوبە نەما بێ وەکو سەرەمەرگ یا ئەو کاتەی خۆر لە رۆژئاوا هەڵدێ.

خوای گەورە فەرمووی:

﴿ وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ ﴾ النساء: ١٨

واتە: پەشیمانی (وەرگرتن) نییە، بۆ ئەوانـەی توانـای زۆر دەکـەن، هەتا کاتی سەرەمەرگی یەکێکیان دێ، دەڵێت: بەڕاسـتی مـن ئێـستا تەوبەم کرد، وە بۆ ئەوانەش نییە، کە دەمرن بـەبێ بڕوایـی، ئەوانـەی (باس کران) ئامادەمان کردووە بۆیان، سزایەکی ئازاردەر.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

﴿ئەوەی بەر لەوەی خۆر لە ڕۆژئاوا هەڵبێ تەوبـەی کـردووە خـوای گەورە تەوبەکەی لێوەرگرتووە-قبووڵی کردووە﴾ موسلیم گێڕاویەتەوە.

ئەی خوای بەخشندەو میهرەبان، ئەی بەزەییترینی بەزەییداران، لـە تەوبـەی راسـت و دروسـت و ئێجگـاری سـەرکەوتوو و سـەرفرازاو بەختەوەرمان بکەیت لـە بـەمیهرەبانی خـۆت نائومێـدو بـێ بـەشمان نەکەیت، ئەی خوایە، بەگەورەیی و شکۆمەندی خۆت کە هیچ خوایەك لە تۆ گەورەترو شکۆدارتر نییە نەکەست لێ دەبێ و نەکەست لێ بووە، ئەی خودایە هەر تۆ تاك و تـەنیایت، بـەزەبوونیو کەساسـی خۆمـان، بەندەیەکی بێ تواناو دەسەڵات، داواکارم تەوبەی ئێجگارەکیمـان لـێ وەرگریت هەر تۆ هەموو شتێك دەبیستیت و شارەزاو زانایت.

نووسینی: محمد الصالح العثیمین

تەوبە دەرگای والایە

پرسیار: شەیتانی نەگریس هەڵیخەڵەتاندم و تاوانی زینام کردو منیش بەخۆم دەزانم کە ئەوە تاوانێکی گەورەو ناشرینی پڕ لە شووردیی بووەو دەمەوێت بۆ خوای گەورەو خاوەن بەزەیی تەوبە بکەم، ئایا خوای گەورە ئەم تەوبەیەم لێوەردەگرێت، ئەوەی راستیش بێت من ئەو کاتە دەمگوت: ئیشەکەی دەکەم ئینجا تەوبەی دەکەم، ئایا لەم حاڵەتە ئەم تەوبەیە بۆ من دەشێ؟

وەڵام: تەوبەکردن هەر لەو کاتەی خۆر لە رۆژئاوایەکانی خۆیەوە هەڵدێ دەرگای تەوبە کراوەتەوە هەر کەسێك تەوبەی ئێجگاری بکات هاوبەشکار بۆ خوای تاك و تەنیا پەیدا نەکات خوای گەورە بە تەوبەکردنەکەی قایل دەبێت.

تەوبەی ئێجگاری بریتییە لە:

وازهێنان لە کاروکردەوە گوناهەکان: پەشیمانی لەسەر ئەوانەی پێشتر کردووتە، بڕیاردانی راستو دروست کە جارێکی دی نەگەڕێیتەوە حاڵەتی پێشتر، ئەمەش بەوەی لەخوای گەورە بترسێیتو هەموو دەمێك لێی بپارێیتەوەو کڕنۆشی بۆ بەریت تاکو لە گوناهەکانی پێشووت خۆش بێت.

هەروەکو خوای گەورە میراتگرو وارسی هەموو شتێکە فەرمووی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا ﴾التحـريم:
٨.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، بـە کەڕانەوەیەکی ئێجگاری.

خوای بەسۆزو بە بەزەیی فەرمووی:

﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾النور: ٣١.

واتـە: هـەمووتان توبـە بکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، ئـەی ئیماندارەکان، تا رزگارو سەرکەوتوو بن.

دیسان خوای خاوەن موڵك و دەسەڵات فەرمووی:

﴿ ۞ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣ ﴾ الزمر:٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەی بەنـدەکانم ئـەی ئەوانـەی کـە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبـانی و بـەزەیی

خوا، چونکە بێگومان خوا لـە هـەموو گوناهـەکانتان خـۆش دەبێـت، بەڕاستی هەر ئەو لێبوردەی بە بەزەییە.

زانایان ڕێککەوتوون کە ئەم ئایەتە دەربارەی تەوبەکاران دابەزیوە.

لەسەر ئەم سێ مەرجانەی باسمان کرد بۆ ڕاسـتی و دروسـتی تەوبـەی ئێجگاری مەرجی چوارەم زێدە دەبێتەوە ئەمەش ئەگـەر هـاتوو مـافی خەڵکی دیکەی لەسەر بێ. ئەویش ئەوەیە:

مافیان لە ماڵ و شتی دی بۆ بگەڕێنێتەوە یا لە ماڵ و شتی دیکە گەردنی خۆی پێیان ئازاد بکا(بۆیان حەڵاڵ بکا).

لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): ﴿ئەوەی ستەمێکی لە برایەك یـا کەسێکی دی کردبێت، با بەر لەوەی بگاتە سەردەمەرگ ماڵ یا شتێکی دی بۆ حەڵاڵ بکات و گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات ئەگەرنا، هێنـدەی ستەمەکەی کردووە چاکەکانی لێوەردەگیرێت، ئینجا ئەگـەر کـردەوەی چاکیشی نەبوو، هێندەی ستەمەکە کردەوەی خراپ لە سـەر کەسـەکە هەڵدەگیرێت و دەخرێتە ئەستۆی ئەو﴾.(اخرجه البخاري في صحيحه)

پێویستە لەسەر موسڵمان خۆی لە کردەوەی خـراپ دوور بکاتـەوە، لەو هەڵـسوکەوت و خوڕەوشـتانەی خـوا پێـی ناخۆشـە خـۆی تـاقی نەکاتەوەو لەو دۆستو هاوڕێیانـەش خـۆی بپارێزێـت و خـودی خـۆی بەزانستی ئایین ڕۆشنبیر بکات تاکو لەهەندێ هەڵوێـست و دانیـشتنی

بی ناکامی کازینۆیەکان پارێزی لە فەرموودەو فەرمایشتەکان بکـاتو دەمی خۆی وەکـو تەڵـەی تـەقیو بەرانبـەر هێرشـی نـەزانو نـەفامان دانەخاتو بەدیالۆکی هێمن ئامۆژگارییان بکـاتو بیـان گەڕێنێتـەوە سـەر رێگـای راسـت. چـونکە هـەر هـەڵزەڵینێك لـە فـەرموودەو فەرمایشتەکان گەڕانەوەی بۆ نییە لەوانەشە لە تەوبەکردن سەرکەوتوو نەبێت بۆیە لە هەموو ئەوەی خوای گەورە حەڕامی کـردووە پێویـستە زۆر بەوردی لێی دوور بکەوینەوەو شەوو رۆژ لەخوای مەزن بپارێینـەوە کە لەم کردەوە حەڕامانـە بمانپارێزێـت و لـەنیازو بڕیارەکـانی خۆمـان سڵمان نەکاتەوەو بـەرەو هەڵـدێری یاخیبوونمـان نـەبات و بێگومـان هەندێ جار شەیتان دەوروبەری کاری خراپمان بۆ دەڕازێنێتەوە گوایە کە دواتر تەوبەی دەکەین، لەوانەش بەنـدە لـەم سـاتو وەختانـە دەگاتـە ئەوەی ماوەی تەوبەکردنی نەمێنێت و تووشـی پەشـیمانییەکی گـەورە ببێتەوە کاتێ کە پەشیمانی دادی نادا.

خوای مەزن و خاوەن دەسەڵات کە لەهەموو سـیفەتێکدا خـۆی بـە گەورە دەزانێت، دەفەرمویَ:

﴿ وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴾ البقرە:٤٠.

واتە: هەر لەمن بترسێن.

هەمدیسان خوای مەزن کە کۆڵەگەی ڕاستو دروستی هێمنیو ئاسوودەییە، فەرمووی:

﴿ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥ ﴾ آل عمران :٢٨

واتە: خوا دەتانترسێنێت لە سزای خۆی.

خوای گەورە کە هەم بیسەرو هەمیش بینەر، فەرمووی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ٦ ﴾ فاطر: ٥-٦

واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان بەڵێنی خوا ڕاستە، دەی کەواتە با ژیانی دنیا فریوتان نەدات، وە با شەیتان بە (بەزەیی و لێبووردەیی) خوا فریوتان نەدات، بەراستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە؛ دەی کەواتە ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی دابنێن، بێگومان ئەو(شەیتان) تاقمو کۆمەڵەی بانگ دەکات، بۆ ئەوەی ببنە هاوەڵانی ئاگری هەڵگیرساوی (دۆزەخ).

ئیدی دەربارەی مانای تەوبەکردن زۆر ئایەت و فەرموودە هەیە.

(الشیخ ابن باز)

چۆنیەتی ڕزگاربوون لە سەرپێچی و گوناهەکان

پرسـیار: مـن قوتـابیم لـە قۆنـاغی ئامـادەیی، پێـشتر خـاوەن هەڵسوکەوتێکی چاك بووم و بە زۆر ڕەوشتی جوانی ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمەڵاتییەوە پابەند بووم، وەکو ئەوەی بە پێی توانا یارمەتی خـەڵکی کەمدەرامـەتم دەداو لـە درۆ و زمانپیـسی دوور بـووم‌و لـە بۆنـە ئاینیەکان ئامادە دەبووم‌و چەند هاوڕێی خواناس‌و ڕاستگۆم هەبوو و زۆر حەزیشم لە خوێندنەوەی زانستە ئاینیەکان دەکرد کەچی لەپڕ ئەم دنیایەم لێ گۆڕاو کەوتمە دنیایەکی دی، چەند دۆست و هاوڕێی خـراپم بۆ پەیدابوون‌و، دەستم بەکاری هێنانەوەی مـەنی بەدەسـتی و زینـا و نێربازی کردو، هەمیشە کچانی خاوەن ڕەوشتی جـوانی خـەڵکیم فریـو دەداو یاریم بـە لەشـیان دەکـرد و سـەیری شـوێنە جوانـەکانی کـچ و ئافرەتانی دراوسێی خۆمانم دەکردو، لەبـەر چـاوان خـۆم بـە کـوڕێکی ئیماندار و قورئان خوێن نیشان دەداو، لـە قوتابخانـە بـەدرۆ هاوکـاری کاروباری کۆمەڵە ئیسلامییەکانم دەکرد و هاتوچۆی مزگـەوتم دەکـردو لە ژێرەوەش ئەوەی کاری هەرە خراپ بوو و خوای گەورە پێی نـاخۆش بوو لێی نەدەپەنگیمـەوە زۆر کـەڕەت ویـستم واز لـەم خراپەکارییانـە بهێنم کەچی چەندەی هەوڵمدا دا نەمتوانی.. بەڕێز، دەرمـانێکم دەوێ

ئەم دەردەم تیمار بکاو لەخواو پێغەمبەر (ﷺ) نزیکم بکاتەوە ئۆقرەم نەماوە حەز دەکەم هەرچەندە زووە زووتر بەڕێزتان چارەیەکم بۆ بکەن.

وەڵام: لەخوای گەورە بپاڕێوەو بەناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی داوای لێبکە کە تەوبەی ئێجگاریت لێوەرگرێت و پێی قایل بێت و دڵ و دەروونت بۆ شتە چاکەکان واڵا بکاتەوەو بەرانبەر فەرموودەو فەرمایشتە ئایینیەکان ویژدانت بورووژێنێتەوەو هاوڕێی دڵسۆزو ئیمانداردارت بۆ بدۆزێتەوەو هەمیشە لەبرادەرانی خراپ بتپارێزێت. لەگەڵ ئەمانەش ئامۆژگاری تەوبەی ئیجگاریت دەکەم کە سێ مەسەلەی گرنگ دەگرێتەوە:

١ پەشیمانبوونەوە لە سەرجەم کاروکردەوە نادروستەکانی پێشوو.
٢ ترسی بێ شومار لە خواو گەورەییەکەی.
٣ خۆپاککردنەوەو بڕیاردان کە جارێکی دی نەگەڕێیتەوە سەر کردەوی خراپ ئەمەش بەدڵسۆزبوون دەکرێت کە بەرانبەر بەخشینەکانی خوای گەورە هەموو دەم خۆت بە بەندەیەکی بێ هێزو بێ دەسەڵات نیشان بدەیت.

کەی ئەمانەت بەگشتی جێبەجێ کرد مزگێنیت دەدەمێ کە خوای داناو لێزان لە هەموو گوناهەکانت خۆشدەبێ و لەو دنیاش ئاکامی خواناسینەکەت باش دەبێت.

ئـەی خـوای گـەورە، بـە بـەزەیی‌و میهرەبـانی خـۆت، چـاو لـە گوناهەکانمان بپۆشـە تەوبـەی ئێجگاریـان لێـوەرگرە، دڵ و دەروونمـان لەگوناهەکان خاوێن بکەوە تاکو جێی گەورەیی تـۆی تێـدا ببێتـەوەو ئەی خودایە بەرانبەر داهێنەکانت ئێمەی بەندەی نەزان‌و نەفام سـوژدە بەرین کرنۆش بەرین ئـەی لـە هـەموو بـەرزان بـەرزتر، لـە هـەموو پایەداران پایەدارتر، ئەی بەرزو بەرێزو دسەلاتدار.

-الشيخ ابن باز-

وریابە یاوەری خراپەکاران مەکە

پرسیار: من گەنجێکم تەمەنم نۆزدە ساڵەو ئەوەی کاری خراپە کردوومە، لەهەموو ڕەوشتی جوانی گەنجانی موسڵمان دوورکەوتوومەتەوە، بەڕادەیەك نوێژ لەمزگەوت ناکەم و، بەدرێژایی تەمەنم لەمانگی ڕەمەزان تەواوی ڕۆژووەکانم نەگرتووەو، هەر لەو مانگانەش خۆم لەکارە خراپەکان نەپاراستووە، زۆر قسەو کردەوەی ناشرین و ناپەسەندم کردووە، زۆر جاریش لەگەڵ خودی خۆم پەیمانم داوە کە تەوبە بکەم، کەچی دڵ و دەروونی پیسم بەرگەی پەیمانەکەی نەگرتووەو سەرلەنوێ بۆ کردەوەی نابەجێ گەڕاومەتەوە، من لە گەڕەکەکەی خۆمان سەرتاپای هاوڕێیەکانم خراپن ئەوەی فەرمودەی خوای گەورەیەو ڕەوشتی جوانی گەنجی موسڵمانە ئەوانە لێی دوورن و هەمیشە برایەکانی دیکەشم هاوڕێیەکانیان خراپن. دێنە ماڵی ئێمەو لەگەڵ برایەکانم دەست بەقسەی نابەجێ و ناشیرین دەکەن ئەوانیش گەنجی خراپن کاری چاك ناکەن، خوای گەورە هەر بەخۆی دەزانی کە من چەند ئیشی خراپم کردووەو کردەوەی ناشیرینم کردووەو لە هەموویان پەشیمانم بەڵام چی بکەم هەر چەند بەڵێن دەدەم کە تەوبە بکەم سەرلەنوێ جارێکی دی خۆم لەنێو گۆمی بەدکاری دەبینمەوە،

تکایە ڕێگایەکم بۆ دەستنیشان بکەن ڕێگایەکی ڕاست تاکو لەخوای گەورەو مەزن نزیکم بکاتەوە ئەو خوایەی کە زانای شتی بەرچاوو نەبینراوەکانە، خاوەن شکۆیەکی بێ ئەندازەیە، ڕێگایەك فریام بکەوێ تاکو لەم کردەوە ناشیرینو ناپەسەندانە دوورم بخاتەوە.

وەلاّم: خوای پارێزەری گشت دروستکراوو داهێنەرەکان دەفەرمووێت:

﴿ ۞ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣ ﴾ الزمر:٥٣.

واتە: ئەی موحەمەد (ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لەمیهرەبانی و بەزەیی خوا، چونکە بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت، بەڕاستی هەر ئەوە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

زانایەکان بەگشتی لەسەر ئەمە ڕێککەوتوون کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی تەوبەکاران دابەزیوە.

ئەوەی لەگوناهەکانی خۆی تەوبە بکات تەوبـەکردنێکی ئێجگـاری خوای مەزن بەگوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە لە سەرجەم گوناهەکانی خۆش دەبێت.

هەمیشە خوای چاودێری پارێزەر دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾التحريم: ٨.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، بـە گەڕانەوەیەکی ئێجگاری. تا پـەروەردگارتان لـە گوناهـەکانتان خـۆش ببێ، وە بتانخاتە ناو باخاتێکەوە، کە بەژێریانـدا جۆگـەو ئـاوێکی زۆر دەڕوا.

خوای گەورەو میهرەبان لەم ئایەتە پیرۆزە بەندەی خـۆی هۆشـیاری کردووەتەوە لەکردەوەی خراپ و ناپەسەندەکانو چوونە نێـو بەهەشـتی بە تەوبەی ئێجگاری بەستووەتەوە، بێگومان ئەمەش ئەوە دەگرێتـەوە کە مرۆڤ بەتەواوی‌و ئێجگاری تەوبە بکات، نـاو بڕەیـەك بێـت ژیـانی مرۆڤ لێکبترازێنێت سەردەمی جەهالەت و بەدکاری بـۆ سـەردەمێکی دیکەی نوێ، سەردەمێك تێیدا خودی خۆی ڕۆشنبیر بکـات و لـەخوای

گەورە نزیك ببێتەوە کە هەموو نزیکبوونەوەیەك پلەیەکی سەرکەوتنە لە ترسی بێ شومار لەخوای گەورە. هەمیشە گەنجی موسڵمان دوای تەوبە پێویستە لە کاروکردەوەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی پتر هۆشیار بێ لەو سەردەمانەی تێیدا جاهیل و نەفام بووەو کردەوەی ناشیرین و بەدڕەوشتی کردووە دەبێ لێی پەشیمان ببێتەوە پەشیمانبوونەوەیەك لە ئاستیدا هەست بەشەرمەزاری بکاتەوە، دەبێ واز لەو شوێنانە بێنێت کە پێشتر بە چەند سەعات تێیدا بەبێ سوود دەمایەوە، هەمیشە ئەو هاوڕێیانەی کە پێشتر هاوڕێ ی بوون ئەگەر بتوانێت کاریان تێبکاتو بە دیالۆك و بەڵگەی پەسەند بیانهێنێتە سەر رێگای راست و ئەگەر نا دەبێ وازیان لێبێنێت و ئەو شوێنانەی ئەو هاوڕێیانە لێی دادەنیشن پێویستە ئەو سەر بەو شوێنانە دانەگرێ.

شاراوەش نییە کە هەموو گۆڕانێك لە ژیانی مرۆڤ نیازهێنانێکی تەواو و بڕیاری بەجێی دەوێ، ئینجا ئەگەر ئەم نیازە تەواوەو بڕیارە بەجێیە بۆ پەرستنی خوای مەزن بێت بێگومان خوای گەورەش کە لەهەموو شتێك ئاگادارەو هیچ شتێکی لێ وون نابێت یارمەتیت دەدات و ورەت بەرز دەکاتەوە تاکو بەنیازو بڕیارەکەی خۆت پابەند بیت، خوای گەورەش هەر بەخۆی بەتەنیا، لەهەر شتێکی ئەنجامی دەدەین چ بچووك بێ یا گەورە، تەنیا بەخۆی چاودێرو شاهێدە.

هەروەها تەوبەی ئێجگاری مەرجی دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەسەردەمی پێشتر بەمانای پێش تەوبە ستەمێکت لە کەسێك کردبێت، پێویستە دوای تەوبە ئەو ستەمە لەسەر خۆت هەڵگریت، ئەگەر ستەمەکە خوێن یا ماڵ و سامان یا ناموس بوو دەبێ ستەملێکراو بەشتی بەرانبەر قایل بکرێ و شتە بەرانبەرەکەی بۆ حەڵاڵ بکرێ ئێنجا ئەگەر ستەمەکە لەناموس بوو ئەوەی بەرانبەر داوای زۆر شتی کردوو، نەکرا شتی بۆ حەڵاڵ بکرێ، لەو کاتە چاکەو خێراتی مرۆڤ، خراپەکان دەسڕێتەوە.

خوای دلۆڤان دەفەرموویێت:

﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۝٣١ ﴾ النور: ٣١.

واتە: هەمووتان توبە بکەنو بگەڕێنەوەبۆ لای خوا، ئەی ئیماندارەکان، تا رزگارو سەرکەوتووبن.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزە رزگاربوونو قوتاربوونی گەنجی موسڵمانی لەم دنیایە شوومە بەتەوبەکردن دەرگای بەهەشتی بۆ والاکردووەتەوەو تەوبەکاری بە مرۆڤی رووخۆش و بەختەوەر نیشان داوەو ئەوەی تەوبەی ئێجگاریش بکات بڕوای بەخوای تاك و تەنیاو

پێغەمبەر(ﷺ) هەبێ و بەراست و دروستی بیانناسێ و بیانپارێزێ بۆ بەرزی ئاڵای ئیسلام هەوڵبدات گومانی تێدا نییە خوای گەورەش هەموو خراپەكانی بەچاكە دەگۆڕێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەش خوای بەخشندەو میهرەبان ئەو بەندەی خۆی خۆش دەوێت كە لە گوناه و تاوانەكانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە... خوای گەورەو مەزن زۆر میهرەبان و بەسۆزو خۆشەویستە.

هەروەكو خوای مەزن و شكۆدار لە سوورەتی -الفرقان-دەربارەی هاوبەشی بۆخواو كوشتنی بەناڕەواو زیناكردن دەفەرموویێت:

﴿ ......وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الفرقان: ٦٨-٧٠.

واتە: وە هەركەس ئەو تاوانانە بكات (كە باسكران)، تووشی تۆڵەكەی دێت، سزای بۆ چەند بارە دەكرێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتداو، بێ برانەوە بەبێ ڕێزو ریسوایی لە دۆزەخدا دەمینێتەوە، بێجگە لە كەسێ تەوبەی كردبێ و باوەڕی هێنابێ، كاروكردەوەی چاكیشی كردبێت، ئا

ئەوانە، خوا خراپەو تاوانەکانیان بەچاکە دەگۆڕێت، وە خـوا هەمیـشە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

لە هۆیەکانی تەوبە: پاڕانەوەو نووزانەوە، سوژدەبردن، کڕنۆش بردن بەرانبەر سیمای خوای گـەورەو داوای لێبکـەیت ڕێگـای تەوبـەت بـۆ خۆش بکات بتوانیت بە تەوبەکە بەهەشت مسۆگەر بکەیت و لە خوای گەورەو میهرەبانیش بپاڕێیتەوەو داوای لێبکەیت کـە ئـەم تەوبەیـەت تەوبـەی ئێجگـاری بێـت، تەوبەیـەك بێـت ئاسـۆی دنیایـەکی نوێـت بکرێتەوە، درۆو ساختە نەکەیتو رۆشنبیری ئاینی خۆت پتر بکەیتو لە هاوڕێی خراپ دووربکەویتەوەو سەردانی خزم و هاوڕێیە چـاکەکانی خۆت بکەیتو نەخۆشان بەسەربکەیتەوە، ئەگەر ماڵ و سامانت هەبوو یارمەتی هەتیوو هەژارو برسییان بدەیت و لەبازرگانیدا دەستپاك بیتو ئازاری دراوسێت نەدەیت و ئەوەی خوو رەوشتی جوانە پەیڕەو بکـەیت و هەوڵ بەدەیت هاوڕێیـانی چەواشـەکراو بگەڕێنیتـەوە سـەر ڕێگـای ڕاست بەڵکو خوای گەورە تەوبەکەت لێ وەربگرێ و لـە گوناهـەکانت خۆش بێت.

هەمیشە خوای مەزن کە زیندووەو بەردەوامەو هەتا هەتایی ماوەو نەمرە دەفەرمووێت:

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾غافر: ٦٠

واتە: لێم بپاڕێنەوە، وەڵامتان دەدەمەوە.

دیسان خوای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت:

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ١٨٦ ﴾البقرە: ١٨٦

واتە: هەر دەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من، ئەوە بێگومان من لێیانەوە نزیکم، وەڵامی نزای نزاکاران دەدەمەوە، هەر کاتێك هاوارو نزام لێ بکەن.

هەروەها یەکێ لە بنچینە گرنگەکانی تەوبەش ئەوەی کە واز لە هاوڕێیە خراپەکانی خۆت بهێنێت و هاوڕێیەتی مرۆڤە چاکەکان بکەیت و لە گەڵیان هاتوچۆی مزگەوت بکەیت و بە کۆمەڵ نوێژ بکەیت.

ئەمەش لە نێرراوی خوا(ﷺ)بەڕاست زانراوە کە فەرموویەتی:

﴿مرۆڤ لەسەر خووڕەوشتی هاوڕێیەتی، با کەسێك سەیر بکات کێ هاوڕێیەتیت دەکات﴾.

هەمیشە درودو سەلامی خوای لەسەر بێت فەرمووی:

﴿هەڵسان و دانیشتن و هاوڕێیەتی كەسی خراپ وەكو فووكەری كوورەیە، یا ئەوەتا جلوبەرگت دەسووتێنی و یا ئەوەتا بۆنێكی گەنیت لێ بە چنگ دەكەوێت.

الشیخ ابن باز

حوکمی گاڵتەکردن بە قسە وەکو کوفر یا جوێندانی ناشیرین

پرسیار: گاڵتەکردن بەقسەی کوفر یا جوێندانی ناشیرینی لە هەندێ کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا هەیە، خۆزگە بەڕێزتان تیشکێکتان دەختە سەر ئەم خوورەوشتە ناشیرینە کە لەلایەن هەندێ خەڵکی موسڵمانیش وەکو شتێکی باوی لێهاتووەو گەنجی موسڵمانیش هەیە رۆژانە بەدەیان جار ئەم شێوە گاڵتەکردن بە قسەو کوفرو جوێندانی ناشیرینی لەدەم دەردێ.

ئومێدەوارم هەڵوێستی داواکارانی زانستی ئایینیمان بۆ روون بکەنەوە کە لەمبارەیەوە چی دەفەرموون؟

وەڵام: بێگومان گاڵتەو سووکایەتی بەیەکدی کردن بەدرۆو جۆرەکانی دیکەی کوفر لەرەوشتە هەرە مەزنەکانی مرۆڤە خراپەکارەکانە، لە نێو کۆمەڵ و لە دانیشتنەکانیشدا ئەم جۆرە خوورەوشت و هەڵس و کەوتە مرۆڤ سووک دەکات و خەڵکی دی بەچاوی کەم سەیری دەکەن و رەفتاری لەگەڵ دەکەن و دەگاتە ئەو رادەیەی ئەوانەی بەم شێوەیە زاریان پیسە لەکۆمەڵ دادەبڕێن.

پێویستیشە هۆشیاربین و خۆمان لەم جۆرە کەسانە بپارێزین. خـوای گەورە ئێمەی لەمە هۆشیار کردووەتەوە بەفەرمودەی:

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ (٦٥) لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَائِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ (٦٦) ﴾التوبـه:٦٥-٦٦

واتە: سوێند بێ ئەگەر پرسیاریان لـێ بکـەیت، بەراسـتی دەڵـێن، دڵنیابن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین، تۆش بڵێ، ئایا بـەخواو بەڵگەکانی و، پێغەمبەرەکەی، ئێوە گاڵتەو لاقرتێتان دەکرد، بەهانـە مەهێنەوە، بەراستی ئێوە بێ بڕوا بوونەوە، پاش بڕوا هێنانتان.

زۆر کەس لە پێشوویان بەزەیی خوایان لەسەر بێ گوتیان:

ئەمە دەربارەی میللەتێك دابەزیوە لەنێوان خۆیان لەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەیانگوت:

هیچ کۆمەڵێکمان وەکو ئەم کۆمەڵەی خۆمان نەبینیوە کـە هێنـدە حەزی لە سك پڕکردن بێ و هێندە درۆزن و زمان پیس بێ و هێنـدەش لەکاتی رووبەڕووبوونەوە بێ دەسەلات و ترسنۆك بێ.

خوای تاك و تەنیا كە شایستەی پەرستنە بـۆ ئەمانـە ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەی دابەزانـدووە بـۆ ناسـینو هۆشـیاركردنەوەی ئەمانـەش پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

-سزای گەورە بۆ ئەوەی درۆ دەكا تـاكو خـەڵك پێبكـەنیٚ.. سـزای گەورەی لەسەرەو، ئینجا سـزای گـەورەی لەسـەرە. ئـەوەی پێویـستە لەسەر زانست دۆستانو لەسـەر هـەموو خوشـك و برایـان موسـڵمان، ئەوەیە كە جگە لە خۆپاریزی خۆیان لەم جـۆرە دەمەتەقێیـە سـووكانە هەمیشە پێویستە ئەوانەی زاریشیان پیسەو كـوفری دەكـەنو جـوێنی ناشـیرین دەدەن ئاگـادار بكرێنـەوە، ئامۆژگـاری بكـرێن كـە ئـەم خووڕەوشـتە بەمـە گەندەڵییـەكی گـەورە دەخاتـە نێـو كۆمـەڵ و ئەنجامەكەشی زۆر خراپ دەبێـت و داڕووخـان و داڕمـانی دابونـەریتی كۆمەڵی موسڵمانی بەدوایەوە دیٚ، بەمـەش كۆمـەڵ بەگـشتی زیـانی پێدەگاتو تاكیش لەهـەموو كـەس پـتر زیـانی پێـدەگاتو وا لـەتاك دەكات كە كۆمەڵ وەكو نامۆ سەیری بكات. لەخوای گەورە داواكـارین دڵ و دەروونمان بۆ رێنومایی و ئامۆژگارییە ئایینیەكان والآ بكاتەوەو پەروەردەی ئایینی لەدڵ و ویژدانمان جێگیر بكات و خوای گـەورە هـەر بەخۆی لێمان دەبیستیٚ و هەر بەخۆیشی وەلاّمان دەداتەوە.

الشیخ ابن باز

سزای ئەوەی گاڵتە بە ئیمانداران دەکات

پرسیار: هەندێ کەس لەوانەی خۆیان بـە موسـڵمان دەزانـن ئەگـەر کەسێك ببینن بە سوننەتی پێغەمبـەری خـۆی خـۆی دەنـوێنێ وەکـو لاسایی کردنەوە لە کورتکردنـەوەی جلوبـەرگ و، ریـش دریـژکردنو، دانیشت لە کونجی مزگەوتەکان، سەیر دەکەین ئەمانـە بـە تـۆ دەڵـێن ئەمە ئایینی خورافاتە یا قـسەیەك دەکـەن خـوای گـەورەو میهرەبـان تووڕە دەکەن.

تکایە ئەمانە ئامۆژگاری بکەن، خوا پاداشتان بداتەوە.

وەڵام: پێویستە لەسـەر هەموو موسڵمانێك ژن بێ یان پیاو کچ بێ یا کوڕ، گەورەبێ یا بچووك ملکەچی سەرجەم فەرمایـشتەکانی خـوای گەورەو مـەزن بێـت و پـەیڕەوی تـەواوی فـەرموودەکانی پێغەمبـەر محمد(ﷺ)بێت و هەمیشە پەیڕەوو لاسایی گشت هەڵسوکەوتی ژیـانی ڕۆژانەی پێغەمبەریش بکات. ئەوەی خواو پێغەمبەر قەدەغەی کردووە پێویستە لێی دووربکەینەوەو وازی لێبهێنین و ئەوەی ئـایینی ئیـسلام بۆ ئێمەی داناوە لەسـەری بـڕۆین و هاوکـاری یەکـدی بکـەینو گـوێ نەدەینە قسەی گاڵتەکارو سوکایەتیپێکاران ئەمەش کارپێکردنـە بـە فەرموودەی خوای گەورە:

﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾آل-عمران:١٣٢

واتە: وەگوێ ڕایەڵی خوداو پێغەمبەر بن، بێگومان میهرەبانیتان لەگەڵ ئەکرێت.

هەروەها خوای گەورە کە هەر تەنیا خودی خۆی فەرمانڕەوایەوە هەڵسووڕێنەری ئەم هەموو گەردوونە پانو بەرینەیە دەفەرمووێت:

﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيۡكُم مَّا حُمِّلۡتُمۡۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٥٤﴾ ﴾النور: ٥٤.

واتە: بڵێ فەرمانبەرداری خواو فەرمانبەرداری پێغەمبەر (ﷺ) بن، ئینجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد، ئەوە ئەو پێغەمبەر(ﷺ) تەنیا بەرپرسیارە لەوەی دراوە بەسەریدا(کە گەیاندنی پەیامی خوایە)، وە ئێوەش بەرپرسن لەوەی دراوە بەسەرتاندا(کە باوەڕ هێنانە).وە ئەگەر گوێڕایەڵی پیغەمبەر(ﷺ) بکەن، ئەوە هیدایەت وەردەگرن، وە پێغەمبەر هیچی لەسەر نییە، بێجگە لە گەیاندن و روونو ئاشکرا کردنی پەیامی خوا.

دیسان خوای گەورە لە سوورەتی- النساء- دا دەفەرمووێت:

﴿ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ نَارًا خَـٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٤﴾ ﴾ النساء: ١٣-١٤

واتە: ئەو (یاسایانە) سنوورەکانی خودان، هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی، خواو پێغەمبەرەکەی بێت، خوا دەیخاتە ناو بەهەشتەکانەوە، کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریاندا، تیایدا دەمێننەوە بەهەمیشەیی، وە ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە، هەر کەسێکیش سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات و، سنوورەکانی (خوا) ببەزێنێت، دەیخاتە ئاگرێکەوە، هەمیشە دەمێنێتەوە تیایدا، و سزایەکی ڕسواکەری بۆ هەیە.

هەروەها زۆر ئایەتی دیکەش بەم مانایەوە لە قورئانی پیرۆزدا هەیە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

﴿هەموو نەتەوەی من دەچنە بەهەشتەوە تەنیا مەگەر ئەوەی نەیەوێ. گوتیان ئەی نێرراوی خودا، کێ هەیە نەیەوێ؟ فەرمووی:

ئەوەی گوێڕایەڵی من بێ دەچێتە بەهەشتەوەو ئەوەی کە لە منیش یاخی بێ بەمانای ڕۆح زل و لووت بەرزو بەفیزەو نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە﴾. رواه بخاري في صحيحه.

لە گوێ ڕایەڵی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی: نوێژەکان فەرامۆش نەکەیت و ژن و پیاو پێویستە لە کاتی خۆیان نوێژەکان بکەنو پیاوەکان پێویستە لەسەریان کە نوێژەکان لەمزگەوت لەگەڵ موسڵمانەکاندا بکەن هەورەها لە گوێڕایەڵی پێغەمبەرو خواپەرستی ئەوەیە کە زەکات بدات و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت و ئەگەر باری گوزەرانی باش بوو (حەج)ی ماڵی خوا بکاتو لەگەڵ دایك وباوکی خۆی چاك بێت و سەردانی خزمان بکاتو دەمی خۆی لەو گۆشتانە بگرێ کە خوای گەورە قەدەغەو حەرامی کردووە، ئامۆژگاری خەڵکی بەچاکە بکاو، چاو لە شتی ناڕەوا نەپۆشێ و هاوکاری لەسەر چاکەو خواپەرستی بکاو، فرمان بەچاکە بکاو نەهی لە خراپەش بکا.

لەوەی پێویستە لەسەر پیاو کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێ: سمێڵی خۆی بتاشێ و ریشی بەرداتەوە تاکو زۆر ببێ و هۆشیار بێ لەوەی جل و بەرگی هێندە شۆڕ نەبێ بگاتە ژێر هەردوو پاش پانەکان.

چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

﴿سمێڵتان بتاشن و ریشتان بەردەنەوە تاکو لەگەڵ خوانەناسەکان جیاواز بن﴾ متفق على صحته.

هەروەها درودو سەلامی خوای لەسەر بێ فەرمووی:

﴿ئەوەی قۆپچەی لە خوارەوەی هەردوو پاشپانیدا هەبێ جێی نێو ئاگری دۆزەخە﴾ أخرجه الامام البخاري في صحيحه.

قۆپچەکانیش قۆپچەکانی هەموو ئەو جل و بەرگانەی وەکو شەرواڵ و کراسە سپییە درێژەکان و عەباو -پەشتەماڵەکان دەگرێتەوە (بۆ نموونە وەکو ئەو پشتەماڵانەی خەڵکی یەمەن کە لە جیاتی جل و بەرگی ئاسایی لە لەشی خۆیان دەپێچن).

درودو سەلامی خوای لەسەر بێ فەرمووی:

﴿سێ کەس لە رۆژی ئاخیرەت خوا قسەیان لەگەڵ ناکات و سەیریان ناکات و لە گوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە و سزایەکی بەئازاریان لەسەر دەبێ: ئەوەی دەمی بەجوێن دەکاتەوەو، ئەوەی پیاوەتی و خێر دەکاو منەتکارەو، ئەوەی بازاڕی کەلوپەلی خۆی بە سوێندی بەدرۆ گەرم دەکات﴾. أخرجه الامام مسلم في صحيحه.

خوا خۆشەویست و دۆست و سەرخەرو پشتیوانی خواناسانە.

الشيخ ابن باز

سوودەکانی تاقیکردنەوەی بڕوادار

پرسیار: لەبەرچی خوای گەورە باری ئیمانداران ئەوانەی پتر دەیپەرستن بەدەردو بەڵایەکانی دنیا گران دەکات و لەکاتێکدا هەڵگەڕاوەو یاخیبووەکانیش لەنێو چێژی خۆشی ژیان مەلە دەکەن.

وەڵام: ئەم پرسیارە بە دوو شێوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەکێکیان: تەگەرەو دووەمیان : تاقیکردنەوە

ئینجا ئەگەرچی مرۆڤی ئیماندار لەژیانی رۆژانەدا کە تووشی تەگەرەو رێ و شوێنی تەنگەبەر دێ، ئەمەش خوای گەورە پێویستی بەکەس نییەو هەر بەتەنیا ئاسمانو زەویو ئەوەی لەنێوانیاندا هەیە هەمووی راگرتووەو سەرپەرشتی هەر جوولەیەکی ئەم گەردوونە سەیرو پان و بەرینە ددکات هەر بەخۆی دەزانێت و هەر بەخۆیشی لە هەموو شت ئاگادارە.

ئەمەش نیشانەی نەزانی و نەفامی پرسیارکارە، چونکە زانین و شارەزایی خوای گەورە لەمە مەزنترە کە مێشکی ئێمە لێی تێبگا و بگاتە ئاستێك بتوانین هەموو شتێك لێکبدەینەوە.

ئێمەی بەندە بەرانبەر داهێنانەکانی خوای مەزن تەنیا شایستەی کڕنۆش بردنین، بەرانبەر ئەو بەخشینەی بە ئێمەی داوە هەر دەبێت

نوژدەی بۆ بەرین، هەر تەنیا خودی خۆی فەرمانڕەوایەو هەڵسوڕێنەری ئەم هەموو زەمەنەیە. خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٥ ﴾ الاسراو: ٨٥.

واتە: وە ئەی موحەممەد(ﷺ) پرسیارت لێدەکەن لە بارەی رۆحەوە(کەچییە)، بڵێ رۆح لە کارو فرمانی تایبەت بە پەروەردگارمە، وە ئێوە تەنیا کەمێك لە زانیاریتان پێ بەخشراوە.

ئەم رۆحەش کە لەنێوان هەردوو دەفەی سنگمانە هەر بەخۆیشی ماددەی ژیانمانە ئێمە هیچی لێ نازانین و نە ئامێری تێڕوانینو نە پیتۆڵەکانو نە نووسەر و ئەدیبو زانایەکان نەیانتوانیوە سەر لەخودی دەربکەن وپێناسەیەکی تەواوی بکەن. ئەگەر ئەم رۆحە نزیکترین بوونەوەر بێ بۆ ئێمە کە نازانین چییە تەنیا ئەوە نەبێ کە لە قورئان و پێڕەودا هاتووە ئیدی چۆن ئێمە لە بوونی ئەمە تێبگەین و بزانین لەدوای ئەمەوە چی هەیە.

خوای گەورەو میهرەبان هەر بەخۆی راگرترەو هەر بەخۆی مەزنترەو هەر بەخۆیشی زاناترە. ئێمە پێویستە لەسەرمان تەواو ملکەچی داهێنانەکانی بین، ئێمە تەواو گیرۆدەی ئەم گەردوونەبین و پابەندی قەزاو قەدەرین، چونکە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ بەرانبەر ئامانجەکانی

داهێنانی گەردوون دەستەپاچە وەستاوەو مێشکی مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە سنووردارەو ناگاتە ئەو ئاستەی لێکدانەوە لە حیکمەتی خوای گەورەدا بکات. وەلامەکەش بۆ ئەمە بۆ ئەم لایەنەی پرسیارەکە دەڵێن:

خوا راگرترەو هەر بەخۆی مەزنترەو هەر بەخۆشی زاناترە.

بەلام ئەوەی دووەم: پرسیاری تاقیکردنەوە، ئێمەش بەم پرسیارکارە دەڵێین:

مرۆڤی خواناس و ئیماندار تووشی دەردو بەلای دنیا دەبێ و خوا تووشی دەکات بەوەی ئازاری بدات، ئەمەش دوو سوودی مەزنی هەیە:

سوودی یەکەمین: تاقیکردنەوەی ئەم پیاوە لە بیروباوەڕی ئایا بڕوای راستە یا شلۆق و لەرزۆکە؟

خواناسی راستەقینە ئەوەی بڕوای تەواوی هەیە بەرانبەر قەزاو قەدەری خوای گەورە ئارام دەگرێ، بەمەش پاداشتی بۆ دەنوسرێ و ئەو کاتەش دەردو بەلایەکەی لەسەر سووك دەکرێتەوە.

گوتراوە هەندێ لە ئافرەتە خواناسەکان تووشی پەنجە بڕین یا بڕین بووەو، بەلام هەستی بە ئازار نەکردووەو خۆی نەشێواندووە.

دەربارەی ئەمەش پێی گواتراوە:

ئـــەویش گووتوویـــەتی: خۆشـــی پاداشـــتی ئـــازاری زامەکـــەی لەبیربردمەوە.

ئەوەی خواناسی تەواوبێ لەلای خوای گەورە پاداشـتی بـۆ حـسێب دەکرێ و بەمـەش ملکەچی قەزاو قەدەر دەبێ، ئەمەش سوودەکەیەتی.

کەچی سوودی دووەم ئەوەیە کە خـوای گـەورەو مـەزن زۆر بەسـەر ئارامگران هەڵدەداو سوپاس و ستایشیان دەکات، ئاگاداریان دەکاتەوە کە خۆی لەگەڵیانەوە دەیانبینێت و پاداشتیان دەداتەوە پاداشتێك کـە بەحسێب نەبێت.

ئارام گرتنیش پلەیەکی بەرزە کەس بە چنگی ناکەوێت تەنیا ئەوانە نەبێ کە لەسەر دەردو نەخۆشی و بەڵاو قەزاو قـەدەر چـاك ئارامیـان گرتووەو ڕێگای راستی پێڕەوی خواو پێغەمبەریان بەرنـەداوەو، ئەگـەر ئارمیشی گرت ئەم پلە بەرزە وەردەگرێ کە ئەم پاداشتەی تێدایە.

بەمەش خوای گەورە کە خواناس و ئیمانـداران تووشـی نەخۆشـیو بەڵای دنیا دەکاتەوە کە پێیەوە دەتلێنەوەو ئازار دەکێشن هەر لەبـەر ئەمەیە کە پلەی ئارامگران وەرگرن.

لەبەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) مەزنترین کەس بووە لە بڕواو پەرستن و لەهەموو کەسیش پتر لەخوا ترساوەو هەموو سـاردی و گەرمییـەکی دنیای بینیوەو لـەو سـەردەمەی کـە موسـڵمانەکان بـێ چـەك بوونـە

هەمیشە ئارامی گرتووە ئەم هەموو شتە لە پێناو گەیشتن بە پلەی ئارامگرتن بووە دروودو سەلامی خوای لەسەر بێ ئارامگرترین ئارامگران بووە.

لەمەدا دانایيت بۆ بەدیار دەکەوێ کە خوای گەورە، ئەو خوایەی تاك و تەنیایە، راوەستاوەو گۆڕانی نییە، هەر بەخۆی بەندەی خۆی ئەوانەی خواناسی راستەقینەن، ئەوانەی تەواو لەخوا دەترسن، ئەوانەی بڕوایان هەرگیز بەخوای تاك و تەنیا نالەقێ. تووشی دەردو بەلای دنیایان دەکاتەوە هەموو دەمێك دەیانخاتە سەر رۆخی خەرەندی قەزاو قەدەر بەلام کە هەر بەخۆی تەندروستیو مالی دنیا دەداتە لووت بەرزو منەتکارو یاخیبوون و بەدڕەوشت و زمان پیس و بێ ئەمەك و ستەمکارو بکوژان، ئەمە هەمیشە بۆ ئەوەیە کە خوای گەورە بەمیهرەبانیو بەزەیی خۆی ماوەیان پێدەدا تاکو لە کاری ناڕەوای خۆیان پتر بەردەوام بن و ئەمانە مزگێنیان دراوەتێ کە لە رۆژی زیندووبوونەوە لێپرسینەوەی گرانیان لەگەڵ دەکرێ و چەند جار سزا دەدرێن و بێ گومان جێگەشیان نێو ئاگرە.

پێغەمبەر دروودو سەلامی خوای لەسەر بێ بە فەرموودەیەك دڵنیای کردووینەتەوە ڕێگای ڕاستی ژیانی یەکەم و ژیانی دووەمی بۆ روون کردووینەوە کە دەفەرموێت:

دنیا زیندانی خواناسانەو، بەهەشتی کافرانە.

ئەوانەی لە خواو پێغەمبەر (ﷺ) یاخی بوونەو پێڕەوی ئایین فەرامۆش دەکەن و گوێ نادەنە ڕێنومایی‌و ئامۆژگارییەکان لە دنیا شەو و ڕۆژ بازرگانی ساختە دەکەن و کەلوپەلەکانیان بەسوێندی بەدرۆ دەفرۆشن و هەموو دەمێك مێشکیان لەلای پارە کۆکردنەوەیەو هیچ ئاگایان لە برای موسڵمانی خۆیان نییەو لە شوێنە تایبەتییەکان شەوی سوور بەسەر دەبەن ئەمانە هەر بەخۆیان سوڕ دەزانن و لەمەش دڵنیان کە لە ڕۆژی ئاخیرەت سزایەکی بە ئازار دەدرێن و لێی دەرباز نابن.

خوای گەورەو مەزن، لە تۆڵە سەندنەوە پەلە ناکات، لەسەر ئەم هەموو بێ باوەڕییەی بەندەی خۆی پەلە ناکات، لەسەر ئەو درۆو بەدڕەوشتیانەی ڕۆژانە کە بەندەی خۆی دەیکات پەلە ناکات، لەسەر ئەوەی هاوبەش بۆ خوای گەورە دەدۆزنەوە پەلە ناکات. ژیانی خۆی بەگشتی، ژیانی ڕۆژانەی خۆی هەمووی بەماڵی دزی‌و قوڵبڕی بەسەر دەبات، لەمەش پەلە ناکات، بەڵکو مۆڵەتێکی دوورو درێژ دەداتە بەندەی خۆی تاکو خوای گەورەی خۆی بەڕاست و دروست بناسێت، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نابێت خوای گەورە فەرامۆش بکرێت کە بە توندی سزای بەندەی خۆی دەدات و لەگەڵ ئەمەشدا زۆر میهرەبان‌و بەسۆزە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ تَفۡسُقُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾ الاحقاف: ٢٠

واتە (بیریان بخەرەوە) ئەو ڕۆژەی، ئەوانەی کە بێ باوەڕن بەرانبەر دۆزەخ ڕادەگیرێن، (پێیان دەگوترێت) هەرچی خۆشیتان بوو بەسەرتان برد، لە ژیانی دنیاتانداو، بەهرەو لەزەتتان لێ برد، بۆیە ئەمڕۆ تۆڵەتان لێدەسەنرێ، بە سزایەکی ڕسواکەر، لەبەر ئەوەی ئێوە، بەناڕەوا خۆتان بەزل دەزانی لە زەویدا، وە لەبەر ئەوەی لە فرمانی خوا دەردەچوون.

ئاکامی ئەمەش، ئەم دنیایە بۆ کافرانە کە خوای گەورە بەشێنەیی بە پێشیان دەخات و بەزریان دەکاتەوە.

دانایی لە فەرموودەی پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) کە دەفەرمووێت:

ئەم دنیایە بۆ خواناس و ئیماندارو مرۆڤ چاکان زیندانەو بۆ ئەوانەی هەموو دەمێك لە ژیاندا چەوتن و بە ناحەق دەجوولێنەوە ژیانی دنیا بۆ ئەمانە بەهەشتە.

ئەوانەی لە دنیا تەندروستیان باشەو بۆ سووکە نەخۆشییەك پارەی توکمەی بە ساختەو سوێندی بەدرۆ کراوە لە خۆیان سەرف دەکەن و لە خۆشی و شادی دنیا خواو پێغەمبەریان(ﷺ) لەبیر نییە ئەمانە کاتێ دەگەنە بەر قاپی خوای گەورە، شەرمەزارو ڕوو ڕەشن، سزای توند دەدرێن، سزایەك لەسەریان بەردەوام دەبێ و ئەو خۆشی و بەختەوەرییەیان لەگەڵ مردن کۆتایی دێت و هەموو چەشنە ئازارێکیان لەسەر کۆدەکرێتەوە.

ئەمەش سوودی سێیەمە دەکرێ بیخەینە سەر هەردوو سوودەکانی پێشتر کە لەو کاتەی خوای گەورە بەندەی خواناسی خۆی بە ئەرکی گرانی ڕۆژانەو نەخۆشی کوشندەی دوورخایەنو هەمیشە تووشی بەلأی گەورەی دنیای دەکاتەوەو ژیانی لێ تاڵ دەکاو تووشی کارەساتی دڵتەزێنی لەناکاوی دەکاتەوە.. بەمانە خواناس دەگوێزرێتەوە لە ژیانی ئەم دنیایە پڕ چەرمەسەرییە بۆ ژیانێکی نوێ،

زیندووبوونەوەیەکی نوێ کە تێیدا خۆشی دەبینێ و بەختەوەری هەمیشەیی بەدەست دێنێ بێگومان ئەم خۆشیو بەختەوەرییە هەمیشەییە پاداشتی ئەم ئێش و ئازارانە دەبێ کە لە ژیانی یەکەم خۆشی و شادی بەچاوی خۆی نەبینیوەو لە بڕوای خۆی لاینەداوەو دەردو بەڵاو کارەساتی دنیاش دەستی لە بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام شل نەکردووە.

-الشیخ إبن عثیمین-

بڕوا بوون بەخود

پرسیار: حوکمی ئەم قسەیە چییە: "فولان بڕوای بەخۆیەتی" یان "فولانە کەس بڕوای بەخوی هەیە" ئایا ئەمە لەگەڵ ئەم دوعایە ڕێکدەکەوێ کە دەڵێ "ئەی خودایە بۆ چاونووقانێکیش بێ هێزو شەکەتم نەکەیت"

وەڵام: ئەمە هێندە گوناه نییە، چونکە مەبەستی بێژەر کە دەڵێ:

فولان بڕوای بەخۆی هەیەو، لەمەش دڵنیایە، مانای ئەوەیە لەم شتە دڵنیایەو، مسۆگەر دەزانێ کە شتەکە هەیەو لەوانەش بە چاوی خۆی بینیویەتی یا کەسێکی دیکەی جێی بڕوا لێی دڵنیایە و یا بە چاوی خۆی بینیویەتی. بێگومان مرۆڤ کە هەست بە هەر شتێك دەکات ئەم شتە بەرانبەر ئەو ڕێژەییەو جێی مەزندەیە، هەندێ جاریش گومانو دڵەڕاوکێیەو هەندێ جاریش دوو دڵ و هەر جارەی دڵی بەلایەکەوەیە ئەگەر گوتی: من لەمە دڵنیام، یا من لەخودی خۆم دڵنیام، یا فولان لەخۆی دڵنیایە، یا لەوەی دەیلێ دڵنیایە، مەبەست لەمە: ئەو لەمە دڵنیایەو گومانی نییە.

ئەمەش گوناهی تێدا نییەو، لەگەڵ ئەم دوعایەش:

"ئەی خودایە بۆ چاونووقانێکیش بێ هێزو شەکەتم نەکەیت"
چونکە مرۆڤ لەخودی خۆی دڵنیایە کە خوای گەورە دەپەرستێ و لەوانەش خوای میهرەبان زانستێك یا توانایەك یا شتێکی لەم بابەتانەی پێ بەخشیوە.

الشيخ ابن عثيمين

خوای گەورە ئەوەی مەبەستی بێ ڕێگای ڕزگاری پێ نیشان دەدات

پرسیار: بەو کەسە چ بڵێین کە داوای لێبکەین تەوبەی ئێجگاری بکات و بەرەو خواپەرستی بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەویش پێمان دەڵێت: خوا هێشتا ڕێگای ڕووناکی بۆ نەنووسیوم، یا یەکێکی دی دەڵێت:

ئەوەی خوا مەبەستی بێ ڕابەری دەکات و دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست.

وەڵام: ئەوەی یەکەم کە دەڵێ: خوا هێشتا ڕێگای ڕاستی بۆ نەنووسیوم.

زۆر بەئاسانی دەڵێین: لە زانستی شتی نادیارەوە زانیوتە لەلایەن خواوە پەیمانت بەستووە؟

ئەگەر گوتی: بەڵێ: ئێمەش دەڵێین: کەواتە کوفرت کرد، چونکە تۆ خۆت وا بەدیار خست کە لەناسینی شتی نادیارەوە دەزانیت.

ئەگەر گوتیشی، نەخێر، دەڵێین: بردووتەوە، ئەگەر تۆ هێشتا ڕێگای خواپەرستی ناناسیت، خوای گەورە هەمیشە مەبەستیەتی ڕێگای ڕاست و دروست بە بەندەی خۆی نیشان بدات، خوای گەورە لەهیچ شتێك ڕێگای لە تۆ نەگرتووە، ئەگەر خۆت لە ڕۆشنبیری

ئایینی پڕ زانست بکەیت، لە تاریك و نەفامی خۆت رزگار بکەیت، ئەگەر ئارەزوو بکەیت مێژووی ئایینی ئیسلام بزانیت و ڕێبازی پێغەمبەران بزانیت ئەوا خوای گەورەش ئاسانکاریت بۆ دەکات و هەمیشە خوای گەورە حەز ناکات بەندەی خۆی لە تاریکی نەزانی بمێنێتەوە:

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾ ﴾ النساء: ٢٦

واتە: خوا دەیەوێت، بۆتان روون بکاتەوە؛ وە رێنوومابیتان بکات، بۆ رێ و شوێنی ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون (لەخواناسان)، و لێتان خۆش ببێت، وە خوا زانای کاردروستە.

لەخوای گەورە داوای تەوبە بکە، خوای گەورەو میهرەبان، ئەو خوایەی کە زۆر نەرمەو لێبووردەیە؛ زۆر بەسۆزو بەخشندەیە بەتەوبەی تۆ زۆر دڵخۆش دەبێت. تەوبەیەك لە پیاوێك لە ڕێگاوبانێکی بیابان وشتری خۆی گووم کردبێ خۆراك و خواردنەوەی لەنێو باردا بێ و تەواویش لێی بێ ئومێد بێ، پیاوەکە لە ژێر سێبەری درەختێکی گەورە نووست چاوەڕوانی مردنی کرد، کاتێ بە

ئاگا دێتەوە سەیر دەکات جڵەوی وشترەکەی بەدرەختەکەوە گیر بووە، ئەویش جڵەوی وشترەکەی خۆی دەگرێت لەتاو خۆشی خۆی گوتی ئەی خودایە هەر تۆ بەندەی منی و من پەروەردگاری تۆم، لەمەشدا لەتاو خۆشی دۆزینەوەی وشترەکەی خۆی هەڵەیەکی کرد، بەمەش دەیوست بڵێت: ئەی خودایە هەر تۆ پەروەردگاری منی و من بەندەی تۆم.

بەڵام ئەوەی دووەم کە دەڵێ: ئەوەی خوا مەبەستی بێ رابەری دەکات و دەیخاتە سەر رێگای راست. ئێنجا ئەگەر ئەوەی خوای میهرەبان ئارەزووی لێبێ و حەزی لێبکات رێبەری بکات و رێگای راستی نیشان بدات کەواتە ئەمە لەسەر تۆ دەبێتە شتێکی -پێویست- رێگای خوا بگرەو خوا بناسە تاکو خوای گەورەش لەگەڵ تۆ میهرەبان و بەسۆز بێت ئاسانکاریت بۆ بکاتو لە ژیانی رۆژانە پاڵپشتت بێ بارگرانی گوزەرانی ژیانت لەسەر ئاسان بکات و دەرگای بەخشینی خۆیت بۆ والا بکاتەوە، خوای گەورە لەگەڵ بەندەی خۆی هێندە نەرم و لێبووردەو بەسۆزو بەخشندەیە هیچ ماوەیەك هیچ پاساوێك بۆ بەندەی خۆی ناهێڵێتەوە کە لەرووی خوای داهێنەر بووەستێ لە پەرستنی یاخی بێ و لەدنیایەك کە زیندووبوونەوەو لێپرسینەوەی بەدواوەیە بەنەزانی و کوێری بمێنێتەوە.

◆

خوای گەورەش دەفەرموێت:

﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ ﴾ الانعام:١٤٨

واتە: ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا دانابوو لەمەودوا دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە ئێمەو باوو باپیرانمان هاوبەشمان بۆ (خوا) دانەدەنا، وە هیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆیان کرد، هەتا سزاو تۆڵەی ئێمەیان چەشت، ئەی موحەمەد (ﷺ) بڵێ ئایا هیچ زانیارییەکتان لایە؛ تا دەری بخەن بۆمان و دەری بہێنن، ئێوە شوێنی هیچ شتێك ناکەون بێجگە لە گومان، وە ئێوە هەر لەخۆتانەوە بەگوتره شت دەڵێن.

الشيخ ابن عثيمين

لەگەڵ خوا لە تەوبەی ئێجگاری ڕاستگۆبە

پرسیار: من گەنجێكم دوای ئەوەی شەیتان شتی خراپ دەخاتە دڵم دەست بە كردەوەی خراپ دەكەم، ئینجا هەموو جارێك كە كردەوە خراپەكانیش دەكەم تەوبەیەكی تەواویش دەكەم و دووبارە ڕوو لە خوای گەورە دەكەمەوە بەڵام دیسان ناتوانم لە تەوبەكە بەردەوام بم و سەر لەنوێ ڕوو لە كردەوەی خراپ دەكەمەوە، لەمەدا ئامۆژگاریو ڕێنمایی تۆ چییە تاكو پێڕەوی بكەم؟

وەڵام: ئامۆژگاری من ئەوەیە كەلە تەوبەكردن لەگەڵ خوای گەورە ڕاستگۆبیت بەمەش خوای بەخشندەو میهرەبان دەتخاتە سەر ڕێگای ڕاست و لەخواپەرستی بەردەوام دەبیت.

هەرچەند تاوان بكەیت و لەخوای پاڕایتەوەو داوای لێبوردنت لێكرد تەوبەت كردو تەوبەیەكی ئێجگاری بەبێ مەبەستێكی كاتیو بڕیارت دا كە لە ئایندە نەگەڕێیتەوە سەر ئەم كردەوە خراپانە خوای گەورەو میهرەبان بە تەوبەكردنی بەندەی خۆی قایلەو لەهەموو گوناهەكانی خۆش دەبێت، برای موسڵمان پێویستە ئەمەش بە مسۆگەری بزانیت كە لە تەوبەكردن مەبەست ئەوە نییە دوای هەزارو یەك كردەوەی بەدو بەدكاری، درۆو تەڵەكە بازی و دزی و قۆڵبڕی.. تاڵانكاری... كوشتن و بڕین... بوختانكاری.. ئینجا بەبڕوایەكی لاواز تەوبە بكرێت و دوای

ماوەیەك دووبارە بگەڕێتەوە سەر خووڕەوشتەکەی جاران و دەست بە تالآنکاری ماڵ و سامانی موسڵمانان بکاتەوە.

بەلآم لە هەموو حاڵەتەکانیشدا خوای میهرەبان کە لە هەموو سۆزداران سۆزدارترەو لەهەموو بەزەییداران بەزەییدارترە بە تەوبەی ئێجگاری لەبەندەی خۆی خۆش دەبێت سەرجەم کردەوە خراپەکانی لەسەر دەسڕێتەوە.

پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لەسەر بێ فەرمووی:

﴿ئەگەر ستەم و تاوان نەکەن خوای مەزن ئێوە دەباتەوەو میللەتێکی دیکە دێنێ ستەم و تاوان دەکەن و لەخوا دەپاڕێنەوە خوای گەورەش لێیان دەبوورێت).

سوپاس و ستایش بۆ خوا ئەمە چاکەیەکە.. چاکەیەکی گەورە.

تۆش هۆشیاربەوە بەتەنگ بڕیاری خۆتەوە بە کە تەوبەکەت تەوبەیەکی ئێجگاری بێت و، ئاگادار بە نەگەڕێیتەوە سەر دۆخی جاران و شەیتان هەڵتنەخەڵەتێنێ و، بەلآم ئەگەر دیسان خۆت پێ نەگیراو تەوبەت کرد خوای گەورە کە سزای ئازاردەری هەیە ماڵت وێران دەکاو دەتفەوتێنێ.

الشيخ إبن عثيمين

مەترسی بڕیاردان

پرسیار: جەنابی شێخ، لەلایەن هەندێ گەنجانی پابەند بە ڕێبازی ئاین دیاردەیەك بەدیار كەوتووە دەمانەوێ تێیدا ئەمە یەكلا بكەیتەوە ئەویش ئەوەیە كە هەندێكیان دەڵێن: هەر نووسەرێك لە نووسینەكەی شتێكی نوێخوازی تێدابێت یا ئەوەتا باس لە شتێكی نوێ بكات یا ئەوەتا سەرنج و تێبینی لە بیروبڕوایەكەیدا هەبێت ئەم نووسینەی بەرپەرچ دەدرێتەوەو ناشبێ بەزەیی پێ بكرێتەوەو هەروەها لەلایەن هەندێكیانەوە لەسەر هەڵەیەك نیمچە یاخی بوونی تێدا بێ كە كەمتەرخەمی لەلایەن كەسەوە بنوێنێ سەیر دەكەیت ئەمانە ئەو كەسە بە بێ باوەڕو كافر لەقەڵەم دەدەن تكاتان لێ دەكەم رووی ڕاستی لەمە روون بكەنەوە خوا ئاگادارتان بێ و لەدەردو بەڵای دنیا بتانپارێزی.

وەڵام: ئێستا پرسیارەكە لەدوو كەرت پێكدێت:

كەرتی یەكەم: ئەگەر یەكێك لەزانایان بەنوێخوازی قسەی كرد یا لە مەسەلەیەك لەمەسەلەكان ڕێبازی میللەتێكی نوێخوازی گرتەبەر ئەوە لەومیللەتە دەژمێردرێت و بە كەسانێكی ئەو میللەتە دادەنرێت؟

وەڵام: نەخێر، لەو میللەتە ناژمێردرێت بە کەسی ئەو میللەتەش دانادرێت و ئەگەر لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکان لەگەڵ سەرجەم میللەتەکە قایل بوو ئەو کاتە ناکرێ بە شێوەی ڕەها لەسەر ئەو میللەتەی حسێب بکەیت بەیەك چاو وەك خەڵکی سادەی میللەتەکە سەیری بکەیت و هەڵوێستی لێوەرگریت بۆیە بۆ نموونە ئێمە ئێستا بیرو لێکدانەوەکانی ئیمام (احمد بن حنبل) خوا لێی ڕازی بێت پێڕەو دەکەین، بەڵام ئەگەر لەسەر مەسەلەیەك لە مەسەلەکان بە بیرو لێکدانەوەی (الشافعی)مان کرد ئایا ئەمە مانای ئەوەیە بۆ نموونە ئێمە بووینەتە شافیعی؟ یا بە لێکدانەوەی مالیك بووینەتە مالیکی؟ یا بە لێکدانەوەی حەنیفە بووینەتە حەنەفی؟ هەروەها ئەوان، ئەی ئەگەر ئەوان لەمەسەلەیەك بە گوێرەی لێکدانەوەی ئیمام ئەحمەد بکەن دەبێ بڵێین ئەوان بووینەتە حەنبەلی؟

نەخێر... ئەگەر بینیمان یەکێك لە زانایە شارەزایە ناسراوەکان شتێکی لە بڕوایان لە خەڵکی نوێخواز پەسەند کرد یا وەرگرت و ئامۆژگاری خەڵکی دی پێ کرد ڕاست نییە و ناکرێ بڵێین ئەمە لەوانەو یا چووەتە سەر ڕێباز یا ڕێ و شوێنی ئەوان، دەڵێین: ئەوانە لەوەی لێیان بەدی دەکەین تەنیا ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی ئەهلی کیتابی خواو ڕێبازی نێردراو (ﷺ)و بەندەکانی خوای مەزن. ئەگەر لەم

مەسەلەیە هەڵەیان کرد، ئەم هەڵەیە لەبۆچوون و لێکدانەوە هاتووە، هەر کەسێ لەم نەتەوەیە بۆچوون و لێکدانەوەی هەبێ دوو پاداشتی هەیەو، ئەوەی تێیدا هەڵەش بکا یەك پاداشتی هەیە.

ئەوەی هەموو ڕاستییەکیش، بەرانبەر بەو کەسەی ڕاستی دەڵێ بە وشەی هەڵەش نەبوو. چونکە هەندێ کەس ئەگەر کەسێ پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەی کرد گوتی: ئەمە لەسەر هەڵەیەو ناچاری کرد بۆچوون و لێکدانەوەکەی ئەو پێڕەو بکات ئەمە مەترسییەکی گەورەیەو تووشی لێژییەکی هێندە سەخت دەبینەوە مەگەر خوای گەورە ڕزگارمان بکات ئەی خوایە هەر تۆ گەورەیتو لەهەموو شت ئاگاداریت.

کەرتی دووەم: هەمیشە ئەمەش ئەوەی لەسەر هۆیەك یا لاساری کردنێك، یا یاخیبوونێك، یا مانگرتنێك، یا پێچەوانەیەك کەسانی دی بەکافرو بێ باوەڕ بزانێ، ئەگەر ئەم دەربڕینەمان بۆ ئەم شێوازە دەرچوونانە بێ لە پێڕەوی ئایین، ئینجا ئەگەر ئەم بەکافر دانانەش خوا نەخواستە ببێتە پێڕەوو پرۆگرام و ڕێبازێك بێ میللەتێکی گەورە باوەڕ پێ بهێنن ئەمە خۆی لەخۆیدا باوەڕو بڕوایەکە خراپتر لە باوەڕو بڕوای دەرچووان (الخوارج) چونکە بەگوێرەی بڕوای خەواریجەکان لەسەر هەر لاساریو یاخی بوونو مانگرتنو پێچەوانەیەك شتی گەورەیان دەکرد،

ئێنجا ئێستا ئەگەر ببینیت کەسێك لەسەر پێچەوانەیەك موسڵمانان بە کافرو بێ باوەڕ لەقەڵەم دەدات ئەمە بێ گومان نەزانەو لەڕێی ڕاست لایداوەو بە پێچەوانەی قورئان و پێڕەو دەڕوات کە لە ڕاستیشدا ئەمانە پتر لە باوەڕو بڕوای خەوارج تێدەپەڕێنن کە علی کوڕی ئەبی تالیب شمشێری لە ڕوویان بەرزکردەوە.

موسڵمانەکان لە بەکافردانانی موسڵمانانی دی جیاوازبوون تێیاندا هەبوو موسڵمانانی دی لەسەر هەر هەڵەیەك بەکافرو بێ باوەڕی دادەنا، تێشیاندا هەبوو بە بەدڕەوشتی و زیناکەری پیسی لەقەڵەم دەدا ئەوەی سزای گەورەبوو سزایان دەدا.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَنُدۡخِلۡكُم مُّدۡخَلٗا كَرِيمٗا ﴿٣١﴾ ﴾ النساء: ٣١

واتە: ئەگەر دووربکەونەوە لەو تاوانە گەورانەی کە لێتان قەدەغەکراوە، ئەوە تاوانە بچووکەکانتان بۆ دەپۆشین، وە دەتانخەینە شوێنێکی چاك و ڕێزدارەوە.

مرۆڤیش کاتێ لە گوناهە گەورەکان دووز دەکەوێتەوە خوای میهرەبان لە گوناهە بچووکەکانی خۆش دەبێت و چاوی لێدەپۆشێت مەگەر لەسەر گوناهە بچووکەکان مکوڕو بەردەوام نەبێت. بەلاّم ئەگەر هەمیشە لەسەر گوناهە بچووکەکان بەردەوام بوو، زانایان گوتیان:
مکوڕ بوون و ڕشت بوون لەسەر گوناهە بچووکەکان گەورەیان دەکاتەوە.

ئێنجا ئەم قسەیەش- بەکافردانان- خۆی لەخۆیدا نەزانیو نەفامییەکی گەورەیە.

ئیدی ئەوەی موسلّمانی دی لەسەر هەڵەکان بەکافر و بێ باوەڕ لەقەلّم دەدا با بزانی کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

﴿ئەوەی بە برایەکی خۆی گوت: ئەی کافر، یا بێ باوەڕ، یا لە ئایین وەرگەڕای، ئەوا یەکێکیان دەگرێتەوە، ئەگەر ئەو بەخۆی وایگوت و لێ پاشگەز نەبووە.

ئەو کەسە بەخۆی کافرەو، هەر ئەمەشە کە پێغەمبەرمان درودو سەلامی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی: ئەگەر لەلای خوا لەدنیاش کافر نەبێ چونکە نێردراوی خودا(ﷺ) فەرمووی: بەهەر هۆیەك بێت دەبێ یەکێکیان کافرەکە بێت.

الشیخ ابن عثیمین

ترسان لە سزای خوا

پرسیار: زۆر کەس لە گەنجان دەڵێ: لە سزای خوا دەترسێم و، لەگەڵ ئەمەش لە ئەرکەکان کەمتەرخەمە. کاتێ دێتە سەر پێخەفی خۆی لە ترسان قورئان لەلای سەری خۆی دادەنێ بێ ئەوەی بیخوێنێتەوەو لەمەش هەست بە ئارامی دەکاتو دەخەوێت، ئایا ئەم کارە بەجێیە؟ ئەی ئەو کەسەی لە خوا دەترسێ دەبێ کارو کردەوەی چۆن بێ؟

وەڵام: ئەوەی بەڕاستی لە خوا بترسێ بەهەر حاڵ دەبێ بەرهەمەکەی بەر بگرێ ئەویش ئەوەیە بەڕاستی خوای گەورە بپەرستێ و، لەوەی خواو پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەیان کردووە دەبێ لێیان دووربکەوێتەوە، بۆ نموونە هەر وەکو ئەوەی لە شێر دەترسێ پێویستە هەوڵی ئەو هۆیانە بدات کە لە شێرەکە دەیپارێزێ.

ئەوەی لە ئاگریش دەترسێت لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەگەر ترسەکەی ڕاست بێت دەبێ هەوڵی هۆیەك یا هەوڵی دەربازبوونێك بدات تاکو لە ئاگرەکە رزگاری بێت و خۆی لێ دوور بکاتەوە. بەڵام ئەوەی ئەم پەیوەستدارە دەیکات کە کتێبی قورئان لەلای سەری خۆی دادەنێت ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکە لەهەڵبەستراوی نوێ چونکە ئەمە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتوودو هەروەها ئەوەی بیزانم لە یاوەرەکانیشی نەهاتووە. نەشمانبیستووە لەهیچ سەردەمێکی گەشەی

ئایینی ئیسلام كەسێك ئەمەی كردبێ و بەڵكو پێویستە مرۆڤ خودی خۆی لەسەر خوێندنی قورئان رابهێنێ بەمەش دڵ و دەروونی هێمن و ئارام دەبێتەوەو لەناخی مێشكی خۆیشی دڵنیا دەبێتەوەو هەڵبەتە ئەمەش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووەو ئەویش لەنێو قورئاندایەو یا لە دوعای پێش خەوتندایە سەرجەم ئەمانەش كردەوەی چاكن و لەو كتێبانەی پێوەند بەم مەسەلانە باس كراون.

الشيخ ابن عثيمين

لاساییکردنەوە یا خۆ بە ئافرەت چوواندن

پرسیار: لەو ماوانەی دوایی دیاردەیەك لەنێوان گەنجان بەتایبەتی گەنجانی پەیوەستدار بڵاوبووەتەوە ئەویش ئەوەیە کە سەعاتی شێوەی رەنگی زێڕین یا زنجیرێك لە شێوەی خشڵی دەستی ئافرەتان لەدەست دەکەن، یا ئەگەر قۆپچەی یێخەی هەندێ لەو گەنجە پەیوەستدارانەش بکەیتەوە سەیر دەکەیت زنجیري زیوینیان لەمل کردووەو شێوەی شتێکی دنیایشیان پێوەکردووەو، هەروەها هەندێکیشیان سەعاتیان لەدەستی راستە کردووە، تکایە دەربارەی بابەتی رابواردنو خۆشگوزەرانی ئامۆژگارییەك ئاراستەی ئەم جۆرە گەنجانە بکەنەوە بەتایبەتیش دەربارەی بابەتی لاسایی نەکردنەوەی ئافرەتان؟

وەڵام: من تکام وایە لە پەنجا کەسی ئێوەو پتریش چاوم بەم دیاردەیە نەکەوێت، وابزانم ئەمە هەر نییە، ئەوەی شتێکی لەم بابەتەی لەلایە، هەر ئێستا نیشانمان بدات، تاکو دوای ئەوەی شێوەی شتەکە بە چاکی دەبینین ئینجا دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین.

بێگومان خوای گەورە، کە هیچ شتێك زیندەوەرێك جوولەیەك نییە لەسەر رووی ئەم زەمینە، لە ئاسمان لەنێو دەریا، ئەگەر خواوەندی

گەورە لێی ئاگادار نەبێت، هەر بەخۆیشی بەسەر هەموو بەندەکانی خۆی زاڵەو زاناو شارەزایە، هەر بەخۆیشی ژن و پیاوی داهێناوەو بەگەورەیی خۆیشی لەیەکدی جیاوازی کردوون، هەروەها لە مەسەلەی جلوبەرگو گرنگی بەخۆدانیش جیاوازی کردوون بەگەورەییو بەرزێتی خۆی دەفەرمووێت:

﴿ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾

الزخرف:١٩-٢٠.

واتە: وە ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای بەخشندەن بە مێیینەیان دادەنا، ئایا ئەوان بە دیاری دورستکردنیانەوە بوون، بێگومان ئەو شایەتی یانەی دەنووسرێت و پرسیاریان لێدەکرێ، وە دەڵێن ئەگەر خوا بیویستایە ئێمە ئەو (فریشتا) نەمان نەدەپەرست، هیچ زانیاری یەکیان نیە لەو بارەیەوە، ئەوانە هەر درۆ دەکەن.

هەروەها خوای شکۆمەند دەفەرمووێت:

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ ﴾ الزخرف :١٧

واته کاتێ مژده بەیەکێ لەوان بدرێ، بەوەی بەنموونە بۆ خوایی دادەنا، ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕێ و پشووی خۆی دەخواتەوە.

کێ بوو ئەوەی بەنموونەی خواییان دادەنا؟

ئەوانە بوون کە فریشتەیان کردە مێیینە، فەرمووی:

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ ﴾الزخرف ١٧-١٨

واتە: وە کاتێ مژدە بەیەکێ لەوان بدرێ، بەوەی بە نموونە بۆ خوایی دادەنا، ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕێ و پشووی خۆی دەخواتەوە، ئایا ئەو (کچە)ی لەناو ئاڵتوون و خشڵا بەخێو کرابێ و، لە کاتی دەمەقاڵێدا ناتوانێ مەبەستی خۆی دەربڕێ.

کێیە ئەوەی لەنێو خشڵ و ئاڵتوون گەورە دەبێ بەمانای لە نێو خشڵ و ئاڵتوون پەروەردە دەبێ.

ئەو کەسە ئافرەتە، ئەو لەشەڕو دەمەقالێدا دیار نییە، کەچی پیاو هەست بە خودی خۆی دەکات و پێویست بەوە نییە خودی تەواو بکات، هەر ئەویش لەشەڕو ناکۆکیدا دیارەو بەرگری لەخۆی دەکات، کەواتە چۆن دەکرێ پیاو ئاستی خۆی دابەزێنێت و خۆی وەکو نموونەی ئافرەت لێبکات.

بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە کە خۆیان لە شێوەی ئافرەت دەنوێنن و هەروەها نەفرەتی لەو ئافرەتانەش کردووە کە خۆیان لە شێوەی پیاو دەنوێنن، سەعات ئەوەی تەنیا ئافرەتان بەکاری دەهێنن و لەوەستیان دەکەن نابێت پیاو بەکاریبهێنێ و لەدەستی بکات ئەمەش رەنگی چ سپی یا سوور یا رەش بووبێت.

گرنگی مەسەلەکە: ئەوەیە ئەگەر گوترا ئەمە سەعاتی ئافرەتە، ئەمە ناکرێ پیاو بەکاریبهێنێ و لەدەستی بکات و، بەلاّم ئەگەر لەشێوەی سەعاتی ئافرەتان نەبوو بەلاّم شتی لە ئالتوون تێدابوو، ئێمە سەیر دەکەین، ئەگەر زێڕەکە تەنیا رەنگ بوو ئەمە حەرام نیەو، بەلاّم ئامۆژگاری پیاو دەکەین کە بەکاری نەهێنێ و لەدەستی نەکات نەوەکو تاوانبار بکرێتەوەو خەڵکانی دی چاوی لێبکەن و لاسایی بکەنەوە.

ئینجا ئەگەر زیڕی تێدابوو و بە ئاوی زێڕ رووپۆش کرابوو ئەمە بـۆ پیاوان حەڕامەو پێویستە نـە بـەکاری بهێـنن و نـە لەدەسـتی بکـەن چونکە پێغەمـبەر درووردو سەلامی خوای لەسەر بێت لەبارەی ئاوریشم و ئاڵتوون فەرمووی: (بۆ نێرینەی نەتـەوەی مـن حەڕامــە ئـەوەی بـۆ مێیینەکانی حەلاڵ کراوە).

الشیخ ابن عثیمین

گونجاوترین شێواز لە بانگەوازدا

پرسیار: مـن گـەنجێکم دمـەوێ ببمـە بانگـەوازکارو، بـەڵام هـیچ شێوازێکی گونجاوم بەدەستەوە نییە، ئایا (سیدی) ئیسلامی و کتـێبی ئیسلامی بەسوودە بۆ ئەوەی بتـوانم بڵاویـان بکەمـەوە یـا دابەشـیان بکەمـەووە. گونجـاوترین شـێوازم فێربکـەن خـوای گـەورە پاداشـتان بداتەوە.

وەڵام: بەڵێ، بێگومان مرۆڤ ناتوانێت بـەخۆی بانگـەواز بکـات و، بەڵام دەتوانێت بە بڵاوکردنـەوەی کتێـب و (سـیدی) یـە بەسـوودەکان سوود بە ئاین بگەیەنێت و، بەڵام لەبەر ئەوەی بەخۆی ناتوانێت ببێتـە بانگەوازکاری ڕاست و دروست بۆیە پێویستە ئـەم کتێـب و (سـیدی) یانە بە زانایانی ئاین نیشان بدات بـۆ ئـەوەی بزانێـت چ هەڵەیـەکیان تێدایەو ئەو پیاوەش سەربەخۆی ئـەم شـتانە بڵاونەکاتـەوەو دابەشـیان نەکاتەوە نەوەکو شتی هەڵەو نادروستیان تێدابێ و بەخۆی هەستی پـێ نەکات.

هەورەها شێوازی دیکـەش هەیـە بـۆ بڵاوکردنـەوەو دابەشـکردنی سیدی و کتێب. بانگەوازکار دەتوانێت لەگەڵ زانایەك ڕێکبکەوێت کـە زانایەکە کتێبەکە بنووسێت و ئەویش ئەرکی چـاپ و بڵاوکردنـەوە لـە

ئەستۆی خۆی بگرێت، بەمەش بانگەوازکار لەلای خوای گەورە کە لەهەموو شتێکی زیندوو و مردوو ئاگادارە پاداشتی گەورەی هەیەو خوای میهرەبانیش بەزەییداری بەزەییدارانە.

الشيخ ابن عثيمين

لە نیازی خۆت لەگەڵ خودا ڕاستگۆبە!

پرسیار: گەنجێکم حەز لە بانگەوازکاری دەکەم و بەڵام دوو ڕەوشتم هەیە:

یەکەم: کاری هێنانەوەی مەنی بەدەستی دەکەم و، هەوڵم دا وازیلێبهێنم، بەڵام نەمتوانی؟

دووەم: نوێژی بەیانیان ناکەم ئەگەرچی زۆر ڕسوای خۆشم دەکەم؟

سەلامی خواتان لێبێ، چ ئامۆژگارییەکەم دەکەن، تکاتان لێدەکەم دوعام بۆ بکەن و ئامادەبووان دڵنیا بکەنەوە خوا لە پەنای خۆی بتانگرێ و بتانپارێزێ.

وەڵام:

لەخوای گەورە داوا دەکەین کە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ئەو خوایە تاك و تەنیایەی ئێمەی لە نەبووەوە هێناوەتە ئەم شێوەیەی ئێستامان لە خوای گەورە داواکارین لەسەر بڕیاردانەکانی خۆمان جێگیرمان بکات وردەمان بەرز بکاتەوە تاکو بتوانین پەیمانەکان کە لەرووی خوای گەورە داومانە نەیانشکێنین و بیانپارێزین دەڵێم: ئەمە ئەگەر خوای مەزن ئارەزووی لێبێ لەدوا ڕۆژدا ڕێگای ڕاستی پێ نیشان دەدات، چونکە ئەم کەسە خودی خۆی هەوڵ

دەدات خۆی لە دەسپەڕ قوتار بکات کە بەخۆی هەست پێ دەکات کارێکی نابەجی دەکات.

ئەمەش بەخشین و چاکەیە لەلایەن خواوە، ئەوەی بەدڵسۆزی هەوڵی شتێك بدات کە بۆ پەیامی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕێگە خۆشکەر بێ و بەدڵی ساف و بێگەرد خوا بپەرستێ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بناسێ، خوای مەزن بەگەورەیی خۆی ئەگەر ڕاستی نیازی لێ بەدیکردو زانی لەو پەیمانە بەردەوام دەبێت، خوای مەزن یارمەتی دەداتو لەسەر خواپەرستی ڕشتی دەکات. منیش بەم برایە دەڵێم:

لەگەڵ خوا نیازت ڕاست بێ و لەکاتی سوژدەو نێوان بانگ و هەڵبەستانی نوێژو لەکۆتایی شەو، لەخوای گەورە بپاڕێوەو دەست بەخوێندنی قورئان بکە، چونکە ئەمە یارمەتیت دەدات کە واز لەم مەسەلەیە بهێنیت.

بەڵام دەربارەی نوێژی بەیانی: هەوڵ بدە زوو بخەویت چونکە ئەوانەی لە نوێژی بەیانی دوا دەکەون زۆربەیان خەو تەنگیان پێ هەڵدەچینێ و هێور نەبوونەوەی لەشی مرۆڤ لە کەم نووستن لەشی مرۆڤ گران دەکات و بەربەستی بۆ دروست دەکات. زۆربەی ئەوانەی نوێژی بەیانی فەرامۆش دەکەن ئەو کەسانەن کە درەنگی شەو دەخەون و، ئەمەش پێچەوانەی ڕەوشتی پێغەمبەرە درودو سەلامی خوای لەسەر بێت کە

زۆر پێویستە ئاگاداری ئەم ڕەوشتە بین ئەوەی دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت دەیکرد ڕکی لە نووستنی پێش نوێژی عیشا دەبووەوەو ڕکی لە گفتوگۆ بەمانای قسەکردنی وای نوێژی عیشاش دەبووەوە، لەبەرچی؟

چونکە مرۆڤ ئەگەر دوای نوێژی عیشا زۆر مایەوە هەڵسانەوەی بۆ نوێژی بەیانی زەحمەت دەبێ.. بۆیە ئامۆژگاری ئەم برایە دەکەم کە شەوان زوو بنوێ و ئامۆژگاری خەڵکانی موسڵمانیش دەکەم ئەندامانی خێزانەکانی خۆیان بۆ نوێژی بەیانیان بەچاکی هۆشیار بکەنەوە تاکو تەواو بە ئاگایان نەهێنن وازیان لێ نەهێنن تاکو وەکو ئەو کەسە نەبێت کە دێت جارێك یا دوو جار بانگی ئافرەت یا کچ یا کوڕەکانی خۆی دەکاو ئینجا وازیان لێ دێنێ و دەڕوات و نازانێت بەئاگاهاتوون یا، نا.

بەڵام ئەم جۆرە گەنجانە پێویستیان بەوەیە کە پێیان بڵێیت:

هەڵسەو لەسەر سەری بوەستیت تاکو هەڵدەستێتەوەو، هەندێ لەگەنجەکانیش ئەوەی بۆ بەس نییە کە تەنیا هەڵستێتەوە لەوانەیە هەڵدەستێتەوەو دووبارە دەگەڕێتەوەو دەخەوێت، نموونەی ئەمانە دەستی بگرە تاکو دەیگەینیتە نێو گەرماو، ئەوانی دی لە دەرگایان

بدەو دیسان بەتوندی لەدەرگایان بدە بە پشتیوانی خودای گەورە دەرگا دەکەنەوەو ئیدی هەموو ئەندامانی خێزان نوێژی بەیانی خۆیان دەکەن.

الشيخ ابن عثيمين

سزای فرۆشتنی شتومەکی حەرام

پرسیار: گەنجێك خواناسەو لە دوکانی عەتاری باوکی خۆی کار دەکاتو، ئەم دوکانەش هەندێ شتی خراپی وەکو جیگارەو وێنەی تێدا دەفرۆشرێت، ئەم کوڕە ئامۆژگاری باوکی خۆی کردو بەلاَم باوکەکە خۆی لێ تووڕە دەکات و دەڵێت: لەبەر ئەوەی حکومەت ئەم شتومەکانەی هێناوەو خەڵك ئەم شتانە دەکڕن، ئەمە هیچ شتێکی تێدا نییە تاکو بۆ ئێمە گوناه بێت، باوکەکەش لەتەمەن گەورەیە؛ بەهەر حاڵ هەندێ لەوانەی بە نێو تەمەندا چوون قایل نابن کوڕەکانیان ئامۆژگارییان بکەن، سەلامی خوای گەورەتان لێبێ لەم مەسەلەیە چی ئاڕاستەی باوکم دەکەن؟

وەلاَم: یەکەمین: دەستخۆشی لەم گەنجە دەکەین کە خوا ڕێگای پەرستنی بۆ ڕووناك کردووەتەوەو بە خواناسینی خۆی پابەندە، چونکە ئەمە گەورەترین خێرو چاکەیە کە خوای گەورە بە بەندەی خۆی دەبەخشێ و ، لە پەیوەستی خۆی بە پەیامی خوا سەری بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەم گەنجە بەخێرێکی گەورە دەژمێردرێت کە لە هەموو خێرو خۆشییەکی دنیا خێرترە.

دووەمین: ئامۆژگاری ئاراستەی باوکی دەکەین بەتایبەتی کە لە دواترین ماوەی تەمەنیەتی: خوای گەورەو بەهرەمەند بپەرستێت و،

لێی بترسێت، ئەمەش بزانێت کە تەنیا خوای مەزن رسقدەرە هەر ئەویش بەتەنیا رسقی ژیانی رۆژانەی بەندەی خۆی بەدەستەو رسقیش بەفرۆشتنی شتومەکە قەدەغەکراوەکان پەیدا نابێت، ئەو رسقەی بەرێگای فرۆشتنی شتومەکە قەدەغەکراوەکان پەیدا دەبێت ئەم رزقە نە خێری تێدایەو نە خواش بەخشینی خۆی تێدا دەکات، بەڵکو بۆ خاوەنەکەی دەبێتە بەلای سەر.

لە قورئان و سونەتدا زۆر بە چاك و روونی و هەروا بەتوندیش هۆشیاری داوە بە وانەی رسقی خۆیان بە حەرامی پەیدا دەکەن و لەگەڵ ئەمەش دەرخواردی خێزان و منداڵەکانی خۆیان دەدەن دواییش ئەو ماڵە حەرامە بۆ نەوەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن. پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێت:

﴿خوا چاکەو جگە لە چاکە بە هیچ شتێکی دی قایل نابێت، خوای گەورەو میهرەبان ئەوەی بە نێرراوەکانی فرمان کردووە، هەمان فرمانیشی بە ئیمانداران کردووە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴿٥١﴾ ﴾ المؤمنون: ٥١.

واتە: ئەی نێرراوانی خـودا، لـە خـۆراکی پـاك (حـەلاڵ) بخـۆن، وە کردەوەی چاك بکەن، (چونکە) بەڕاستی مـن بـەوەی ئێـوە دەیکـەن ئاگادارم.

هەروەها خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١٧٢﴾ ﴾البقرە: ١٧٢

واتـە: ئـەی ئـەو کەسـانەی کـە بڕواتـان هێنـاوە، بخـۆن، لـەو خواردەمەنییە پاکانەی کردوومان بە ڕۆزیتان، وە سوپاسی خوا بکـەن، ئەگەر ئێوە هەر ئەو دەپەرستن.

هەروەها دەربارەی ئەو دەروێشەی ئەم دێ و ئەو دێ دەکاو هـاواری خودا دەکا خۆراکی حەرامەو، جلوبەرگی حەڕامـەو، هـەر بـەخۆراکی حـەڕامیش فرسـکی گرتـووە ئەمـە هـەرگیز لـە لای خـوای گـەورە قایلبوونی نییەو وەڵامیش نادرێتەوە.

لە وتارێکی (ابن مسعود) دا هاتووە:

(ئەو کەسەی ماڵ و سامانی بەسەریەکەوە دانـاوە (بـە مانـای بـە حەڕامی پەیدای کردووە) ئەگەر زەکات بدات لێی قەبووڵ نابێ، ئەگەر

بەخشیشی بۆی بەخێر حسێب نابێ و، ئەگەر لەدوای خۆیشی بەجێی هێشت دەخرێتە نێو ئاگرەوە. تکا لە پیرەمێردی باوکت ئەو پیاوە ئیماندارە دەکەم بەم ئامۆژگاری و بەم دیارییەمان قایل بێت، ئێمە ئەم باسەمان بۆ بەرژەوەندی ئەو و بەرژەوەندی کوڕەکانی دوای خۆی کردووە.

بەڵام دەربارەی ئەو گەنجەی کە باوکی فرمانی پێدەکا شتومەك لە نێو دوکانە عەتارییەکەی بفرۆشی کە هەندێ شتی حەرامی تێدایە، من پێی دەڵێم:

لەمە گوێڕایەڵی باوکت مەبە، لە دوکانەکە دانیشەو شتە ڕێگەپێدراوەکان بفرۆشەو شتە قەدەغەکراوەکان مەفرۆشتە، چونکە هەرگیز خوا پەرستی بەندە لەگەڵ یاخی بوونو کردەوە نەهی لێکراوەکان یەگدی ناگرێتەوە.

هەوەرها قسەی باوکت بۆ تۆ کە دەڵێت: ئەم شتە قەیناکە چونکە حکوومەت ڕێگەی پێداوەو دەهێڵێت بفرۆشرێت.

منیش دەڵێم: یەکەمین جار پەند لە کیتاب و سووننەدایەو نە بە ئیش و کاری حکوومەتەوە نەبە ئیش و کاری خەڵکیشە چونکە خوای مەزن کە لەهەموو شتێکی بەندەکانی خۆی ئەوەی زیندەوەر بێت،

لەکارو کردەوەی، لە ژیانی ڕۆژانەی، لە بژێوی، لـە ژیـان و مردنـی، لەهەموو شتێك چاودێرو ئاگادارە دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾النساء: ٥٩.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کـە باوەڕتـان هێنـاوە، گوێڕایـەڵی خـواو گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر بـن، وە پاشـانیش گوێڕایـەڵی کاربەدەسـتە (عادیلە) کانی خۆتان بن، جا ئەگەر دووبەرەکیتان لە شتێکدا هـەبوو، ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبـەر(ﷺ) ئەگـەر ئێـوە باوەڕتـان بەخوا هەیەو، بـەڕۆژی دوایـی، ئـەوە باشـترە، وە ئاکـام و ئـەنجامی چاکترە.

فەرموو سەیرکە لێرە خوای گەورە دەفەرمووێت ئەگـەر ناکۆکیتـان لەگەڵ بەخێوکارو کاربەدەستانی خۆتان هەبوو، ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر (ﷺ) لەمەش دووپاتی ئەمـە دەکاتـەوە کـە ئەگـەر ئێوە باوەڕتان بەخواو دوا ڕۆژ هەیە.

ئەم پاساوەش لـە ڕۆژی زیندووبوونـەوە لـەلای خـوا دادی نـادات، چونکە خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿ وَيَوۡمَ يُنَادِيهِمۡ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبۡتُمُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ القـــصص: ٦٥

واتە: وە ڕۆژێ کە (خوا) بانگیان دەکات و (پێیـان) دەفـەرمووێ، چیتان وەڵامی پێغەمبەران داوەتەوە. لە دنیاش لەلای تێگەیـشتووان لەو خەڵکانەی باوەڕیان بەخوایەو خـوا ناسـن هـیچ شـتێك جگـە لـە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سـوودیان پێ ناگـەیێنێ، چونکە هەموو باوەڕکارو خواناسێك نـاکرێ ئـیش و کـاری خـەڵك یـا پێڕەوو پرۆگرامی حکوومەت کە (ناعادیل) بوو پێڕەو بکات و کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەلاوە بنێت، ترسیش لەوەدایە ئـەوەی لە ئیش و کاری حکوومەت ناڕازی بێت وەکو ئەوە بێت کـە دەربـارەی ئەمانە دەفەرموێت:

﴿ إِذۡ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ لَوۡ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنۡهُمۡ كَمَا تَبَرَّءُواْ مِنَّاۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعۡمَٰلَهُمۡ حَسَرَٰتٍ عَلَيۡهِمۡۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾ ﴾البقرە: ١٦٦-١٦٧

واتە: کاتێـك لـە پێـشەواکان یەخـە هەڵدەتـەکێنن، لەوانـەی (لـە دنیا)دا دوایان کەوتوون، وە سزایان (بە چاوی خۆیان) بینین وە هـەموو پەیوەندییەکیان بچڕایەوە، وە ئەوانەی کە دوایـان کـەوتبوون ووتیـان، خۆزگـە ئێمـە بگەڕاینایەتـەوە(بـۆ دنیـا) تـا یەخـەمان لـێ هـەڵ بتەکاندایە، هەروەك (ئەوان) یەخەیان لە ئێمە هەڵتەکاند، ئـاوا، خـوا کردەوەکانیان نیشان ئەدات، بەداخ لەسەر دڵیان، وە ئەوان دەرچوونیان نییە، لە ئاگر.

پوختەی وەڵام چوار شتن:

یەکەم: پیرۆزبایی لەو کەسەی خوای دلۆڤان چاکەی بڕوایی و هـۆش و عەقڵی داوەتێ کـە بەرێگـەی راسـتی خواناسـی بـەدڵ و دەروونو ناخێکی بێ گەرد گرتووە.

دووەم: ئامۆژگاری باوك دەکەین واز لەم کارە بێنێ.

سێیەم: دڵنیاین ئەو کوڕەی باوکی لە دوکانەکـەی خـۆی بـەجێی دەهێڵێ بڕوای بە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) هەیەو شـتومەکی حـەڵاڵ دەفرۆشێ و ئەوەی خواو سوننەت قەدەغەی کردووە نافرۆشێ.

چوارەم: سەرچاوە بـۆ ئەحکامـە شـەرعییەکان ئـەوە نییـە ئـەوەی حکومەت بڕیاری بۆ دەدا یا بڕیاری بۆ نـادا یـا کـاری کـردەوەو خـوو رەوشت و هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەی بژێوی و قسەو بڕیاری خەڵکیش

نییه كه ژیانی خۆیان له دنیا بەسەر دەبەن، بەڵكو سەرچاوەی ڕاست و دروست گەڕانەوەیە بۆ كیتابی خواو سوننەتی نێرراویەتی (ﷺ).

الشيخ إبن عثيمين

خواپەرستی بە پێی توانا

پرسیار: ئێمە کۆمەڵێکین لـە هاوڕێـیـان بـۆ مەبەسـتی گفتوگـۆ و دیـالۆك دەربـارەی دنیـاو ئـایین کۆدەبینـەوە، کەچـی یـەکێك لـە ئامادەبووان پرسیارێك ئاراستەی هەمووەمان دەکات و تێیدا دەڵێ: ئایا مرۆڤی موسڵمان دەتوانێت بژیت کە ١٪ ژیـانی موسـڵمانانە بێـت لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی رۆژانـەو هەڵسوکەوتی لەگـەڵ کۆمەڵگەکـەی خـۆی بـەردەوام بێـت ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی ژیـانی رۆژانـەو هەڵسوکەوتەکەی لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆی زۆر شتی چاك و خراپ و کاریگەریشی تێدایە بەو مانایەی ئەگەر ئەو مرۆڤە موسـڵمانە لـەوەی خوای گـەورە قەدەغـەی کـردووە لێـی دوور بکەوێتـەوەو ئـەوەی لـە قورئاندا هاتووە پەیڕەوی بکات و ئەوەی سوننەتی پێغەمبەریشە(ﷺ) بیکاو جگە لەوەی حەڵاڵە مەیلی هیچ شتێکی دی نەکات لەسەر رێ و شـوێنی (محمـد-ﷺ-) بـڕوات، لەهـەموو شـتێکی قەدەغـەکراو دووربکەوێتەوە؟

لەسـەر ئـەم بابەتـە وەڵامـەکان هەنـدێ جیـاواز بـوون ئەگەرچـی هەمووشیان بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوەو بەڵام وەڵامـەکان دەربـارەی رێژەکەی جیاواز بوون، کۆمەڵێك گوتیان مـرۆڤ توانـای هەیـە ١٪ موسڵمان بێت، کەچی کۆمەڵێکی دیکە لەسەر ئەوە قایل نەبوون کە

مرۆڤ لەم سەردەمە بتوانێت ژیانێکی موسڵمانانە ١٪ بژیت، راو بۆچوونی ئەو کۆمەڵەی دوایی کە قایل نەبوو بەوەی مرۆڤ بتوانێت بەرێژەی سەد لەسەد بژیت ئەوەبوو کە توانای کۆمەڵگەو کاریگەرییە جۆراو جۆرەکانی کارێکی گەورەی لەسەر تاکدا هەیەو لەوانەشە زۆر شتی ناڕاست و دروست پێویست دەبێ رۆژانە جێبەجێی بکەیت و هەر ئەمانەش حکوومەت (هەر حکوومەتێك) بڕیاری بۆ دەدەن کەئەم شتانە ببنە بەشێك لە پێکهاتەی ماوەی ژیانی رۆژانەی هەر موسڵمانێك، هەر ئەم کۆمەڵەیە یاری تۆپی پێ بە نموونە دێننەوە کە حکوومەت هەوڵ دەدات هانی ئەم یارییە بدات سەرەڕای ئەوەی هێندە سوودی گەنجانی تێدا نییە وەکو ئەوەی ئەگەر بۆ نموونە گەنجان لەسەر سوارچاکی و مەلەوانیو تیرهاوێژی رابهێندرێن. نموونەیەکی دی وێنەو وێنە تەندارەکان.

نموونەیەکی دی پێوەندی بە خۆراکی مرۆڤەوە هەیە کە دەوڵەت هاوردەی دەکات وەکو ئەو خۆراك و خواردنەی لە دەرەوە دەهێندرێن، نموونەیەکی دی سوودی بانکەکان، هەروەها زۆر نموونەی دیکەشیان هێنایەوەو، کاتێ گفتوگۆیەکە درێژەی کێشا لەسەر هەندێ خاڵ رێککەوتین و لە هەندێکی دی بیروڕامان جیاواز بوو، ئێمە ئەم

پرسیارە بۆ بەرێزتان رەوانە دەکەین بەڵکو لەلای ئێوە وەڵامی راست و دروست و بڕواپێهێنەرمان بەچنگ بکەوێت.

وەڵام: لە راستیدا موسڵمان لە گوناه و تاوان و داوێن پیسی دوور نییە، لەهەڵەو شتی نادروست دوور نییە، نێوان چاکەو خراپە یەك کەڵە مووی باریکە، خودی مرۆڤ سادەو نەفامە، هەموو نەوەی ئادەم هەڵەکارن باشترین هەڵەکارەکان تەوبەکارەکانن هەر وەکو لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، بەڵام دەکرێ و لە تواناندا هەیە کە مرۆڤی موسڵمان لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی پارێزکاردا بژیت ئەمەش بە پێی تواناو خود گیری خۆی، هەڵبەتە ئەمەش بە گوێرەی ئەم فەرموودەیەی خوای مەزنە:

﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ ۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ التغابن: ١٦

واتە: کەوابوو لە خوا بترسن ئەوەندەی کە دەتوانن.

مرۆڤی خواناس لە ئایینەکەی خۆی ئەگەر هەڵەیەکی کرد یا هەڵەیەکی لێ روودا کە بەئقەست نەبووبێ و وا تێبگات بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆی یا ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی بەمە ئایینو

بڕوایەکەی لەکەدار نابێ، یا ئەوەتا ئەو هەڵەیەی کە دەیکات لەسەر وەڵامی پرسیاری خۆی بێت کە خاوەن زانستانی کردبێت و دانان و لێکدانەوەکەی خاوەن زانست بۆی دانابێ و بۆی لێکدابێتەوەو دانان و لێکدانەوەکەش لەگەڵ شەرعی بێ گەرد یەکنەگرێتەوە، بەمە ئایین و بڕوای برای موسڵمان لەق و لاواز نابێت.

کورتەی ئەم وەڵامە: پێویستە لەسەر موسڵمان بەپێی توانای خۆی خوا بپەرستێ، ئەو شتانە لە خۆی قەدەغە بکا ئەوەی خوای مەزن لەسەری حەرام کردووە، ئەوەی پێویستیشە لەسەری کە ئایینی خوا پێویستی کردووە دەبێ بیکاو جێبەجێیان بکات، هەر هەڵەیەکیش کە لێی ڕوویدا هەر چەندە بچووك بێت یا گەورە بێت پێویستە تەوبەی ئێجگاری بکات.

الشيخ إبن باز

بەشەکانی کاروکردەوە چاکەکان

پرسیار: ئایا موسڵمان ئەگەر کارێك یا هەر کارێك لە کارەکانی بەبێ نیاز کرد پاداشتی دەدرێتەوە، وەکو لابردنی کەرەسەیەکی ئازاردەر لە ڕێگایەکی گشتی، یا وەکو تەوقەکردنو دانیشتن لە کۆڕی ئایینی بێ ئەوەی لێی بە نیازی پاداشت بێت لەلای خوای گەورەوە؟

وەڵام: کارو کردەوە چاکەکان دوو بەشن:

جۆری یەکەم: هەندێ کارو کردەوە هەیە پێویستن و لە سوودی بۆ خەڵکی دی پتر نییە. ئەگەر ئەو کارانە جێبەجێ بکەیت بەنیازی پاداشت ئەگەرچی بە نیازی پێویستی سەرشانی مرۆڤە بەرانبەر کۆمەڵگەکەی خۆی بیکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بە نیازی پاداشتیش نەبیت تەنیا بەنیازی ئەرکێکی سەر شانی بێ بەرانبەر بە کۆمەڵ ئەمە پاداشتی لەسەر دەبێ.

جۆری دووەم: زۆر جۆرە پەرستن هەیە سوود بەخەڵکی دی دەگەیێنێت ئەمانە کە بۆ خەڵکی دی سوودبەخشن هەڵبەتە پاداشتیان دەدرێتەوە جا ئەگەر چی بەنیازیش نەبێت، بۆ ئەمەش پێغەمبەرمان (ﷺ) دەرفەرمووێت ئەو کەسەی نەمامێك بچێنێت یا رووەکێك بڕوێنێت ئاژەلێك لێی تێر بخوات یا هەر کەسێکی دی بەرەکەی بخوات

ئەمە پاداشتی بۆ هەیە ئەگەرچی ئەمامەکە دەچێنێت و نیازیشی لەمەدا نییە ئێنجا لەبەر ئەوەی سوودی بەخەڵك گەیاند ئەمە پاداشتی لەسەرە، هەڵبەتە ئەمەش نیشانە بەم فەرموودەیەی خوای مەزنە:

﴿ ۞ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ .... ﴾ النساء: ١١٤

واتە: هیچ چاکەیەك نییە لە زۆر چپەو سرتە کردنەکانیان دا، مەگەر یەکێك فرمان بکات بەماڵ بەخشین یان چاکە، یان چاککردنی نێوان خەڵکی.

ئیدی هەر ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ نیاز بۆ چاککردن و ئاوەدانیو ژیانی رۆژانەی کۆمەڵ دەیکات بێ ئەوەی چاوڕوانی پاداشت بێ کەچی ئەمەش خێری گەورەیە، ئینجا خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿ .....وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ ﴾ النساء: ١١٤

واتە: جا هەر کەسێك ئەوە بکات، بەنیازی رەزامەندی خودا، ئەوە لەداهاتوودا پێی دەبەخشین، پاداشتی زۆر گەورە، بێگومان چاکەو کردەوەی چاك و هەڵسوکەوتی جوانو خوو رەوشتی رێکوپێکی گەنجی موسڵمان کە رەچاوی پێکەوە ژیانو ئاسوودەیی نێو کۆمەڵگە بکات

ئەمانە خێرەکی پترن لەوەی خوای گەورە لەسـەرەتای ئایەتەکـە نـاوی هێناون، لادانی شتێك کەرەسەیەك لەسەر رێگایەك هاتووچۆی خەڵکی دیکەی لەسەر بێـت ئەمـە ئەگەرچـی بـەنیازیش نـەبێت بـۆ کۆمـەڵ سوودبەخشەو مرۆڤ پاداشتی دەدرێـتەوە، جا لـەو کـارە بەسـوودانەی مرۆڤ هەرچەند بچووك بێت لەم ئایەتە پاکانە باس دەکرێت یـا ئەگـەر گەورە بێت وەکو داهێنانە گـەورەکان، یـا پردەکـان، یـا تونیلـەکان، سوودبەخشنو لەرۆژی دوایی لەلای خوای پەروەردگار پاداشتی خۆیان هەیە.

الشیخ ابن عثیمین

گەنجێك نوێژەکان دەکات و هەندێ کردەوەی خراپیش دەکات

پرسیار: من نوێژەکان دەکەم و بەڵام هەندێ کردەوەی خراپیش دەکەم ئامۆژگاریتان بۆمن چییە؟ لەبەرچی نوێژەکانم لەکردەوەی خراپ دوورم ناکەنەوە؟

وەڵام: ئامۆژگاریم بۆ تۆ، بەرانبەر بە خوای گەورە ئەوەیە کە تەوبەی بکەی، ئەو خوایەی تاك و تەنیایە، ئەو خوایەی بێ نیازو جێی نیازو ئومێدە، کەسی لی نەبووەو لەکەس نەبووە، وە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوەو هاوتای نییە کاتێ بەرانبەر خوای مەزن کڕنوش دەبەیت پێویستە بەڕاستی هەست بەمەزنێتی بکەیت، هەست بە شکۆمەندی و میهرەبانی بکەیت، ئەوەش بزانیت ئەوەی لەخوای داهێنەر کە دروستکەری سەرجەم زیندوو و مردووانە سزای گەورەی هەیەو ئەوەی لێی یاخی بێت سزایەکی ئازاردەری بێ پایانی دەدات و ئەو فەرموودەیەی خوای گەورەش بخوێنیتەوە کە دەفەرموێ:

﴿ نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٤٩) وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ (٥٠) ﴾الحجر: ٤٩-٥٠.

واتە: هەواڵ بدە بەبەندەکانم، کـە بەڕاسـتی هـەر مـن لێبـووردەی میهرەبانم، وە بێ گومان هەر سزای منە سزای سەخت.

ئەی خودایە لێی ببوریت و بەزەیی پێ بکەیتەوەو ئازارەکەی لەسەر سووک بکەیتەوە.

بەڵام کە تۆ نوێژ دەکەیت و نوێژەکانت لە کردەوەی خراپ ناتپارێزن لەوانەیە نوێژەکانت کەموکورییان تێدا بێت، چونکە ئـەو نوێـژەی کـە نوێژکار لە درۆ و دزی و ساختەو کردەوە بەدەکانی دی دەپارێزێت ئـەو نوێژانەیە کە لە دڵ و دەروونێکـی بـێ گـەرد بەرانبـەر خـوای گـەورە کڕنۆش بەرێت، ئەو نوێژانەیە کە بە بڕوایەکی تەواوی راست و دروسـت خـوای گـەورەت ناسـیبێت و هەسـت بـە مـەزنێتی بکـەیت بـڕوای تەواویشت بەمە بێت کە خـوای گـەورە چـۆن ژیاندوویـەتی هـەر بـەم شـێوەیەش دەتمرێنێـت و دووبـارە زینـدووت دەکاتـەوەو بـۆ هـەر کاروکردەوەیەکی چاك و خـراپ چ گـەورە بێـت یـا بـچووك پاداشـتی گەورەو سزای ئازاردەر هەیە. نوێژی راسـتو دروسـتی بـەو مانایـەش وەك ئەوەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان ماوەتەوە، کـە پێـشتر دڵ و دەروونی بۆ خاوێن دەکرێتەوە بە نیازی پەرستنێکی راسـت خـودی بـۆ ئامادە دەکرێت هەمیشە نوێژ کردنیش وەکو ئەوەیە کە لـە سـوننەتدا هاتووە.

ئینجا هەموو نوێژێك مرۆڤ لە كردەوەی خراپ دوور ناكاتەوەو لەدەردو بەلاّی دنیا نایپارێزێت. دەبێ نوێژ وەكو پێویست بكەیت وەكو ئەوەی بەشێكی تەواو بنچینەكای ئایینی ئیسلامەوە لەگەلّیشیدا ئەوەی پێویستە لەسەرت جێبەجێی بكەیت.

لە ئایەتی —المائدە- ٥٣ —دا هاتوو: ﴿......وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ خودای پەروەردگار لە هەموو شتێك، لەهەموو جولاّنەوەی گەردیلەیەكی ئەم گەردوونە ئاگادارە.

خوای شكۆدار دەفەرمووێت:

﴿ ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ ﴾ العنكبوت: ٤٥.

واتە: بیخوێنەرەوە ئەو قورئانەی كە سرووش كراوە بۆت، وە نوێژ بكە، بێگومان نوێژ بەرگری (نوێژكار) دەكات لە كردەوەی پاپەسەند(خراپە).

الشیخ إبن عثیمین

پێویستە نوێژنەکەر بیبوغزێنیت

پرسیار: هاوڕێیەکی ئازیزم هەیە زۆر خۆشم دەوێت، بەڵام ئەم هاوڕێیە نە نوێژ دەکات کە لەسەری پێویستەو نە لەرەمەزانیش بەرۆژوو دەبێت، هەموو جارێك ئامۆژگاری دەکەم و ئایا بەردەوام بم یا، نا.

وەڵام: ئەم پیاوەو نموونەکانی وەکو ئەوە پێویستە بیوغزێندرێن و دوژمنداری بکرێن تاکو تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە ڕێگەی ڕاستی ئاین و خوای مەزن دەناسن.

چونکە وازهێنان لە نوێژ کوفری گەورەیە ئەوەش ڕاستی قسەی زانایانە بۆ فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ):

﴿لەنێوان پیاو و نێوان کوفرو هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوا وازهێنانە لە نوێژ﴾ اخرجه مسلم في صحيحه.

هەروەها لە فەرموودەیەکی دی درودو سەلامی خوای لەسەر بێت: ﴿ئەو شەرتەو پەیمانەی لەنێوان ئێمەیەو لەنێوان ئەوانە نوێژکردنە ئەوەی وازی لێبهێنێت کوفر دەکات﴾. أخرجه الامام أحمد وأهل السنن باسناد صحيح.

ئیتر فەرموودەکانی بەم مانایە زۆرن.

-بەڵام بە ڕۆژوو نەبوونی ڕەمەزان بەبێ پاساوێکی شەرعی ئەمە لە گوناهە هەرە گەورەکانە، هەندێ لە زانایانی ئایینی گەیشتنە ئەو رادەیەی کە بڵێن ئەوەی لە ڕەمەزان بەبێ پاساوی شەرعی وەکو نەخۆشی و گەشت کردن بەڕۆژوو نابێت کوفری گەورە دەکات.

پێویستە لەسەرت بۆ ئەوەی لەخوا پەرستییەکەی خۆت بەردەوام بیت ئەم هاوڕێیە ببوغزێنیت و وازی لێ بهێنیت و خۆتی لێ بپارێزیت تاکو تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە ڕێگەی ڕاستی خواناسی.

پێویستە لەسەر بەخێوکارانی موسڵمانان ئامۆژگاری ئەوانە بکەن کە وازیان لە نوێژ هێناوەو ڕێنماییان بکەن تاکو دەگەڕێتەوەو تەوبە دەکەن ئەگەر نا کوشتنیان پێویستە ئەمەش بە گوێرەی فەرموودەی خوای مەزن و توانادار هاتووە:

﴿فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ﴾

لتوبه:٥.

واتە جا ئەگەر پەشیمان بوونەوەو، نوێژیان کردو، زەکاتیاندا، ئەوە ڕێیان پێبدەن بەڕەڵایان بکەن.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوەی نوێژ نەکات بەرەڵا ناکرێت، پیغەمبەریشمان (محمد-ﷺ-) دەفەرمووێت: ﴿ من کوشتنی نوێژکارانم قەدەغەکرد﴾ ئەمەش هێمایەکی تەواوە بەو مانایەی ئەوەی

نوێژ نەکا هێشتا کوشتنی تەواو نەکردووە یا کۆتـایی پـێ نـەهێناوە.

هەموو بەڵگە شەرعییەکان لە ئایەت و فەرموودەکان بەڵگەو نیشانەی ڕاست و دروستن کە پێویستە لەسەر بـەخێوکاران ئـەوەی نوێـژ ناکـات بیکوژێت ئەگەر تەوبـە نـەکات، بەرانبـەر ڕووی پـاکی خـوای مـەزن دەستمان بەرزدەکەینەوەو بە دڵێکی پڕ لە بڕوا داوای لێدەکەین، هـاوار دەکەین، دەپاڕێینەوە کە ئەم هاوڕێیەت تەوبە بکـاتو بـەڵکو خـوای گەورە ڕێگای ڕووناکی پێ نیشان بدات و دەرگای پڕ لە بـەزەیی خـۆی بۆ والاّ بکاتەوە.

الشيخ إبن باز

دەست بەوەختەوەگرتن لە ڕەمەزاندا

پرسیار: دەڵێت: شێخی بەڕێز، ئێمەی موسڵمان هەموومان دەزانین کاتێ مانگی ڕەمەزان دێت بێداری لە شەوان زۆر دەبێت، شەویش لەلای زۆر کەس بە خواپەرستی و خوێندنەوەی قورئان و دانیشتنی نێو کۆڕە ئایینییەکان بەسەر دەچێت، کەچی زۆر کەسانی دیکەش هەنە سات و وەختی شەوانەی مانگی ڕەمەزانی خۆیان ئەگەرچی نوێژەکان دەکەن و بەرۆژووش دەبن ئەم وەختە جوان و بەنرخەی خۆیان بە بینینی شانۆگەری یا نمایشە ئایینییەکان بەسەر دەبەن و ئینجا ئەم نمایشانە هەندێ لەشەڕە دێرینەکانی تێدایەو لەهەندێ بڕگەش ئافرەتی سەرو مل والآو رووتی تێدایە، هەروەها زۆر لەگەنجانیش ئەم شەوە لە مانگی ڕەمەزان بە بێداری دووردرێژ بەسەر دەبەن و تێیدا شتی وا دەکەن کە خوای شکۆمەند پێی ناخۆشە، یاری کاغەز یا تۆپ تۆپێن دەکەن و یا دەچنە دەشت و چۆلەوانی یا لەسەر شۆستەکان پاڵدەدەنەوەو کاتە جوانو بەنرخەکەی خۆیان بە قسەو گفتوگۆی بەتاڵی بێ مانا بەسەر دەبەن ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانت بۆ ئەم هەموو خەڵکە چییە چ پیر بن یا گەنج؟

وەڵام: ئامۆژگاری من بۆ ئەوانە ئەوەیە کە ئەم وەختە پیرۆزو بەهایە بە هەند هەڵبگرن، کە لە ژیانی مرۆڤی موسڵماندا یەك جار

دێت و جارێکی دی ناگەڕێتەوەو سات و وەختێکی دیکەیان بەچنگ ناکەوێت که تێیدا بخەون یا قورئان بخوێننەوە.

دەست پێوەگرتن بە سات و وەخت لە ژیاندا زۆر گرنگە بەتایبەتی لە ژیانی گەنجانی موسڵمان، با دەست بەو وەختە پیرۆزەوە بگرن و قورئان بخوێننەوە تاکو خەو دەیانباتەوە. خۆزگە ئەگەر ئەو خەڵکە دوای تەراویحەکان کۆدەبوونەوەو قورئانیان دەخوێند و پرسیاریان ئاراستەی یەکدی دەکردو ئەگەر وەڵامیان بەچنگ بکەوتایە ئەگەرنا روویان لە زانایان بکردایە تاکو وەڵامەکانیان بۆ دەدرایەوە، یەکێکیان هەندێکی بخوێندایەو ئەوی دی هەندێکی دی و ئەوەی لەدوای ئەو هەنەدێکی دیکەی بخوێندایە بە گوێرەی چالاکی خۆیان شەویان بەم شێوەیە بەسەر ببردایە، بەمەش بە چاکی خوێندنەوەو ماناکان فێر دەبوون، ئەمە خێری زیاترەو لەوە چاکترە کە ئەم سات و وەختە جوانەی تەمەنی گەنجایەتی بەبێ سوود بەرێ دەکەن، ئەمە جگە لەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە کە هەندێکیان شتی نابەجێ و حەرام دەکەن، بەڵام دەربارەی سەیرکردنی زنجیرە بێ مانایەکان کەلە فریودان و شەیدا کردن چی دی تێدا نییە(واتا سەیرنەکرێت).

ئامۆژگاریم بۆ برایەکانم

تکام وایە پڕ بە دڵ ئەم ئامۆژگارییەم وەربگرن، ژیانی مرۆڤ زۆر بەنرخ و بە بەهایە بەتایبەتی تەمەنی گەنجایەتی، ئەم تەمەنە ساتە وەختێکە گەڕانەوەی نییە لەم تەمەنە خوا پەرستی و ناسینی بەراست و دروستی زۆر مەرجە بۆ پتەوکرنو بەردەوامیو بۆ پێشەوە بردنی نەتەوەی موسڵمانو گەڕانەوە لەم تەمەنە بۆ خوای توانادارو دەسەڵاتدار مەرجێکی گەورەیەو هەمیشە پاداشتی گەورەشی بەدوایەوەیە. ئینجا ئێمە پێویستمان بە نووستن نییە کە لە رۆژێدا بخەوین رۆژ کورتەو وەخت ساردەو رۆژیش بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانە، خوێنەر لە قوتابخانەی خۆیەتی و، مامۆستا بە قوتابییەکانی خۆی خەریکەو، بازرگان لە نووسینگەی خۆیەتی و، فەرمانبەر لە فەرمانگەیەو پێویستمان بە نووستن و پاڵدانەوەی رۆژێ نییە، با شەو بۆ نووستن تەرخان بکەین و تێیدا قورئانی پیرۆز بخوێنینەوەو تاکو ئەوەی لە تواناماندا بوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، چونکە خوێندنەوەو قووڵبوونەوە لە قورئان رۆشنبیرییەکت بۆ بەدەست دێنی کە لە کۆڕە ئایینییەکاندا دەتوانیت بە شانازییەوە بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکەیت.

الشیخ ابن عثیمین

سزای نیازکار بۆ وازهێنان لە کردەوەی خراپ

پرسیار: شێخی بەڕێز: من گەنجێکم نیازم کردووە واز لە کردەوەی خراپ بێنم و حەوت کەڕەت خۆم بۆ تەرککردنی کردەوەی خراپ ئامادەکردووەو هەر کەڕەتیش کە نیازی بۆ دەخوازم نیازەکە دەشکێنم و دەگەڕێمەوە سەر دۆخی خراپەکارییەکانی پێشوو، دیسانیش خۆمی بۆ ئامادە دەکەم، ئایا چ گوناه لەسەر من هەیەو، ئایا کەفارەتدانی هەیەو، ئایا بۆ من دەکرێ پێش کەفارەتدان سەردانی ماڵی خوا بکەم؟

وەڵام: ئامۆژگاری ئەو برایەمان دەکەم کە بۆ وازهێنان یا دوورکەوتنەوە لەهەر خراپییەك یا قەدەغەکراوێك نیازکردنو خۆ ئامادەکردنی لەخۆی نەکاتە بار چونکە ئەمە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ و نابەجێ و قەدەغەکراو نیازی خۆپارێزی لێبکات ئەمە لە ئەنجامدا لێی دەبیتە خوو و لێی رادێ.

خوای مەزن، خودای تاك و تەنیا، تەنیا بەخۆی داهێنەرو گیانلەبەرخەری گشت زیندەوارانە دەفەرموویێت:

﴿ وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ ۖ قُل لَّا تُقْسِمُوا۟ ۖ طَاعَةٌ مَّعْرُوفَةٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾ النور:٥٣.

واتە: (دوو ڕووەکان) سوێندتان دەخوارد بەخوا، بە ئەو پەڕی سوێند خواردنیان، کە ئەگەر فەرمانیان پێ بدەیت (بەدەرچوون بۆ غــەزا) بــێ گومان دەردەچن، بڵێ: سوێند مــەخۆن، ملکەچــی و گوێڕایــەڵی ئێــوە زانراوە (قسەتان پێچەوانەی کردارتانە)، بەڕاستی خــوا، ئاگــادارە بــەو کردەوانەی دەیکەن.

مـانای ئەوەیە کـە گوێڕایــەڵ بــن گوێڕایەڵییــەك کــە ناسـراو بــن‌و بناسرێن بێ ئەوەی ســوێند بخــۆن و پێویــستیش بــە ســوێند خــواردن ناکات، هەروەها پێویستیش بە شت لەخۆ گرتن یــا خــودی خــۆتی بــۆ ئامادەو تەرخان بکەیت، بڕوای خۆت بەهێز بکەو توانای خــۆت بــەکار بهێنە دەتوانیت ئەوەی شتی خراپەو کردەوەی قەدەغەکراوە بەبێ نیــاز لێگــرتن لێــی دوور بکەویتــەوەو خــودی خــۆتی لێبپارێزیــت، ئەمــە لەهەموو شت باشترەو یەکەمین هەنگاوە بۆ خواپارێزی و خــوا ناســین، بەڵام ئەگەر لە دڵ و دەروونی خۆت نیازی ئەوەت کــرد کــە کــردەوەی ناپاکی نەکەیت‌و لێی دووربکەویتەوەو ئینجا دووبارە گەڕایتەوە ســەر کردەوەی خراپ، پێویستە لەسەر تۆ تەوبەی ئێگجاری بکەیت و ئەوەی موسڵمان و خواناس بێت دەبــێ بزانێــت تەوبــەی ئیکجــاری هــەموو کەسێك ئەرکەکانی پێ هەڵناگیریت و پەشیمان بوونەوەی لەدوادا نییەو هەمیشە دەبێ ئەوەش بزانێت شــکاندنی تەوبــەی ئێجگــاری ســزای

گـەورەی بەدوایەوەدیـە، هـەروەها پێویـستە لەسـەرت لەسـەر ئـەو پاشگەزبوونەوەیە کە سوێندت خواردووە لەگەڵ خوای گـەورە پـەیمانت بەستووەو شکاندووتە دەبێ کەفارەت بدەیت ئـەویش ئەوەیـە نـانی دە هەژاران بدەیت یا جلوبەرگیان بۆ بکەیت یا کەسێك لە کۆیلەیی رزگار بکەیت، ناندانیان دەبێ وەکو ئەوەی خەڵکی خۆتان لـە چـینی ناوەنـد خۆراکیان چی بێ هەمان خۆراك بێ، چـینی ناوەنـد ئیمـڕۆ خـۆراکی برنجـە، دە کـەس لـە هـەژاران نیـوەڕۆ یـا ئێـواران خـۆراکی برنجیـان دەدەیتێ، ئەگەر ویستت بە نەکولاوی بەسـەریاندا دابـەش بکـە، هـەر یەکێکیان بۆ نموونە نزیکەی کیلۆیەك لە گەڵیشیدا شتێك لە گۆشـتیان بـدێ بـەم شـێوەیە نیـاز لـە خۆگرتنەکـەت لەسـەر نـامینێ بـەڵام دەگەڕێمەوەو دووبارە ئەمە دەڵێمەوە کـە پێویـست ناکـات مـرۆڤ بـۆ خواپەرستنی خۆی نیازی کردەوەی چاك بکات پێشتر ئەوەی لەدڵ بێـت کە لە کردەوەی خراپ دوور بکەوێتـەوە لەگـەڵ خـۆی پـەیمان بـدات و سوێند بخوات کە جارێکی دی سەیری زنجیرە نمایشکراوەکانی تەلەفزیۆن نەکات و کەچی بۆ بەیانی لەخەو هەڵبستێت و بۆ ئێوارێ کاتی شـەوێ سەر لەنوێ لەبەردەم تەلەفزیۆن دابنیشێت و سـەیری ئالقـەکانی دوای شەوی رابردوو بکات و ئەو پەیمانو سوێند خواردنـەی شـەوی پێـشتری لەبیر بچێت.

پێویستە گەنجی موسڵمان ئەمە زۆر چاك بزانێت کـە خـودی مـرۆڤ (مەبەست قەبارەی لەشی مرۆڤ) لەسەدا ٩٧ی لە ئاو(شلە)پێکهاتووە ئـەوەی دی ئێـسقانەو ئێـسقانەکەش ئەگـەر بـۆ تێگەیـشتن روونـی بکەینەوە و بیهاڕین ئەویش لەسەدا ٩٠ی شلەیەو ئەوەی دەمینێتـەوە کە بەرجەستەیەو بـەڕەقی دەمینێتـەوە دەبێتـە ئـاردێکی هێنـدە ورد پەرداخێك پڕناکات. کەواتە مرۆڤ لە دوو شـتی سـەرەکی پێکهـاتووە دەروونو لەش. ئێنجا ئەگـەر لەشـی مـرۆڤ هـەمووی پـەرداخێك پـڕ نەکات لەم مرۆڤە چی دەمینێتەوە، ئەوەی دەمینێتەوە دەروونـە، ئـەم دەروونە هـەم گیانـەو هـەم بـیرو هۆشـە، ئـەویش ئەگـەر موسـڵمانی ڕاستیش بێ پێویستە خاوەن دەروونی خۆی بێت و بـەهێز و بـە توانـا بێت و دەروونی پڕ بڕوای ڕاسـتی بێـت و خـاوەن بـیرو هۆشـی چـاك و دروست بێت و ئیدی هەر ئەمانەیە کە ئەم لەشـە ئـاوە بەڕێوەدەبـەن بۆیە بـۆ گـەنجانی موسـڵمان ڕۆشـنبیری زۆر پێویـستەو خوێندنـەوەو روونکردنەوەو تێگەیشتن لە مەبەستی ئایەتـە پاکـەکان زۆر پێویـستە ئەی خودایـە، بـە گـەورەیی‌و مـەزنێتی خـۆت لـە نـەزانو نـەفامان بمانپارێزیـت هـەر بـەخۆت گـەورەو شـکۆکاریت ئـەی بەزەیـدارترین بەزەییداران.

بەلاّم دەربارەی سەردانی بۆ ماڵی خوا(حەج) بەر لەوەی کەفارەتدانەکە بکات شتی چاکەو گوناه نییە، چونکە کەفارەتدانەکەش دەکرێ ئاسان بکرێت و ئەگەر نەیتوانی خۆراکی دە هەژاران بدات یا نەیتوانی جلوبەرگیان بۆ دابین بکات یا نەیتوانی کۆیلەیەك ئازاد بکات با سێ رۆژان لەسەر یەك بەرۆژوو بێت.

الشيخ ابن عثيمين

ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی وازیان لە نوێژ هێناوە...

پرسیار: من گەنجێکی پەیوەستکارم و سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە چاکەی لەگەڵ کردووم دەرگای ڕووناکیو ناسینی خۆی بۆ والآ کردووم و بەلاّم کێشەیەکی گەورە سەرقاڵی کردووم ئەویش ئەوەیە چەند برایەکی هەیە نوێژی بە کۆمەڵ ناکەن و، هەروەها لەماڵەوەش نایکەنو بەڕادەیەك نوێژی هەینیش ناکەن، جگە لەمانەش شتەحەرامەکان حەڵاڵ دەکەن و زۆر شتی خراپ و قەدەغەکراویش هەیە دەیکەن، من لەلایەن خۆمەوە هەڵسام چەند کاسێتێکی خوێندنی قورئانم بۆ هێنان تاکو گوێی لێ بگرن لەگەڵ ئەمەش چەند کەسانێکی خاوەن باوەڕو بە ئەزموون ئەم برایانەی منیان ئامۆژگاری کرد کەچی هیچ چارەی نەبوو و لەسەر بێ باوەڕی و ملهوڕی خۆیان بەردەوام بوونو دواتر ئەهلی بڕواکارانیان پتر دەبوغزاند، ئومێدەوارم ئامۆژگاریتان بۆ من ببێتە پردێکی جوانو قەشەنگ بەڵکو برایەکانم لێی بپەڕنەوەو خوای گەورەش ئاسانکاری لەپەڕینەوەیان بکات و خوای گەورە بناسن و بیپەرستن هەورەها تکام وایە بەڕێزتان لەخوای گەورە بپاڕێنەوە تاکو برایەکانم بکەونە سەر ڕێگای ڕاست و منیش بحەسێمەوە؟

وەلام: ئەوەی پێویستە لەسەر تۆ لە ئامۆژگاریکردنیان بەردەوام بەو لێی سل مەبەوە بەڵکو خوا بکا دەرگای عەقڵ و خێریان بۆ بکاتـەوەو بێنەوە سەر هۆشی خۆیان، ئەگەر هەر ویستیان لەسـەر بـارودۆخو بـێ مێشکی خۆیان بەردەوام بن، بۆیـان دڵگـیرو غـەمگین مەبـە، خـۆت نارەحەت مەکەو، دڵی خۆشت توند مەکە، ئەمەش چاك بزانە کە بـەر لە تۆ نێرراوی خوا (ﷺ) بانگەوازی میللەتەکەی خۆی دەکـرد، داوای لەمامی خۆی کـرد کـە لەسـەرەمەرگدا بـوو خـەریکبوو گیـانی دەدا داوایلێدەکردو دەیفەرموو﴿بڵێ هیچ پەرسـتراوێك نییـە بەهـەق تـەنیا خوای گەوریە ئەم وشەیە بـۆ تـۆ لـەلای خـوای گـەورەو پـەروەردگار دەبێتە پاساو﴾ بـەلام مـامی –پـەنا بـەخوا-لەسـەر بێبـاوەری خـۆی بەخوای مەزن مکوڕ بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: دوعـات بـۆ دەکەم و لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە تاکو ئەو کاتـەی دەتبەخـشێ، دوا قسەی ئەوە بوو کە گـوتی: مـن لەسـەر ئـاییني عەبدولموتـەلیبم لـە هاوبەش پەیداکاری، خوای مەزنیش بەگەورەیی و تواناداری خۆی ئـەم (نهی) یەی دابەزاند:

﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾التوبە: ١١٣

واتە: ڕەواو شایستە نییە بۆ پێغەمبەرو باوەڕداران، کە داوای لێبووردن بکەن بۆ هاوبەش پەیداکاران، با خزمی نزیکیشیان بن، لەپاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەتووە، کە بێگومان ئەو (هاوبەش دانەرانە) هاوەڵ و پێڕی دۆزەخن.

تۆش لەگەڵیان هەوڵ بدەو بێزار مەبە داوا لە خوای گەورە بکە کە لەو ڕێگە تاریکەی ئەوان گرتوویانە دڵیان نەرم بکات، هۆشیان بە بەرەوە بێنێت تاکو گزنگی ڕووناکی لە ئاسۆی ئایینی خوای مەزن و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆیان هەڵدێ. ئەگەر ئەوانە دایك و باوکیان هەبێ داوا لە دایك و باوك بکە بەڵکو ئەوان لەلای خودای گەورە بۆیان دەپاڕێنەوە چونکە دوعاو نزای دایكو باوك بۆ کوڕەکانیان جێ ی خۆی دەگرێ و هەمیشە وەڵام دەدرێتەوە لەبەر ئەوەی داواکارییەکە بۆ کاری باش و ڕێگای ڕاست و خواپەرستی یە ئەگەر ئەوانیش نەیانویست کوڕەکانیان بگەڕێنەوە سەر خواپەرستی و کردەوەی باش با سەیری بەرژەوەندی بکات لەوانەیە مانەوەی ئەوان

لەلای باوكو دایكیان رۆژێ دابێ كە ئەوان بەخۆیان هەست بە شەرمەزاری و رووڕەشی خۆیان بكەن بەپێچەوانەی ئەوەی لێیان دووربكەونەوە یا كوڕەكانی خۆیان لەماڵەوە دەربكەن لەو حاڵەتەش لەوانەیە پتر تووشی بەدكاری بن و پتر روو لە بنەماكانی ئایین وەربگێڕن و سوپاس و ستایشی بۆ خوا كە لێم نەگرێت لەوانەیە رۆژێ دابێ بەربەرەكانی ئاینیش بكەنو ئەو كاتە باوك ناچار دەبێ روو لە زانایان بكاو لەبارەی نارێكی كوڕەكانی خۆی ئاگاداریان بكاتەوە ئەمانەش هەمووی لەدوای ئەمە دێت كە تەواو لێیان بێزار دەبێت.

الشيخ إبن عثيمين

لە جگارە کێشان دوور بکەوە

پرسیار: من گەنجێکم هەموو نوێژەکان دەکەم و بەڵام جگارە دەکێشم، دوای ئەوەی جگارەکە دەکێشم هەست دەکەم شتێکی نارێکم کردووە تەوبەی دەکەمو دووبارە دەست بە جگەرەکێشان دەکەمەوەو ئینجا سەر لەنوێ تەوبەی دەکەمەوە ئەمە چەندین جار لەمن روویداوەو ئەم جگارەکێشانەم پێ واز لێناهێندرێت لە سزای خوای گەورە دەترسم پێم بڵێن چی بکەم خوا پاداشتی چاکەتان بداتەوە، تکا دەکەم دوعام بۆ بکەیت بەڵکو واز لەم خووە نەگریسە بهێنم و بێمە ڕیزی چاکەکاری چاکەکاران.

وەڵام: لەخوا داواکارم بۆ وازلێهێنانی پشتگیری بێت و ئێمەش لەگەل تۆ بکاتە چاکەکار. دەڵێم: زۆر هونەرە ئەگەر مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤی موسڵمان لەمەشدا مەبەستم ئەو گەنجە موسڵمانانەیە کە بەڕاستی خوا دەپەرستن و دەیناسن بێ بینەو بەردە، بێ ئەم لاو ئەولا، بێ پسان و گریدان، ئەوەی بەراستی موسڵمانێتی خۆی بکات یەکەمین مەرج بەراستی موسڵمانێتی گەنجان پێویستە خاوەن ورەی بەرز بن، خاوەن بڕوای بەتین بن، توانای تەواویان بەسەر بڕیارەکانی خۆیان هەبێت، وازلێهێنان لە جیگارە شتێکی زۆر ئاسانە بۆ ئەوەی خواو پێغەمبەری (ﷺ) خۆی بەتەواوی بناسێت. برایان خۆتان بەتەواوی رۆشنبیر بکەن و مێژووی خەلیفەکانی راشیدین بخوێننەوە سەیری ژیانو کردەوەکانیان بکەن، ژیانی یاوەرانی پێغەمبەر(ﷺ) بخوێننەوە ئالای ئایینی ئیسلامیان گەیاندە فیلیپینی

ئەوپەڕی رۆژهەڵاتی دنیا، لە رۆژئاواش لە چیای (برنس)ی ئیسپانیا ئاودیوبوون گەیشتنە ئاقاری شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا، مێژووی ئەم سەرکردانە بە چاکی بخوێننەوە لە ئاستیاندا مرۆڤی ئەم سەردەمە هەست بە کزیو لاوازیو شەرمەزاری دەکات.

جگارە نەکێشان بۆ کەسێکی رۆشنبیر هەر هێندەیە کە بڕیاری بۆ بدا، تۆش بڕیارێك بدە ئەو هێندە جگارەیەی لەنێو پاکەتەکەتدا ماوە بیانشکێنەو چی تر مەکێشە ئەگەر هەر نا لە جیاتی ئەمە شەربەتێك بخۆوەو لەلای پیاو چاکان دانیشە بەڵکو لە بەرانبەریان لە جگارەکێشان هەست بەکەمی و شەرمەزاری خۆت بکەیت، دانیشتنیش لەگەڵ پیاوچاکان خورەوشتت چاك دەکاتو لەگەڵ ئەمەش واز لە جگەرە دێنیت و رۆژگارێکیش دادێ هەست دەکەیت لەو سەردەمانەی جگارەت کێشاوە هەڵەی گەورە و زیانی کوشندەشت لە تەندروستی خۆت داوە تەندروستی گەنجی موسڵمانیش زۆر گرنگە چونکە چەند تەمەنت درێژ بێت، خواپەرستیو خواناسینت پاشتر دەبێت و، خێرو خێرات زۆرتر دەبێت، چاکەو پیاوەتیش گەورەو جێگیرتر دەبێت.

الشیخ ابن عثیمین

سزای ئەوەی سوننەتی پێغەمبەر پیڕەو ناکات

پرسیار: هەندێ لە برایان دەڵێن: ئەوەی هەر پێنج کۆڵەکەی ئیسلام جێبەجێ بکات موسڵمانە تاکو ئەگەر سوننەتی پێغەمبەریش (ﷺ) لە سمێڵ تاشین‌و ریش بەردانەوەو شەرواڵ و عەبا کورتکردن جێبەجێ نەکات، راستی ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە خوای گەورە پارێزگارتان بێ؟

وەڵام: ئەمە راستە کە مرۆڤ ئەگەر هەر پێنج کۆڵەکەی ئیسلامی جێبەجێ کرد ئەوە موسڵمانە، تاکو ئەگەر سمێڵی بەرداوەو ریشی خۆی تاشی‌و جلوبەرگ‌و عەبای شۆڕیشی لەبەرکرد، بەڵکو ئەو کەسە بڕواهێنە بەڵام بڕوای کەموکوڕی تێدایە چونکە سەرپێچی لەم قەدەغەکراوانە دەکات‌و لەسەر پێڕەوکردنیشیان رشت و مکوڕە، چونکە ئەگەر تۆ گوتت موسڵمان نییە مانای ئەوەیە تۆ لە ئیسلامت دەرهێنا، دەرکردنی مرۆڤیش لە ئیسلام کارێکی ئاسان نییە، بۆ ئێمە ناکرێ کەسێك لە ئیسلام دەربکەین تەنیا بە بەڵگە نەبێ ئەویش لە کتێب(قورئان) و سوننەت هەیەو بڕیاردەری ئەمەش کۆمەڵی نەتەوەی موسڵمانە، چونکە دەرکردن لە ئیسلام سزایەکە لە سزایەکانی خوای گەورە ئەمەش پەیوەستە بەمەسەلە گەورەکان. ئینجا ئێمە کە نەتوانین هچ شتێ حەڵاڵ بکەین تەنیا بە بەڵگە نەبێ، هەمیشە کە نەتوانین

هیچ شتێ حەرام بکەین تەنیا بە بەڵگە نەبێ یا ئەمە پێویستە ئەویش بە بەڵگە، کەواتە ئێمە ناتوانین بڵێین ئەمە کوفرە تەنیا بە بەڵگە نەبێ و ناشتوانین بڵێین ئەمە کافرە ئەویش هەمیشە هەر بە بەڵگە دەبێ نەتەوەی موسڵمانیش هیچ شتێك لێکینەترازاندووە تەنیا نموونەی وەکو ئەم قسانە نەبێ کە لەسەر سەهوو خراپ تێگەیشتن دامەزراوە، دەرچووەکان (الخوارج) لەبەرچی لەژێر ئالآی یەکباوەڕی دەرچوون و شتی زۆریان لە نەتەوەی موسڵمان تێك دا. چونکە ئەوان ئەوەی تاوانێکی گەورەی بکردایە بە کافریان لەقەڵەم دەدداو دەیانگوت: ئەوەی تاوانی گەورە بکا کافرەو هەتا هەتایێ لە نێو ئاگر دەمێنیتەوە پێویستە بکوژرێت، مێژووی ئەو سەردەمیش ئەوانی بۆ ئێمە بەدەرخست کە دەرحەق بەمێژووی پاکی بزووتنەوەی ئایینی ئیسلامی ئەو سەردەم چ ستەمو خراپەکارییەکی گەورەیان کرد، ئەوەی شایانی باسە ئایینی ئیسلام وردەکارییەکی زۆری تێدایە لەهەر شتێکی بچووك یا گەورە کتێبی خواو سوونەتی پێغەمبەر(ﷺ) پێڕەو و پرۆگرامی تەواوی تێدایەو بەوەی موسڵمانی راستی بێت پێویستە لە هێڵی ئایەتە پیرۆزەکان و فەرموودەکان هێندەی کەڵە موویەك لانەدات. کافربوونی مرۆڤی موسڵمان هێندە ئاسان نییە، لەوانەیە

مرۆڤ لە زۆر شتی پرۆگرامی ئاینو سونەت لابدات بەڵام هەمیشە بڕواهێنەو تەنیا ئەوەیە کە بڕوای کەمی هەیە.

ئەگەر پرسیارم لێکردن مەزنترین شت لە دوژمنداریو ستەم و کوشتاری لەسەر نەوەی ئادەم چییە؟

وەڵامەکە ئەوەیە: کوشتن، کوشتن لە لێسەندنو بردنی ماڵ و سامان مەزنترە، لەبەر ئەمە خوای مەزن بکوژی کردووەتە برای کوژراو. خوای مەزن کە پاشایەو هیچ شتێك نە لە ئاسمان و نە لەزەویو نێوەندییان بەبێ فرمان و ئاگاداری ئەو ناکرێت دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ ﴾ البقرە : ١٧٨

واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە، پێویست کراوە لەسەرتان تۆڵە سەندن، لە کوژراواندا (بەیەکسان)، ئازاد بە ئازاد و، بەندە بە بەندەو، ژن بە ژن (مێینە بە مێینە)، ئینجا هەر کەسێك بەخشرا، لەلایەن برایەکی ئایینی یەوە، بە بەشێك (لە خوێنەکە)، دەبێ (خزمەکانی تر) پەیڕەوی بکەن بە باشی.

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە کە خوای مەزن بکوژو کوژراوی موسڵمانانی بە برای یەکدی داناوە.

هەروەها خوای مەزن لە شەڕی نێوان دوو هۆز لە ئیمانداران دەفەرمووێ:

﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَـٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ..... ﴿١٠﴾ ﴾ الحجرات: ٩-١٠

واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە ئیمانداران، دژ بەیەکتر جەنگیان کرد، ئەوە لەنێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن، ئەنجا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەست درێژی کرد، بۆ سەر کۆمەڵێکی تریان، ئەوە ئێوە (موسڵمانان) لەگەڵ ئەوەیان بجەنگن کە دەست درێژی دەکات، تا دەگەڕێتەوە، بۆ فەرمانی خوا(ملکەچی فەرمانی خوا دەبێ)، ئینجا ئەگەر گەڕایەوە، ئەوسا لە نێوانیاندا ئاشتەواویی بکەن، بەدادگەرانەو ڕاست و دادپەروەر بن(لە نێوانیاندا). بێگومان خوا، دادپەروەرانی خۆش دەوێت، بێ گومان تەنیا باوەڕداران بران، کەواتە ئەگەر لەنێوان دووبراتاندا(ئاژاوە هەبوو) ئاشتەوایی بکەن و، لەخوا بترسن، تا بەزەییتان پێ بکات.

ئێستا ئەمە ئێوە بەخۆتان دەبینن لە فەرموودەی خوای مەزندا کە بە خۆی داهێنەرو دانەرو دروستکەرەو هەر بەخۆیشی بەسۆزو میهرەبانە بکوژی کردووەتە برای کوژراوو، بکوژیش لە بڕوای خۆی بەخوای گەورە دەرناچێت و بکوژی ئیماندارانیش لە ئیمانو بڕوابوون بە خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەرناچێت.

کەواتە چۆن ئەگەر یەکێك ریشی خۆی تاشیو، جلوبەرگ و پانتۆڵ و شەروالی خۆی شۆڕ کرد چۆن دەتوانین بڵێین ئەمە موسڵمان نییە؟ دەڵێین ئەو کەسە موسڵمانەو بەلام کەم باوەڕە لەگەڵ ئەوەی لە زۆر شتیش یاخییە.

الشيخ إبن عثيمين

ڕێگای تەوبەکردن

پرسیار: شێخی بەڕێز: من گەنجێکم دەمەوێت تەوبە بکەم خوا دەزانی من کە بۆ هەر کۆڕێکی ئایینی دەچم تەنیا ئەوەیە لە ئایین قووڵ ببمەوەو سەرجەم ئامۆژگاریو ڕێنماییەکانی پیاوانی زاناو چاکەکاران لە گوێ بگرم و بەپێی توانا پەیڕەویان بکەمو، بەڵام ئەوەی سەیری ئەم سەردەمە دەکەم کە خودی خۆم وای بۆ دەچم تاڕادەیەك حەز دەکەم لەگەڵیدا بڕۆم ئەویش ئەوەیە کە ریشم دەتاشم جلوبەرگی جوانو گرانبەهای شۆڕ لەبەردەکەم و لە ماڵیشمان خۆم لەبەر دۆش دەشۆرم چارەی من چیە؟ داوا لە خوای گەورە دەکەم لەسەر دەست و ڕێنماییەکانی تۆ بۆمنو برایانی موسڵمان کە وەکو من کەوتوونەتە نێو شێوەی ئەم نموونانە بتوانم لە وەڵامێکی چاك و دروستی بەڕێزتان ڕێگای راستی بدۆزمەوە؟

وەڵام: لەخوای گەورە داواکارم ڕێگای راستی بگرێت، ئەی خودایە داواکارم ڕێگای رووناکی پیشان بدەیت و ئاسانکاری بۆ بکەیت. بێگومان ئەم پرسیارە مەبەستی خۆی هەیەو لە خوای مەزن داواکارم کە بەخێرو چاکە مزگێنی وەرگریت چونکە ئەمە نیازو مەبەستتە.

تەوبەکردنیش ئاسانە ئەگەر دڵ و دەروون نیازپاکی تێدابێت و هەڵبەتە بۆ ئەم مەبەستەش خوای گەورە بەگوێرەی دڵی گەنجی

موسڵمان دەداو ئاسانکاری دەکات، یەکەمین شت ئەوەیە کە ئێستا بچیت دۆشەکە بشکێنیت، ئەگەرچی لەم شکانە زۆر زیانی لێدەکەوێ بەڵام خوای گەورە لە پاشان پاداشتی دەداتەوە چونکە شکاندنەکە بۆ خوا بووە.

دەربارەی ریش تاشین و جلوبەرگی جوانو شۆڕ شێوازێکی لە کلتور هەیەو ئایینی ئیسلامیش کلتوری خۆی ماوەی ١٤٠٠ ساڵە پاراستووە ئەمە کلتووری ئێمەیەو شانازی پێوە دەکەین کە سوونەتی پێغەمبەرە(ﷺ) بەم برایەشم دەڵێم: سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە ئەم پرسیارەت کردو بەڵکو ئەم وەڵامەی ئێمە بۆ تۆ ببێتە مەشخەڵی رووناکیو دڵ و دەروونت بە پەرستنی خواو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) جۆش بدرێ. یەکەمین شت ئەوەیە کە ئێستا بچیت بە هاوکاری خوای گەورە دوشەکە بشکێنیت بەڵام جل و بەرگە شۆڕەکە هیچ لەمە ئاسانتر نییە کە خۆت لە گوناهبارییەکەی رزگار بکەیت، ریش تاشینەکەش زۆر بە ئاسانی چارەی دەکرێ ئەگەر هەر نەیتراشیت و لێی بگەڕێیت پانو بەرین و درێژ بێت و لە خوای گەورە داوا بکەیت و لێی بپاڕێیتەوە تاکو وەڵام بدرێیتەوە کە پەیمانت لەگەڵ خوای مەزن بەردەوام و چەسپاو بێت و ئاگاداری ئەوەش بیت یاوەری چاکەکاران بکەیت و یارمەتی برایانی موسڵمان بدەیت و لە

ئامادەبوون و گوێگرتن لە کۆڕە ئایینییەکان درێغی نەکەیت. لەخوای مەزن داواکارم ڕێگای بڕوای ڕاستی بگرێت و لادانی گەورەی لێنەکات‌و ئەم وەڵامە بۆ ئەو پڕ بە پێستی بێت و ئامۆژگاری‌و ڕێنماییەکان بە چاکی جێبەجێ بکات و خوای گەورەش هاوکارو ئاسانکاری بێت.

گەنجێك ئەرکەکانی ئایینیش جێبەجێ دەکات و کردەوەی خراپیش دەکات

پرسیار: گەنجێك هەر پێنج کۆڵەکەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکات وەکو ئەوەی شەرعی خوا بۆی داناوە بەڵام هەندێ کردەوەی خراپ دەکات کە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) نەهی لێکردووە حوکمی ئیسلام لەمەدا چییە؟

وەڵام: دەرگای تەوبە واڵایە تاکو ئەو کاتەی خۆر لە ڕۆژئاواکانیەوە هەڵدێ. لەسەر هەموو کافرێك یا یاخی بوویێك پێویستە بەرانبەر خوای گەورە تەوبەی ئیجگاری بکات، لە ترسی خواو مەزنێتی و شکۆداری دەبێ واز لە مانە بهێنێ، واز لەهەموو کردەوەیەکی خراپی ڕۆژانی پێشوو بهێنێت و نیازپاکی خۆی بەدیار بخات و لەگەڵ خوای مەزن پەیمان ببەستێ و جارێکی دی نەگەڕێتەوە، کردەوەی ئابڕووبەر دووبارە نەکاتەوە، ئەوەی دین لاواز دەکات لێی نزیك نەبێتەوە، لە یارمەتی ئامادەبێت، لە بەهاناهاتنی کارەساتەکانی موسڵمانان رابەر بێت و بیرو هەستی هەموو دەمێکی لەسەر باس و خواستی برایانی موسڵمانان و نەتەوەی موسڵمان بێت، ئەمەش نیازو بڕیاری بەتوانای دەوێ کە جارێکی دی ئەرکی کەسێکی موسڵمان پشتگوێ نەخات، کەی بەندەش ئەم تەوبەیەی کرد خوای گەورە لە سەرجەم خراپەکارییەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

خوای گەورە کە مرۆڤی لە نەبوونەوە دروست کردووە، لەگەڵ دروستکردنەکەشدا مێشکی داوەتێ، تاکو بەخۆی پێویستی خۆی دروست بکات، کەواتە مێشکی مرۆڤ پڕە لە داهێنانی خوای گەورەیە.. ئەم داهێنانە، داهێنانێکە ئەوپەڕی گەورەییو مەزنێتیو توانای خوا پیشان دەدات کە مرۆڤ مێشکی خۆی بەکاربهێنێت تاکو خوای تاك و تەنیای خۆی بەچاکی بناسێت... بیپەرستێت و هەموو دەمێك کڕنۆشی بۆ بەرێت، دەفەرموێت:

﴿ ......وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ النور: ٣١.

واتە: هەمووتان تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەی ئیماندارەکان، تا رزگارو سەرکەوتووبن.

شایستەی سوپاس و ستایش دەفەرموێت:

﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٞ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ثُمَّ ٱهۡتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾ طه: ٨٢.

واتە: وە بەڕاستی من زۆر لێبووردووم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ، وە باوەری هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت، پاشان بەردەوام بووبێ لەسەر ئەو رێبازە.

پێغەمبەر فەرمووی: ئیسلام ئەوەی پێش خۆی دەڕمێنێت و بەلاوەی دەنێت و تەوبەش ئەوەی پێش خۆی دەڕمێنێت و بەلاوەی دەنێت.

ئەو موسڵمانەی تەوبەی تەواو دەکات مافی لەسەر هەیە: ستەمی لەهەر کەسێك کردبوو دەبێ ستەمەکە هەڵگرێ یا حەڵاڵی بکا وەکو ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت:

هەر کەسێك ستەمێکی لەلای برایەکی خۆی هەبوو با هەر ئێستا هەڵیبگرێ بەر لەوەی گەورە بێت، ئەگەر نا لە کردەوە چاکەکانی بە گوێرەی ستەمەکە لێی هەڵدەیگرێ، ئەگەر کردەوەی چاکیشی نەبوو لە کردەوەی خراپەکانی ستەملێکراوەکە هەڵدەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەستۆی ئەو. (رواه البخاري)

ئایەت و فەرموودە لەبارەی ئەمە زۆرن.

الشيخ إبن باز

پاساو هێنانەوە بۆ ئایەتەکانی خودا

پرسیار: چ دەڵێین بەوەی بە فەرمودەی خوای گەورە پاساو دێنیتەوە (إن الله غفور رحيم) بە واتای خوای گەورە لێبووردەی بە سۆزە، لە گوناهەکان خۆش دەبێت؟

وەڵام: ئەگەر بۆ کردەوە خراپەکان ئەوەی بە پاساو هێنایەوە بەڵگەی ئێمەش بۆ سزای کردەوە خراپەکان ئەوەیە کە خوای میهرەبان دەفەرمووێت:

﴿ ۞ نَبِّئْ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلْعَذَابُ ٱلْأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ ﴾ الحجر -٤٩-٥٠.

واتە: هەواڵ بدە بە بەندەکانم، کە بەڕاستی هەر من لێبووردەی میهرەبانم و، بێگومان هەر سزای منە سزای سەخت. وە لەفەرمودەی خوای مەزن:

﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٨﴾ ﴾ المائدە: ٩٨

واتە: باش بزانن کە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر بە تێنە(بۆ یاخییان)، وە بەڕاستی خوا لێبووردەی میهرەبانە(بۆ تەوبەکاران).

ئێنجا هەندێ کەس ئەگەر ئایەتێکی وا توندی بۆ نموونە بهێنیتەوە سەیر دەکەیت لەلایەکی دی نموونەی ئایەتێکی نەرمت، بۆ دێنێتەوە، ئەمانە وەڵامی ئەو کەسانەن کە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر

شانی کەسی موسڵمان درێغی دەکەن، یا کەمتەرخەمی دەکەن، یا ئەوەتا تەمەبەڵی دەکەن یا ئەوەتا بەڕاستی بڵێین موسڵمانن بەڵام موسڵمانی بڕوا لاواز.

ئێمەش پێی دەڵێین خوای گەورە بەچاکی بپەرستە، خوای مەزن شتە جوانەکانی مرۆڤی خۆش دەوێت وەکو ئەو کارو کردەوانە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا سوود بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن، کۆمەڵ پێی هۆشیار دەبێتەوەو چاکتر لە خوای خۆی دەگات و کار بۆ پێشخستنی کۆمەڵ دەکات، شتە ناشیرینەکانیش ئەمانەن کە کۆمەڵی ئیسلامی نەفرەتیان لێدەکات. خوای گەورە لێبووردەیەو چاو لە کردەوە ناشیرینەکانی بەندەی خۆی دەپۆشێت و لەهەمان کاتیشدا هیچ سزایەك لە دنیادا نییە بگاتە ئێش وئازاری سزای خودا کە ئێش وئازارێکە کۆتایی نییە.

برای ئازیز: ئەوەی خوای گەورە لەسەر تۆ پێویستی کردووە هەوڵ بدە بە تەواوی جێبەجێیان بکەیت، ئەوەش بزانە هەموو کەس ئەوەی خوای مەزن لەسەری پێویست کردووە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست هەموو ئەرکەکانی پێ جێبەجێ ناکرێت.

الشيخ إبن باز

گەنجێكی تەوبەكار پرسیار دەكات

پرسیار: مرۆڤێك لە سەردەمی گەنجایەتی خۆی هەندێ گوناهی گەورەی كردووەو شایانی ئەوەیە لەلایەن خوای مەزن نەفرەت بكرێت، كەچی ئێستا تەوبەی كردووەو چەند خاڵێكی هەیە دەیەوێت لێیان بكۆڵێتەوە:

١- ترسی لەوەیە سزای گوناهەكانی تووش بێت تاكو ئەگەر ماوەشی بەسەر بچێت.

٢- ترسی لەوەیە كار لە تەوبەكەی بكات و ڕشت و چەسپاوییەكەی لەسەر خواپەرستی لەق بكات.

٣- ئایا لەسەر ئەم كردەوانە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئەم كردەوانەش تەوبەی كردووە؟

٤- ئایا نەفرەت لێدان لەم سات و وەختەیە كە كردەوە خراپەكە دەكات؟

٥- ئەم كردەوە خراپانە كە بە نەزانیو نەفامی دەكرێ و سزاكەی نازاندرێ ئایا مرۆڤ كە لە سزاكەی نەفامە لێی دەبووردرێ سەرەڕای ئەوەی كە بەنهێنیش دەیكات؟

وەلام: پێویستە پرسیاركار و ئەوانی دیكەش ئەوە بزانن كە هەر كەسێك لەسەر گوناهێك كە دەیكا تەوبەی بكات خوای گەورە بە

تەوبەکە قایـل دەبـێ و لێـی وەردەگیرێـت، تـاکو ئەگـەر گوناهەکـە گەورەش بێت، خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمـــــر: ٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ ئەی بەنـدەکانم ئـەی ئەوانـەی کـە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبـانیو بـەزەیی خوا، چونکە بێگومـان خـوا لەهـەموو گوناهـەکانتان خـۆش دەبێـت، بەڕاستی هەر ئەوە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

ئەمەش بۆ تەوبەکارانە خوای میهرەبان فەرمووی:

﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الفرقان: ٦٨-٦٩-٧٠.

واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا ناپەرستن، هیچ پەرستراوێکی تر، و ناکوژن، هیچ کەسێ کە خوا کوشتنی ئەوی یاساغ (حەرام) کردووە، بە حەق و ڕەوا نەبێ، وە زیناو داوێن پیسی ناکەن، وە هەر کەس ئەو تاوانانە بکات (کەباسکران) تووشی تۆڵەکەی دێت، سزای بۆ چەند بارە دەکرێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتداو، بێ بڕانەوە بەبێ ڕێزو رسوایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، بێجگە لە کەسێ تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ، کاروکردەوەی چاکیشی کردبێت، ئا ئەوانە، خوای گەورە خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە، وە خوا هەمیشە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

ئەم فەرموودەیەش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە کە دەفەرمووێت: ﴿تەوبە کردن ئەوەی پێش خۆی دەڕمێنێت و دەیسڕێتەوە﴾ لە سەرگوزەشتەی پیاوێك کە پێش سەردەمی ئێمە بووە دەگێڕنەوە دەڵێن نەوەت و نۆ کەسی کوشتبوو لە بەندەیەکی پرسی: ئایا ئەمە تەوبەی لەسەر دەکرێ؟ ئەویش گوتی: نازانم بۆ تۆ تەوبە هەبێ، ئەویشی کوشت و سەدی تەواو کرد، لە زانایەکیشی پرسی و ئەویش پێ گوت: کێ هەیە نێوان تۆو تەوبەکردن بگرێ و، بەڵام لادێیەکی پێ نیشاندا خەڵکەکەی باش و چاکەکار بوونو فرمانی پێ دا کە بۆ ئەوێ کۆچ بکاتو کاتێ بەڕێوەبوو مردنی گەیشتێ فریشتەکانی بەزەییو

فریشتەکانی سزاو ئازار ناکۆکییان کەوتە نێوان، خوای مەزن فریشتەیەکی بۆ ڕەوانە کردن تاکو نێوانیان یەکلابکاتەوەو گوتیشی: نێوان هەردوو لادێیەکان بپێون لە کامەیان نزیك بوو خەڵکی ئەوێیە. پێوایان سەیریان کرد ئەم پیاوە خەڵکی گوندەکەی چاکەکارەکانە. بۆ ئەمەش فریشتەی بەزەیی بۆ خۆی برد.

ئەو پیاوەی کە باسی کردووە کردەوەی خراپی کردووەو شایانی نەفرەتی خوای گەورەیەو بەڵام تەوبەی کرد وازی لە هەموو شتێکی بەدو بەدکاری هێنا.

پێی دەڵێم: مزگێنیت دەدەمێ کە ئەمە گزنگی ڕووناکی خێرو چاکەکارییە چونکە خوای گەورە ئەگەر زانی کە تۆ تەوبەی ئێجگاری دەکەیت ئەوە لەهەموو گوناهەکانت خۆش دەبێت وەکو ئەوەیە کە تازە لەدایکبوو بیت وەکو بەسۆزو میهرەبان دەفەرموێت:

﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ ﴾ النساء: ١٧

واتە: بێگومان وەرگرتنی تەوبە، لای خوا تەنیا بۆ ئەوانەیە کە بە نەفامی گوناه دەکەن، پاشان پەشیمان دەبنەوە، بەزوویی (پێش

مردن)، ئا ئەوانە، خوا گەڕانەوەیان لێ وەردەگرێت، خـواش هەمیـشە زانای دانایە.

مەبەست لـەم فەرموودەیـە: ﴿ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ﴾ مەبەسـت پێش مردنە، بەڵگەش لە فەرموودەکەی دوایی دێت:

﴿وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ ٱلْـَٔـٰنَ﴾ النساء: ١٨

واتە: تەوبەش وەرناگیرێ، بۆ ئەوانەی زۆر تاوان دەکەن، هەتا کاتێ سەرەمەرگی یەکێکیان دێ، دەڵێت:

بەڕاستی من ئێستا تەوبەم کرد.

با لە تەوبەی خۆی ڕشت و بەردەوام بێت و نەگریس ڕاڕایی نەخاتە نێو دڵییەوە بەوەی دوودڵی بخاتە مێشکییەوە کـە گوایـە تەوبەکـەی جێی خۆی نەگرتووەو خوای گـەورە پێـی قایـل نـەبووەو لەسـەر ئـەو مافانەی بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە یا سەرجەم مافـەکانی حـەڵاڵ بکـات ئەگـەر خـاوەن مافەکانیـشی نەدۆزییـەوەو هـەروەها کـەس و کاریشیانی نەدۆزییەوە یا ئەگەر مردوو بووبن ئەو کاتـە تـەواوی بـڕی ئەو مافانە پێویستە خێر بکات تاکو لێی ڕزگار بێت و تەوبەکـەی لـێ وەربگیرێت.

نموونەی ئەمە: ئەگەر گوناهی ئەو کەسە ماڵ و سامانی کەسێکی دی خواردبێ، یا دزیبێ، یا بەزۆرە ملێ لێی سەندبێ و ئینجا تەوبەی کردێ، ئەمە ئەو کەسە پێویستە لەسەری ئەم ماڵ و سامانە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە ئەگەر زیندوو بوو، ئەگەر مردوو بوو بۆ وارسەکەی بگەڕێنێتەوە، ئەگەر خاوەنەکەشی نەدۆزییەوە، پێویستە بڕی ئەو ماڵ و سامانەی لەلای ماوە بیکاتە خێرو بیبەخشێت، خێرو بەخشینەکەش دەبێ بە ناوی خاوەن ماڵ و سامانەکە بێ بە مانای خێرەکە نیازی ئەوەی لێبکرێ کە بۆ خاوەنی ماڵ و سامانەکەبێ.

خوای گەورەش هەر بەخۆی زانای دانایە خێرەکە دەگەیێنێتەوە خاوەنی خۆی.

بەڵام قسەکەی: کە دەترسێ گوناهەکانی کار لە تەوبەکەی بکەن.

هیچ ترسێك نییە، چونکە هەموو گوناهەکان چ گەورەو چ گچکە بە تەوبەکردن هەموو دەڕوخێندرێ و تەواو دەسڕێنەوە. بەرەها کاریگەری نامێنێت. لەوانەش مرۆڤ دوای تەوبە بە تەواوی بگۆڕێت و خێرو خێراتی لەدەست بێ و دڵ و دەروونی بگۆڕێت پتر بەزەیی بە خەڵکی هەژارو برسی بێتەوەو یارمەتی لێقەوماوان بدات و لەهەر کارەساتێکی

سروشتی که خەڵکی موسڵمان تووشی دێ لە بەهانا هاتنیان پێشبڕکێ بکات.

لەوانەش ئەم تەوبەکارە بەم کـاروکردەوە چـاك و خێرخوازییانـە لـە پەنای خۆی دەگرێـت و لـەدەردو بـەڵای دنیـا دەیپارێزێـت و ئەمـەش نیشانەیەکە لەنیشانەکانی چاکەکاران و چاکەکارانیش هەڵبەتە پلەیەك لە ئاستی پلەی کەسانی ئاسایی لەخوای گەورە نزیکن.

سـەیری فـەرموودەی خـوای گـەورە بکـە کـە دەربـارەی ئـادەم دەفەرمووێت:

﴿ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾ ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾ ﴾ طه ١٢١-١٢٢

واتە:

وە ئادەم سەرپێچی فەرمانی پەروەردگاری کـرد، ئـیتر لـە ڕێگـای ڕاست لای دا، پاشان پەروەردگار هەڵی بژارد(بـۆ پێغەمبەرایـەتی) و تەوبەی لێ قبووڵ کردو ڕێنموونی کرد.

بەڵام دەربارەی قسەکەی: ئایا نەفرەتەکە لـەکاتی جێبـەجێ کردنـی کارە خراپەکە ڕوودەدات.

بۆ ئەمەش دەڵێین: لەوانەیە لەکاتی جێبەجێکردنی کارە خراپەکە تووشی نەفرەت لێدان بێت تووشی شکستییەکی ئێجگار گەورە بێتەوە، لەوانەشە دواتر بەشتێکی دی سزا بدرێت ئەمەش خوای گەورە هەر بەخۆی تواناداره‌و هەر بەخۆیشی زانای دانایەو سزاو پاداشت هەمیشە بەدەست خۆیەتی و زۆر جاریش کە ستەمی زۆر ئەستوور دەکرێ ستەمەکە لە ئەستۆی ستەمکار دەمینێتەوەو لە ڕۆژی زیندووبوونەوە لێپرسینەوەی وردو توندی لەگەڵ دەکرێت و ئەو کاتەش کاتێکە لە پەشیمانبوونەوەو گەڕانەوەی تێدا نییە، لەم سەردەمەش کە سەردەمی عەولەمەیە، عەولەمەش چەشنی چادرێکی گەورەیە گۆی زەوی و هەموو دنیای بەجیهانی ئیسلامییەوە داپۆشیوەو لە شێوەی گوندێکی بچووکی لێ کردووە. گەنجانی موسڵمانمان لە هەر کوێیەك بن، چ لە ماڵ، یا لە دەرەوە، یا لەنێو بازاڕ، یا لەهەر سوچێك بن، بە پێلوو بەرزکردنەوەیەك تووشی هەزارەها گوناه دەبنەوە. ئەی خودایە لێمان نەگریت بە کردەوەی خۆمانمان لەگەڵ نەکەیت، لەم دنیایە جەنجاڵە بمانپارێزیت وەکو ئەوەی تۆی گەورەو شکۆمەند، تۆی زانای دانا تەواو دەپەرستین و تەواویش دەناسین.

بێگومان ئەوەی تەوبەی ڕاستیش بکات بەمانای تەوبەی ئێجگاری دەکەوێتە بەر بەزەیی‌و میهرەبانی خوای مەزن.

بەڵام دەربارەی قسەکەی: ئەگەر ئەو کەسە نەخوێندەوارو نەزان بـوو و بە سزای ئەم شتانەی نەزانی.

ئەم برایە دەڵێم هەموو کۆمەڵێك لەهەر کۆمەڵگەیەکی سەر رووی دنیا دابونەریتی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا هەر کۆمەڵگەیـەکیش بـۆ نموونە وەردەگریت بەپێی ئایینی خۆی شتی رێپێدراوو شـتی یاسـاغی هەیە، هەموو کەسێك هەر چەند نەخوێندەوارو نەزان بێت بـە گـوێرەی دابونەریتی دەوربەری خۆی دەجولێتەوە، ئینجا سەردەمانێکی زۆریشە خەڵك شتی راست و ناڕاست لەیەکدی جیا دەکەنەوە... کۆمەڵگەکانی پێش ئیسلامیش ئەوانیش شتی رێپدارو و شتی یاسـاغیان وەکـو یاسـا زانیوەو ئەزموونیان لەسەر هەبووە. ئیدی ئەو خەڵکەی پێش سەد ساڵ کە بەگشتی نەخوێندەوار بوون چۆن خۆیان لە شتە یاساغ و حەڕامەکان پاراستووە.... هەموو کەسێك تاکو ئەگەر ئەلف و بێـی خوێندنیـشی نەخوێندبێ کردەوەی چاك و خراپ لەیەکدی جیادەکاتەوەو کەواتـە کـە دەزانێ حەڕامەو دەشیکا ئەمـە سـزای لەسـەرە لـەدنیا یـا لـە رۆژی قیامەت، ئینجا ئەگەر مرۆڤ لەدڵی خۆیدا بڵێ ئەگەر دەمزانـی ئەمـە سزای لەسەرە نەمدەکرد. ئەمە هەرگیز پاساو نییە. چونکە ئـەم شـتە حەڕامە، یابەدە، یا قەدەغـەکراوە هـەم لـە ئـایین نـەفرەت لێکـراوەو هەمیش لە شەرعی دنیا قەدەغەیە، ئەمە دەکاو بەدڵنیاییش دەزانێت

کارەکە حەڕامە ئەمە سزای خۆی لەسەرەو ئەگەر لەدنیاش کەس پێی نەزانی لەلای خوای گەورە کە لە رۆژی زیندوو بوونەوە لەبەردەم دادگای خوای مەزن دەوەستێت سزای توند دەدرێت.

بۆیە ئەگەر کەسێك زینای کردو بەخۆیشی دەزانێ زینا کردن حەڕامە، چونکە بڕوا ناکەم هیچ کەسێك هەرچەند نەزان و نەخوێندەوار بێت نەزانێت زیناکردن حەڕامە، لە وەتەی ئادەمیزاد هەبووەو دنیا دامەزراوە لەهەموو ئاینێك زیناکردن قەدەغەو حەڕام بووە، جا ئەگەر لەمە نەزانو نەفام بی دەبێ ئەوە بزانێت زیناکار رەجم دەکرێت بەمانای بەردباران دەکرێت تاکو دەمرێت، زیناکاریش لەوانەیە بەخەیاڵیدا نەیێت کە بەردباران بکرێت، لێرە بەردباران دەکرێت ئەگەرچی بە سزای بەردبارانکردنی خۆیشی نازانێت.

هەروەها ئەگەر کەسێك لە رۆژی رەمەزان بەرۆژووەو، بە رۆژ لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی جووت بووە، ئینجا گوتی:

من نازانم کەفارەدانی جووت بوون هێندە زۆرە، کە دەکاتە گەردن ئازادکردنی کۆیلەیەك، ئەگەر نەیتوانی دەبێ شەست هەژار بەخۆراکی چاك تێربکات ئینجا ئەم نەزانینە بە کەفارەدان ئەوە لانابات کە تۆ کەفارەدانت لەسەر پێویست دەبێت، ئەمە لەسەرت فەرز دەبێت تاکو ئەگەر سزاکەشت نەزانیبێت. بەڵگەی ئەمەش ئەو پیاوەی کە دەربارەی

جووت بوونی لەگەڵ هاوسەری خۆی لەڕۆژی رەمەزان کە چ لەسەری پێویستە بیکەم؟ لە پێغەمبەری (ﷺ) پرسی، پێغەمبەریش (ﷺ) فەتوای بۆ دا: کۆیلەیەك، یا دیلێك ئازاد بکە، ئەگەر بە چنگ نەکەوت، دوو مانگ یەك لەدوای یەك بەرۆژوو ببە، ئەگەر نەتتوانی، شەست هەژار نان بدە، گرنگ ئەوەیە هیچ کەس نییە کە کارێکی خراپ بکات، چ لەرووی شەرعی دنیایی، یا لە رووی شەرعی خوایی، نەزانێت سزای بەدوایەوەیە.

الشيخ إبن عثيمين

ئایا تەوبەکار نوێژو ڕۆژووەکان جێبەجێ دەکات

پرسیار: شێخی بەڕێزمان چی دەڵێ: دەربارەی ئەو کەسەی کەبەئەنقەست نوێژ ناکات و بەڕۆژوو نابێت، ئینجا دوای ئەوەی خوای مەزن دەرگای ڕووناکی بۆ والاَ کردو، تەوبەی کردو، لەسەر تەمەنی لاوێتی خۆی، کە بەهیچ و خۆرایی و نیمچە بەڕەڵاییەك بەسەربرد، گریاو دەستی بە نوێژو ڕۆژوو بوونان کردوە، پێڕەوی سەرجەم پرۆگرامەکانی ئایین و سوننەتەکانی پێغەمبەری(ﷺ) کرد، ئایا پێویستە (فەرزە) کە نوێژو ڕۆژووبوونەکان جێبەجێ بکات، یا هەر تەوبەکردنەکە بەسەو لە جیاتی نوێژو ڕۆژووەکانە؟

وەڵام: ئەوەی واز لە نوێژو ڕۆژووەکان دێنێ و ئینجا تەوبەی ئێجگاری دەکات بەڕەها جێی نوێژو ڕۆژووەکان ناگرێتەوە، چونکە وازلێهێنان لە نوێژ کوفرێکی گەورەیەو، لە ڕێبازی ئایین دەردەچێ، ئینجا ئەگەر ئەوەی وازی لە نوێژ و ڕۆژووەکان هێناوە لەبێ باوەڕی و، دانپیانەنانو، نکوّڵ کردنو، کفرو، لە ئایین دەرچوونەکەی خۆی نەگەڕێتەوە، بڕیاری زانایانی ئایینی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، خوای گەورەش لە ئاستی داواکاری بەندەیەکی کەساس و زەبوون و بێ دەسەڵات شەرم دەکات ئەگەر داواکارییەکەی یەکسەر جێبەجێ نەکات بۆیە خودای گەورە لەهەموو سۆزدارێك بەسۆزترەو دەفەرمووێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ الأنفال:٣٦.

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: بە ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون، ئەگەر کۆتایی بهێنن(بەبێ بڕواییەکەیان)، بەڕاستی (خوا) دەبووورێ لەهەرچی لەوەوپێش کردوویانە.

نێرراوی خوا موحەممەد(ﷺ) دەفەرموویت:

(ئیسلامبوون هەرچی لەوەوپێش کراوە دەیڕمێنێت و دەیسڕێتەوە، تەوبەکردنیش ئەوەی پێشوو نەکراوە پێوست دەکات، بەمانای سەرجەم فەرزەکانی ئایین بەبێ کەموکوڕی بەبێ فەرامۆشکردنی هیچ یەکێکیان پێویستە هەموویان وەکو (فەرز) جێبەجێ بکرێن. (مەبەست دوای تەوبەکردنە)بۆ ئەم مەسەلەیە بەڵگە زۆرە.

هەر لەم بارەیەوە خوای مەزن دەفەرموویت:

﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾ طه:٨٢.

واتە: وە بەڕاستی من زۆر لێبووردووم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ، وە باوەری هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت، پاشان بەردەوام بووبێ لەسەر ئەم ڕێبازە.

خوای گەورە لە ئاستی بیرولێکدانەوەی مرۆڤ بەڕەها گەورەترە، کە مرۆڤ دروستکەری دەستی خودای گەورە بێت و لە نهێنییەکانی خودای خۆشەویست بگات، ئەم گەردوونە هەر کە سەیری دەکەیت عەقڵی مرۆڤ لە ئاستی گەورەیی بۆشایی ئاسمان تەنیا خواپەرستن و کڕنۆش بردنە، کە دامەزرێنەرو داهێنەرو هەڵسووڕێنەری ئەم ئاسمانە بێ سەرو بێ بنەبێ، ئەم ئاسمانە بێ ئاسۆو بێ پەرژینەبێ، هیچ شتێك تێیدا نییە لە ڕاوەستان بێت هەمووی دەجوولێتەوە، دەخولێتەوە، خودای گەورە لەیەك سات و زەمەندا لەهەموو شتێك ئاگادارە، لەوەی نەبووەو لەوەی دەبێ، لە زیندوو و لە مردووان بەگەورەیی خۆی دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ..... ﴾ التحريم: ٨.

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بە گەڕانەوەیەکی ئێجگاری، تا پەووەردگارتان لە گوناهەکانتان خۆش

ببیٚ، وە بتانخاتە ناو باخاتێکەوە، کە دەڕوا بە ژێریاندا جۆگە ئاوی زۆر.

هەمیشە بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری مەزن (ﷺ) دەفەرمووێت:

(تەوبەکار لە گوناهەکان، وەکو ئەوەیە هیچ گوناهی نییە).

ئەوەی بۆ خوا تەوبەی ئێجگاری دەکات (توبة النصوح) پێش هەموو شتێك پێویستە خۆی فێری قورئان خوێندنەوە بکات و، سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) پێڕەو بکات و، خودی خۆی تەواو رۆشنبیر بکات و، لە کۆڕی ئایینی ئامادەو گوێڕایەڵ بێت و، بەرانبەر نەزان و نەفام و لە رێدەرچووان بەدەموزار بێت و رێنیشاندەر بێت و، چاکەکارو هێمن و هۆشیارو بەسۆز بێت و، ئەوەی ئایین لاواز دەکات لێی دوور بکەوێتەوەو، دەمی خۆی بەبێ سوپاس و ستایشی خوای گەورە نەکاتەوەو، لەمامەڵەی بازرگانی کە زۆربەی ئیمانداران بەنەزانی تێی دەکەون پێویستە راستگۆ بێت و، سوێند بەدرۆ نەخوات و، دادەورو مافپەروەر بێت و، لەکاری خێرخوازی بەپێی توانا بەشدار بێت و، بۆ بەهانا هاتن و یارمەتیدانی کارەساتەکانی سەر نەتەوەی موسڵمان پێویستە هەموو جارێك ئامادەبێت، کورتەی ئەم مەسەلەیەش برایانی موسڵمان ئەوەیە کە تەوبەکردنی ئێجگاری زۆر

زەحمەتە بەڵام ئەگەر نیازی لێبهـێنیو بڕیـاری بـۆ بـدەیت، ئاسـانەو، خوای گەورەش ئاسانکاریت بۆ دەکات.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە بە سەرجەم تەوبەی تەوبەکاران قایل بێت، سوپاس و ستایش هەمیشە بۆ خوای گەورە.

الشیخ إبن باز

باشی داواکردنی لێبووردن

پرسیار: ئایا راستە هەر کەسێك کە دەڵێ:

خوایە لێم ببوورە، لێی دەبوورێت؟

وەڵام: ئەگەر مرۆڤ گوتی: ئەی خودایە لێم ببوورە، لـە گوناهـەکانم خۆش بە، ئینجا ئەمە ئەگەر بەدڵ و دەروونێکی ساف و بێ گەردبوو و لە ناخێکی پاك و خاوێن بوو و بە نیازێکی پوخت بوو و بەراستگۆیی داوای خۆشبوونی لەخوای گەورە کـردو، لەهـەمان کاتیـشدا پێویـستە تەوبەکاربێ و مەرجەکانی تەوبەی تەواو جێبەجێ کردبـێ، ئـەو کاتـە بێگومان خوای گەورە کە (لێبووردەیە) یەکێکە لە ناوە هەرە جـوان و مەزنەکانی خۆی، خوای گەورە لە هەموو تاوان و ستەمەکانی بەنـدەی خۆی خۆشدەبێت بەتەوبەکرد، بە تەوبەکردنی ئێجگاری، بـە گەڕانـەوە بۆ رێی راست بۆ خوداپەرستی و کڕنۆش بردن، ئەرکەکانی تەوبـەکاری تەواو و راستگۆ لەگەڵ خوای مەزن، ئێجگار گەورەیە، ئادەمیزاد ئـەو تەمەنە دوورو درێژەی کە بە ساختەکاری، بە قـۆڵبڕی، بـەدرۆ سـوێند خواردن، ستەم کردن، بوختان کردن، شاهێدیدان بـۆ خـەڵکی نـەناس، ستەم کـردن، پـەیمان شـکێن، قەرزنەدانـەوە، بوختـان کـردن، خـەڵك لێککردن، دوورکەوتنەوە لە شوێنی خوا پەرستییەکان و مزگەوتـەکان، گوێنەدانە وتارە ئایینییـەکان، بـەزەیی نەهاتنـەوە بەهـەژارو پرسـی،

گوێنــەگرتن لــە قــسەی راســت و دروســت، زەکــات نــەدان و پــارە کۆکردنەوە، ئەوەی تەمەنێکی دوورودرێــژ بــەم کــارە بەدانــە بەســەر بــەرێت و تەوبــەی بکــاتو روو لــەخوای گــەورە بکاتــەوە، هەڵبەتــە قەرەبووکردنەوەی ئەم هەموو تاوانــە دیــسان تەمــەنێکی دوورودرێــژی دەوێت، بەڵام چاو لە تاوانەکانی پێــشوو دەپۆشــێت ئەگــەر تەوبەکــە ئێجگاری بێت و بەندە لە ناخی دڵیەوە بەراستی و راستگۆیی پەشیمان بوویێتەوەو بەرانبەر دیدی روناکی مەزنێتی خوا هەست بەشەرمەزاری بکات، خوا لێی دەبوورێت و لەهەموو تاوانەکانی سەردەمی پێشووی خۆش دەبێت. بەگەورەیی خۆی دەفەرموویێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقـــــــرە: ٢٢٢

واتە: بەڕاستی خوا تەوبەکارانی خۆی دەوێت، پاکانی خۆش دەوێت، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی:

دڵخۆشبوونی خوا بەتەوبەی بەنــدەی خــۆی، وەکــو دڵخۆشــی ئــەو مرۆڤەیە کە لەکاروانێکدا لەگەڵ وشترێکی خۆی دایەو وشترەکەی بــە بارەوە کە هەموو خۆراك و خواردنەوەی خۆی تێدایە، لێی بــزر دەبــێ، زۆر بە دوایدا دەگەڕێ و ماندوو دەبێ و، هێزی لێ دەبڕێ، ناچار دەبێ

لە ژێر درەختێکدا لەسەر زەوی لێی رادەکشێ و چاوەڕێی مردن دەکات، هێشتا پێلووی چاوەکانی ناکەونە سەر یەك کە ئاوڕی لا تەنیشتێکی خۆ دەداتەوە سەیر دەکات چڵەوی وشترەکەی بەلقێکی درەختەکەوە گیربووە، ئەویش جڵەوەکە دەگرێ گوتی: ئەوی خودایە تۆ بەندەی منی و من خودای تۆم. لەتاو خۆشی خۆی هەڵەی کرد، کەس رادەی ئەو خۆشییە نازانێت ئەگەر نا کێ هەیە وەکو ئەم کاروانچییە تووشی ئەم جۆرە کارەساتە بێت خوای گەورە حەز دەکات بەندەی خۆی تەوبەی بۆ بکەن، هەروەها حەز دەکات بەندەی خۆی هەموو دەمێك کە دەم وزاری دەکاتەوە بەناوهێنانی خوا بکاتەوەو لەخوا داوای لێبووردن بکات، ئەگەر هەڵەی کردبێ یا نەیکردبێ. خوای گەورە لە کتێبی پاکی خۆی لە چەندین ئایەتدا داوا لە بەندەی خۆی دەکات هەموو سات و وەختێك هاواری خواو داواکاری لێبووردنیان لەسەر زار بێ، داواکردنی لێخۆشبوونیش داواکردنی بەخشینە لە گوناهەکان، داواکردنێکە بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو کردەوە بەدانەی کە نە بەزار دەگوترێن و نە بەنووسینیش دینە سەر خامە. لێبووردنو بەخشینیش شاردنەوەی گوناهەکانەو خۆپارێزیشە لە گوناهی داهاتوو چونکە لێبووردنو بەخشین لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (المِغْفَرْ) دێت و ئەویش ئەو کڵاوە رەقە یا ئاسنینەی سەر مرۆڤە کە لە کاتی شەڕدا لە تیرو

لێدانی شمشێرو زەبری دیکەی شەڕکەران دەپارێزی، ئیدی بەم شێوەیە لێبووردنو بەخشین، پۆشین و شاردنەوەی گوناهەکانەو خۆپارێزیشە لە سزایەکانی.

الشیخ ابن عثیمین

وەسوەسەی شەیتان

پرسیار: مـن گـەنجێکی موسـڵمان و ئیمانـدارم و، بـەڵام زۆر بـە گومانم، کاتێکیش که دەستنوێژ هەڵدەگرم گومان لەوە دەکەمەوە کە دەسـتنوێژەکەم بـە چـاکی هەڵنـەگرتبێت دووبـارەش دەسـتنوێژ هەڵدەگرمەوەو کاتی لە باری نوێژکردندا دەبم و چۆکدەدەمەوە گومـان لـەوە دەکـەم بایـەکم لێبـەربووبێت نوێژەکـە دەبـڕم و جـارێکی دی دەستنوێژ هەڵدەگرمەوە.

کاتێ لە دەرەوەی وڵات بووم گۆشتم نەدەخوارد لەبەر ئەوەی گومانم دەکردەوە کە ئاژەڵەکە بە شێوازی ئائیسلامی سەربڕابێت و، هـەروەها سەمون و پسکویتەکانیـشم نـەدەخوارد گومـانم لـەوە دەکـردەوە کـە نەوەکو شتێکی حـەڕامیان تێکردبێـت وەکـو چـەوری مانگـا کـە بـە شێوازی ئیسلامی نەدەکوژرانەوە ئەم گومانانـە ماوەیـەکی زۆرە بـیرو لێکدانەوەی مێشکی منیان وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە ئابڵۆقە داوە، برای گەورەم زۆر ئامۆژگاری کردم کە لەم گومانانە دووربکەومەوە بەڵام ئەم ئامۆژگارییانە دڵی منی پتر خستە گومانەوە.

ئەی شێخی بەڕێز بڵێ چی بکەم؟

کاتێ دەشنووم گوێ بە نوێژ نادەم و کە بـە ئاگـاش دێمـەوە نوێـژە چووەکە دووبارە ناکەمەوە؟

وەڵام: بەگومان بوونو، دوودڵبوون و، دڵ لیَ پیس کردن کە تووشی بیروهۆش و لێدانەوەی مێشك دەبێ بەتایبەتی لە بڕواو پەرستنەکان و هی دیکەش تاکو لە خودی خوای گەورەش هەمووی لە نەگریسەوەیە، بۆیە کاتیَ یاوەرەکان (خوا لێیان رازی بێت) لەلای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای ئەوەیان کرد کە لە دڵیان شتێك هەیەو شتەکەشیان زۆر بە گەورەو گران هاتووەتە بەرچاو بەرادەیەك قسەی لێنەکەن، پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداریانی کردەوە کە ئەمە راست و راستگۆیی بڕوایە بەمانای پوختەکەیەتی، ئەمەش چونکە شەیتان نموونەی وەکو ئەم گومان و دوودڵی و دڵ لیَ پیس کردنە دەخاتە دڵی موسڵمانە بڕوا بە تێنەکان کە بەرانبەر خوای گەورە لە پەرستن و ناسینی خۆیدا هیچ گومانی نییە ئەمەش هەر بۆ ئەمەیە تاکو لە پەرستن و ناسینەکە دوودڵ بێت و وردە وردە دوو دڵیەکە گەورە بێت بەڵکو بە ئێجگاری واز لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئاین بێنی بەڵام ئەوەی بەخوێندنەوەی قورئان رۆشنبیری ئایینی تەواو بێت و پێرەوی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) بکاتو لەسەر بڕوای خۆی مکوڕ و ڕشت و جێگیر بێت یا ئەوانەی لە ئایینەکانی دیکە ترازاون ئەمانە بەگشتی گومان و دوودڵی کاریان تێناکات چونکە دڵ و دەروونو مێشکیان لەم مەسەلانە سڕاونەتەوەو پاك و بیَ گەرد بوونەوەتەوە.

بەم گەنجە دەڵێین: ئەوەی پێویستە لەسەری ئەوەیە کە ناوی خوای لێبێنێ و نەفرەت لە شەیتان بکات و گوێنەداتە دوودڵی و هێندەش بەخەیاڵی بەتاڵ و نابەجێ پەیوەست نەبێ نە لە دەستنوێژ هەڵگرتن و نە لە نوێژکردن و نە لە ئەوانی تریش، ئەم گومانە بەڵگەی ڕاست و پوختی باوەڕەو بەڵام ئەگەر هەر خۆت بۆ دوودڵی و گومان شل بکەیت و خۆت بەدەستەوە بدەیت ئەمە بەڵگەی لاوازی بڕوایەو مانای ئەوەیە ئەم گەنجە لە ئیش و کاری ژیانی ڕۆژانەی خۆیشیدا توانای ڕای جێگیری نییە پێی دەڵێین: ئەم گومانە هیچ رووی نییە، تۆش بۆ نموونە کاتێ بۆ شتومەك کڕین یا فرۆشتن دەچیتە بازاڕ، ئایا لەم شتەی لە بازاڕ دەیهێنیتەوە گومانی تێدەکەیت.

وەڵام بۆ ئەمە: نەخێر، چونکە شەیتان بۆ نموونەی وەکو ئەم مەسەلانە دوودڵی ناخاتە دڵی مرۆڤ و، بەڵام ئەم دوودڵیە لە کاتی پەرستنی خوا دەخاتە نێو دڵی موسڵمانان تاکو پەرستنەکەی لێ گەندەڵ بکاتەوەو بڕوای لاوازی بکات بەو ئومێدەی بە ئێجگاری بیروخێنیت و بە ئێجگاریش واز لە خاسیەتمەندی مرۆڤی موسڵمان بێنێت.

ئەگەر گومانەکان زۆربوون و بەسەر مێشکدا کەڵەکەیان کرد گوێی خۆتیان بۆ شل مەکە.

بەڵام گومانکردنت لە خۆراکەکان کە لـە بنەچـەدا حـەڵاڵن ئەمـە هیچ پەندێکی تێدا نییە کە خەڵکی دی بەم گومانانەی تـۆ لاسـاییت بکەنەوە یا ئەوەتا خەڵك بەم گومانانەی تۆ بگەنـە راسـتی، هـەر بـۆ ئەمەش ئـافرەتێکی جوولەکـە لـە خەیبـەر مـەڕێکی بـەدیاری دایـە پێغەمبەری خوا، ئەویش لێی خواردو، جوولەکەیەکی دی داوەتی کردو نانی جۆ و پاشماوەیەکی گەنیوی بۆن دڕنی لە پێش دانا ئـەویش بـەبێ دوودڵی لێی خوارد.

لە راستکراوەکانی بوخاریـدا هـاتووە کـە میللـەتێك تـازە ببوونـە ئیسلام گۆشتیان پێشکەش بە کۆمەڵێك لە موسڵمانان کرد، ئەوانیش گوتیان: ئەی نێرراوی خوا، میللەتێك گۆشتمان بۆ دێنن نـازانین نـاوی خوای لەسەر بێنین یا نا؟ ئەویش (ﷺ) پێیانی گوت: (ناوی لێبێـنن و بیخۆن) لەراستیشدا لە کۆشتنەوەی مەڕومالآت و ئەوانی دیکەش کـە ئایا کوشتنەوەکە حەڵاڵە یا نا لەمە پێویستە کۆمەڵی زانایـانی ئـایین بڕیاری لەسەر بدات نەك دوودڵی تاکە کەسی موسڵمان.

قەدەغەکردنی ئەوەی خوای گەورە بۆ بەندەی خۆی حەڵاڵی کـردووە رۆژ بەرۆژ کەم دەبێتەوەو مەرجیش نییە ئەوەی لە قورئان و سـوننەتدا ناوی هاتووە تەنیا خواردنی گۆشتی ئەوان حەڵاڵ بـن، گـرنگ ئەوەیـە بەدەیان و سەدان ئاژەڵ و باڵندەی دیکە هەنە کە گۆشتیان لە چەشـنی

گۆشتە حەلاڵەکانە بۆ ئەمەش بڕیاردەر کۆمەڵی زانایانی ئایینییەو دیسانیش دەڵێینەوە ئەمە ئەرکی دوو دڵی تاکە کەسێکی موسڵمان نییە.

بەڵام دەربارەی قسەکەی پرسیارکار: ئەو ئەگەر لێی خەوت گوێ ناداتە نوێژەکان.

هەروەها ئەمەش لە شەیتانەوەیە، لە راستکراوەی بوخاریدا هاتووە کە بە پێغەمبەر(ﷺ) ی خودا گوتراوە: پیاوێك نووسیت تاکو بەیانی و بۆ نوێژ هەڵنەستایەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (ئەو پیاوە شەیتان میزی لە گوێی کردووە).

شەیتان لەوانەیە ئەوەی بنوێ خەوەکەی لێ گران دەکات ئەویش بۆ نوێژی بەیانیو یا نوێژەکانی دیکە بە ئاگا نایێت.

دەکرێ چارەی ئەم حاڵەتە بکرێ، بەمەرجێ ئەوەی نیازو بڕیاری هەبێ کە هەموو نوێژەکان بکات، دەکرێ زەنگێك دابنێ تاکو بە ئاگای بهێنێت یا بەکەسێکی دیکەی وریاو خەوسوك بڵێ لەکاتی نوێژەکە بە ئاگای بێنێ.

الشيخ ابن عثيمين

تەوبەی ئێجگاری گوناهەکان دەسڕێتەوە

پرسیار: هەندێ لە وێنەم لە لای هاوڕێیەکانم هەیە داوام لێکردن وێنەکانم بدەنەوە تاکو لە ترسی ئازاری خوای گەورە بیاندڕێنم، هەندێکیان چەند وێنەیەکیان گەڕاندەوەو هەندێکی دی لارییان هەبوو بە پاساوی ئەوەی گوناهەکە بۆ ئەوانە نەوەکو بۆ من، ئایا ئەمە راستە تکایە بۆ ئەمە ئامۆژگاریتان چییە؟

وەڵام: تەوبەی ئێجگاری لەگوناهەکان، خوای مەزن بەم تەوبەیە هەموو گوناهەکانی کە پێشوو هەیە دەیانسڕێتەوە هەروەکو خوای دانای زانا دەفەرمووێت:

﴿ ......وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ النور :٣١.

واتە: هەمووتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەی ئیماندارەکان، تا رزگارو سەرکەتووبن.

پێغەمبەر(ﷺ) ی مەزنیش دەفەرموێت:

بە ئیسلامبوون هەموو گوناهەکانی کە پێشووتر هەیە دەیانڕمێنێت و دەیانسڕێتەوە، تەوبەکردنیش هەموو گوناهەکانی کە پێشوو هەیە دەیانڕمێنێت و دەیانسڕێتەوە. تۆ ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەو وێنانەی بەدەستەوەن هەموویان بدڕێنە ئەمەش لەسەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): هیچ وێنەیەك نەمێنێت کە ژێرخاکت نەکردبێت و بیناو گومەزیش لەسەر هیچ گۆڕێك بەرزنەکرابێتە مەگەر لەگەڵ زەوی تەختت کردبێت چونکە هەردوو کێڵەکان ناونیشانی چاکن بۆ مردووکە. (أخرجه الامام مسلم في صحيحه).

بەڵام دەربارەی ئەم وێنانەی کە لەلای خەڵکی ماونەتەوەو ئەگەر داوایان لێبکەیتەوەو نایگەڕێننەوەو بۆ گڵدانەوەی لای خۆیان پاساوت بۆ دێننەوە، تۆ خۆت لە سزای تاوانەکە رزگار کردووەو تەوبەش لە سەر تۆی سڕیوەتەوەو تاوان گوناهەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کەسەی لەلایەتی. خودای گەورەش کە لەبەندەی خۆی نزیکەو لەهەموو کارێکی ئاگادارە و ئاگاداری هەموو جوولەیەکی سەرجەم زەمینە، ئەم خودایەی دەیپەرستین‌و کڕنۆشی بۆ دەبەین لێبووردەو بەخشندەیە.

الشيخ ابن باز

خوێندن و زانستی شەرعی

پرسیار: ئایا ئەگەر کەسێك بەهۆی خەریکبوونیەوە بە خوێندنی خۆی کە هیچ پێوەندی بە زانستی شەرعییەوە نەبێت دەکرێ ئەمە بکاتە پاساو بۆ ئەوەی هیچ لە زانستی ئایینەوە نەخوێنێت یا هەر نەزانێت؟ یا ئەوەتا بەهۆی خەریکبوونیەوە بە ئیش و کاری ژیانی رۆژانە؟

وەڵام: خوێندن و زانینی زانستی شەرعی پێویستە و ئەرکی ئایینی هەموو موسڵمانێکە کە تاکو ئەو هێندەی لە ئایینەکەی خۆی دەگات و ئەرکەکانی بە رێکوپێکی و بێ هەڵە جێبەجێ دەکات بەمانای سوننەتە لەوانەیە خوێندنی زانستی ئایینی ئەرکێك بێت لەسەر مرۆڤ کە ئەرکێك بێت بەدیداری چاو بەمانای ئەرکی چاو، شتەکە بە چاو ببیندرێت و بخوێندرێت و بچێتە مێشکەوە وەکو ئەگەر مرۆڤ ویستی خوا بپەرستی و لێیی بپاڕێتەوە، ئەو کاتە پێویست دەبێ لەسەی بەمانای (ئەرك) کە ئەو مرۆڤە بزانێت چۆن خوا دەپەرستێت و لە پاڕانەوەشدا چی داوا دەکات لەبەر ئەمە ئەوەی لەبەر هەر ئیش و کارێك کە ناتوانێت زانستی ئایینی بخوێنێت بۆ ئەوەی ماڵ و

منداڵەکانی خۆی بەچاکی بژیێنێت، لەگەڵ ئەمەش جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە نوێژو ڕۆژوو ئەوانەی دیکە فەرامۆش نەکردووەو بە چاك و ڕەوانی جێبەجێیان دەکات دەڵێین، ئەم کەسە گلەیی لەسەر نییەو گوناهی نییەو، بەڵام وەکو (ئەرك) پێویستە لەسەر بەپێی توانای خۆی لەزانستی شەرعی فێرببێت.

الشيخ ابن عثيمين

تەوبەکردن لە زینا

پرسیار: شەیتانی نەفرەتکراو هەڵیخەڵەتاندمو کاری ئابڕووچوونی زینام کرد و، من بەخۆم دەزانم کە ئەمە داوێنن پیسییەکی گەورییەو، دەمەوێت بەرانبەر خوای لێبووردەو میهرەبان تەوبەی بکەم ئایا خوای مەزن بەم تەوبەیەم قایل دەبێت؟

ئەوەی راستیش بێت من لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەم بەدرەوشتیە دەکەم و ئینجا تەوبەی دەکەم، ئایا تەوبەکەم لیٚ وەردەگیرێت، تکایە دڵنیام بکەنەوە خوا پاداشتتان بەخێر بداتەوە؟

وەڵام: تەوبەکردن دەرگای والایە تاکو خۆر لە رۆژئاواکانیەوە هەڵدیٚ. ئەوەی بۆ خوا تەوبە بکا تەوبەیەکی ئێجگاری لەهاوبەش پەیداکردن بۆ خواو ئەوانی لەمەش کەمتر خوا تەوبەکەی لێوەردەگریٚ و لە هەموو گوناهەکانی ماوەی پێشوو خۆش دەبێت.

تەوبەی ئێجگاریش بریتییە لە : وازهێنان لە گوناهەکان بەمانای خود یەکلاکردنەوە، پەشیمانبوونەوە لە کردەوەی ماوەی پێشوو، نیازهێنان و بڕیاردانی راستی کە جارێکی دیکە لە ترسی خوای

گەورەو مەزنی و شکۆمەندییەکەی و نزاو تکاو پاڕانەوە تا بیبەخشێت و لێی ببورێت وەکو ئەوەی خوای میهرەبان دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا ﴾

التحريم: ٨.

واتە: ئەی ئەوانەی که باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بەگەڕانەوەیەکی ئێجگاری.

دیسان فەرمووی:

﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥٣ ﴾

الزمر: ٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبانی و بەزەیی خوا، چونکە خوا لەهەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت، بەڕاستی هەر ئەوە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

زانایانیش لەسەر ئەمە ڕێککەوتوون کە ئەم ئایەتە لە بارەی تەوبەکارانەوە دابەزیوە. لەسەر ئەم سێ مەرجانەی باس کراوە لە ڕاستی تەوبە مەرجی چوارەم زیاد کراوە کە ئەگەر بێتو مافی خەڵکانی دیکەی لەسەر بێ، ئەویش ئەوەیە مافەکانی لەماڵ و سامانو هی دیکە گەردنی خۆی ئازاد بکات لەمەش بە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): (ئەوەی ستەمی برایەکی خۆی لەسەر بێ گەردنی خۆی لێ ئازاد بکات بەمانای ستەمەکە لەسەر ستەملێکراوەکە هەڵگرێ تازووە نەوەك ماوەی بەسەر بچێ و ئەوا هێندەی بڕی ستەمەکە لێی وەردەگیرێ و ئەگەر چاکەو خێراتی نەبوو ئەو کاتە لە کارە خراپەکانی ستەملێکراو هەڵدەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەستۆی ستەمکارەکە. (اخرجه البخاري في صحيحه).

پێویستە لەسەر موسڵمان لە هاوبەشی پەیداکردن و هۆیەکانی و هەموو کردەوەی خراپ و یاخیبوونو دوورکەوتنەکان لە ئایین زۆر هۆشیار بێت بە زەین و هۆش مامەڵە لەگەڵ هەموو پێڕەوو پرۆگرام و ئەرك و سونەتەکان بکات هێندەی کەڵە موویەك نە ئەرکەکان دوا بخات و نەدرێغی لە پێویستییەکانی دیکەی ئاینیش بکات. چونکە

هەر ئەوەتا تووشی کردەوەیەکی خراپ ببێت لەوانەیە لە تەوبەکەی خۆی سەرکەوتوو نەبێت، بۆیە لەخوا پەرستی و ناسینی و پێڕەوکردنی سوننەتەکان پێویستە لەسەر موسڵمانی ڕاست و ڕاستگۆ لەگەڵ خودا، لەوانەی خوای مەزن قەدەغەی کردوون زۆر هۆشیار بێت، لەهەموو حاڵەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی موسڵمان بۆ هۆشیار بوون ڕۆشنبیری ئایینی گەلەك پێویستەو لەباسی پێشووش چەندین نموونەمان هێنایەوە کە ڕۆشنبیری کەسی موسڵمان نەوەکو تەنیا پێویستە بەڵکو (ئەرکە) چونکە هەندێ جار هەموو پێویستیەکانی سەر شانی کەسی موسڵمان تەواو جێبەجێ ناکرێن یا ئەوەتا جێبەجێکردنیان لە توانای ئەو کەسەدا نییە چ بەهۆی خوێندنی بابەتی دیکە بێ یا بەهۆی ئیش و کاری بژێوی ژیانی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵەکانی خۆی بێت یا ئەوەتا هەندێ جار ڕژێمە ستەمکارەکان هێندە ژیانی خەڵك گران دەکەن، خەڵکەکە لە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئاین دوور دەکەونەوەو بەمەشە بڕوایان بە ئاین لاواز دەبێ و سوننەتەکان فەرامۆش دەکەن، بۆیە جێبەجێکردنی پێویستیەکان بووەتە (ئەرك)ی سەرشانی کەسی موسڵمان ئەم ئەرکەش

بــە خــۆ رۆشــنبیریکردن تــەواو دەبێــت وەکــو خوێندنــەوەی قورئــان و ئامادەبوون و گــوێگرتن لــە کــۆڕە ئایینیــەکان. هەمیــشە تەوبــەکار پێویستە هەموو ساتێك لەخوا بپارێتەوە کە تەندروستی چاکی بـداتێ تاکو باری خوا پەرستنو ناسینی لە رۆژی زیندووبوونەوەو ئامادەبوونی بەر دەرگای دادوەری لێپرسینەوە پتر بێ و پاداشتەکانی گەورەتر بــێ و لەو چاکەیە خوا لەگەڵیدا کردووە روو سوور بێ.

هەروەها کەسی تەوبەکار نابێ گــوێ بــۆ نیازەکــانی شــەیتان شــل بکات و بەرانبەر فرۆفێڵەکانی نەرم بــێ و تووشــی کــردەوەی خــراپ و داوێن پیــسی ببێــت بــەو نیــازەی کــە جــارێکی دی تەوبــە بکاتــەوەو بێگومان ئەوەی شەیتان رێگای خراپەکاری بۆ دەرازێنێتــەوەو ئــەویش شتە خراپەکان دەکا بەنیازی دووبارە تەوبەکردنەوە لەوانەی بەندە ســزا بدرێت و بەربەستێکی گەورە لەنێوان خۆی و خودی خوا هەڵبەســتێت بەمــەش ئەوپــەڕی پەشــیمانی پەشــیمان دەبێتــەوە و دڵگرانــیو پەرۆشیەکی گەورە دروست دەکات لــە کاتێکــدا کــە پەشــیمانی دادی نادات.

خوای مەزن ئەو پەناگەیەیە کە مەڵبەندو هەوارگەی چاکەکارانی ڕاستەقینەیە، هەموو چاکەو بەخشینێك لەم پەناگەو مەڵبەندو هەوارگەیە دەست دەکەوێت، مرۆڤی باوەڕدار، خودا پەرست و خودا ناس و تەوبەکار هەر ئەو پەناگەیە کە هاواری بۆ ببات و داوای خێرو بەزەیی لێبکات، ئەوانەی تەنیا لەم پەناگەیە هاواری خودای گەورەی خۆیان دەکەن بێگومان لەدوا ڕۆژدا قازانجیان کردووە.

خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿وإياي فارهبون﴾البقرة: ٤٠.

واتە: وەهەر لەمن بترسن.

خوای دەروون پاك و میهرەبان دەفەرمووێت:

﴿ويحذركم الله نفسه﴾آل عمران : ٢٨

واتە: وە خوا دەتانترسێنێت لە سزای خۆی.

خودای گەورە کە هەم پێشخەرەو هەمیش دوا خەرە دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ٦ ﴾ فاگر: ٥-٦

واتە: ئەی خەڵكینە بێگومان بەڵێنی خوا راستە، دەی كەواتە با ژیانی دنیا فریوتان نەدات، وە با شەیتان بە (بەزەیی و لێبووردەی) خوا فریوتان نەدات، بەراستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە، دەی كەواتە ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی دابنێنن بێگومان ئەو (شەیتان) تاقم و كۆمەڵەكەی بانگ دەكات، بۆ ئەوەی ببنە هاوەڵانی ئاگری هەڵگیرساوی (دۆزەخ).

زۆر ئایەتی دیكەش بەم مانایەوە هەیە.

الشیخ ابن باز

قسەی دەروون بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خراپ

پرسیار: هەندێ جار لە دەروونەوە ئارەزووی ئیشێکی خراپ دەکەم یا قسەیەکی ناشیرین دەکەم، بەڵام زۆر جاریش نە ئارەزووەکە جێبەجێ دەکەم و نەقسە ناشیرینەکەش دەکەم، ئایا بەمە گوناهبارم؟

وەڵام: ئەگەر مرۆڤ شتێکی بەخەیاڵدا هات، یا ئارەزووی کرد، یا بیری لێکردەوە کە بیکات و (نەیکردو) ئینجا ئەگەر بێتو ئەم (نەکردنە) نەکردنێکی پێویست بوو یا کارێکی حەڕام بوو و، ئەم خۆی بەدەست خەیاڵەکەوە نەداو ئەوەی پێویست بوو کردیو وازی لە کارە قەدەغەکراوەکە (حەڕام) هێنا ئەمە لەسەر ئەو کارەی کە لێی روویدا پاداشت دەکرێتەوە، چونکە ئەمەی بۆ خوای گەورە کردووە، ئەمەش لە فەرموودەی راست چەسپێندراوە کە ئەوەی نیازی یا ویستی یا ئارەزوویکرد کردەوەیەکی خراپ بکات و نەیکرد چاکەی تەواوی بۆ نووسراوە چونکە لەخوای گەورە ترساوەو نەیکردووە بەمانای ئەم نەکردنەی بۆ خوای مەزن بووە. لێرە پێویستە درێژە بەهەندێ روونکردنەوەی دی بدەین بۆ ئەو کەسەی خەیاڵی شتی خراپی

حەرامی کردووەو وازیشی لێهێناوە کە ئایا پاداشت دەدرێتەوە یا پاداشت نادرێتەوە.

دەڵێین: ئەوەی خەیاڵی کاری خراپی حەڕام دەکاو کارەکەش ناکات لە یەکێ لەم سێ حاڵەتانە دەرناچێت:

١-یا ئەوەتا کارەکەی پێناکرێت، وەکو ئەوەی لەباریدا نەبێت، یا توانای نەبێت، یا کەموکوڕی هەبێت لەمە گوناهی بکەرەکەی دەنووسرێت، ئەمەش بە گوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ):

(ئەگەر دوو موسڵمان شمشێریان لێکبەرزکردەوە بکوژو کوژراو لەنێو ئاگرن) گوتیان ئەی نێرراوی خوا ئەمە بکوژەکەیە ئەی کوژراوەکە بۆچی؟ فەرمووی: (ئەویش دەیویست هاوڕێیەکەی خۆی بکوژێت).

٢-دوومین حاڵەت: لە ترسی خوای گەورە واز لە قەدەغەکراوەکە (حەرام) بێنێت ئەم جۆرە دەستلێهەڵگرتنە لە کردەوەی خراپ چاکەی تەواوی بۆ دەنووسرێت چونکە لە راهی خوای مەزن نەیکردووە، یا وازی لێهێناوە یا دەستی لێهەڵگرتووە یا بۆ رۆژی قیامەتی هەڵگرتووە.

٣-وازی لە کردەوە خراپەکە هێنابێ بەوەی بە پێتر خەیاڵی بۆ نەچووبێت، یا پێتر بیری لێنەکردبێتەوە، یا هەر لەسەرەتاوە گرنگی پێ نەدابێت و خۆی پێیەوە خەریك نەکردبێت. ئەمەش بۆ ئەو نییە لەسەر ئەویش نییە، بەمانای نە پاداشتی لەسەرەو نە گوناهی لەسەرە.

لێرەدا حاڵەتی چوارەم هەیە، ئەویش: وازهێنان یا دەستهەڵگرتن لە قەدەغەکراو لەبەر ئەوە بێ کە کەسەکە توانای بەسەردا نەشکێ بەمانای دەسەڵاتی نەبێ و بێ توانا بێ، بەڵام شتێك ناکات یا هەوڵێك نادات کارە حەرامەکە ئەنجام بدات بەڵکو نیازی کردو ئومێدی کردەوە خراپەکە دەکات، ئەمە هێندەی بڕی نیازەکە گوناهی دەکەوێتە سەرو وەکو ئەوە نییە کە هەوڵی بۆ دەداو ڕێگە بۆ ئەنجامدانی کارە قەدەغەکراوەکە خۆش دەکات و، بەڵام نەیتوانی یا پێی ئەنجام نەدرا یا کارەکە ڕێکنەکەوت گوناهی ئەمە کەمتر لەوەی یەکەمە کە پێشتر هێمامان بۆ کرد.

الشيخ ابن عثيمين

تەوبەو گەڕاندنەوەی نوێژە چووەکان

پرسیار: تەمەنم ئێستا ٢٩ ساڵە لەتەمەنی بیست و چوار ساڵیەوە دەستم بە نوێژەکان کردووە، هێشتا لێی بەردەوامم سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن کە ڕێی ڕاستی پێ نیشان داوم، دەستم پێکرد بە گەڕاندنەوەی نوێژە چووەکان، لە نوێژەکانی ئەو ساتەوە کە تەمەنم پانزە ساڵان بوو و ئیدی بە پێی توانام دەستم پێکردووە نوێژەکان دەگێڕمەوە بەڵام لەمە ڕای خەڵك جیاوازە، هەیانە کە دەڵێ: پێویست بە گەڕانەوە ناکات تەوبەی ئێجگاری بەسەو، هەیە کە دەڵێ: پێویست بە گەڕاندنەوەیانە تکایە ڕاستیمان بۆ دیار بکەن؟

وەڵام: ڕاستی پێویستت بە گەڕاندنەوەکان ناکات و، تەوبەی ئێجگاری بۆ ئەمە بەسە کە بریتیە لە مانە: پەشیمانبوونەوە لەوەی لەتۆ رووی داوە، بەردەوامبوون لەسەر نوێژ و، نیازو بڕیاری ڕاستگۆ کە واز لە خوا پەرستی نەهێنیت، خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الانفال: ٣٨.

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: بە ئەوانەی کە بێ باوەڕبوون، ئەگەر کۆتایی بهێنن (بەبێ بڕواییەکەیان)، بەڕاستی (خوا) دەبووری لەهەرچی لەوەو پێش کردوویانە:

هەمدیسان خوای مەزن کە دەسەلاّتدارو ئاشکراو دیارە دەفەرموویێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا ﴾

التحريم: ٨.

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بەگەڕانەوەیەکی ئێجگاری.

پێغەمبەری (ﷺ) خۆشەویستیش دەفەرموویێت:

(ئیسلامبون ئەوەی پێشوو دەڕمێنێت و دەسڕێتەوەو، تەوبەش هەرچی لەوەو پێش کراوە دەیانسڕێتەوە.

هەوروەها درووود و سەلاّمی خوای لەسەر بێت دەفەرموویێت:

(تەوبەکار وەکو ئەو کەسەیە کە هیچ گوناهی نەبێت).

داوا لەخوای گەورە دەکەم لە ئایینی خۆت پتر تێبگەیت و بەرانبەر بە شتی نادروست چاو نەپۆشیت هەمیشە لەسەر شتی ڕاست و ڕەوا

دەنگت هەڵبڕی و خۆت له گوناهەکان بپارێزیت لەسەر خوا پەرستی و سوننەتی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) بەردەوام بیت کاری چاك بکەیت و هاوکاری چاکەکاران بیت.

پرسیار: هەندێك لەوانەی کە بە پابەندبووانی ئایینیان دادەنێین بە شێوەیەکی هەڵەو وشك مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دی دەکەن، هەندێکیان وا پێدەچن کە هەموو دەمێك روو گرژو ترش بن، بۆ ئەمانە ئامۆژگاریتان چییە؟

ئەرکی موسڵمان بەرانبەر برای خۆی چییە بەتایبەتی ئەگەر ئەو برایە کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئاییندا هەبێ؟

وەڵام: ئەوەی کە سوننەتی پاککراو ئاماژەی بۆ دەکا سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ئەرکی موسڵمانە ئەوەیە کە هەموو دەمێك چاوی لە یارمەتیدانی خەڵکی دی بێ، هاوکارییان بکات، قسەی راست بکات، چاکە بکاو خێر بکات، لەمامەڵە راستگۆ بێت، پەیمان بپارێزێت، دەستپاك بێت، چاو و دەمی خۆی بپارێزێت، گوێ لە قسەی پاشملە نەگرێ، بوختان نەکا، قسەی کەسێك لەلای کەسێکی دی نەگێڕێتەوە، لەگێڕانەوەی مەسەلەیەکە پێویست زیادو کەم نەخاتە سەر، چاوی لە نامووسی خەڵکی دی نەبێ، خەڵك بەکەمو سووك سەیر

نەکات، قەسەی ناشیرین نەکات، جوێن نەدات و سوێند بە هیچ شتێك نەخوات، ئەم ڕەوشتانەو بەدەیان ڕەوشتی چاکی دیکەش پێویستە کەسی موسڵمان پێیەوە پابەند بێت، پەیوەست بوون بەم ڕەوشتانە کە سیێتییەکی گەورەو گران بەتاك دەدات کە خۆی لەخۆیدا جوانی یا نموونەی ڕەوشت چاکی مرۆڤ پیشان دەدات و ئەمانەش بەگشتی ڕوو و ناوەڕۆکی موسڵمانی چاك پیشان دەدەن و لەهەمان کاتیشدا بانگەوازێکی تەواوە بۆ خوا پەرستی خوای مەزنیش کە هەمیشە بەخۆی بەخشندەو میهرەبانە، بەسۆزو بە بەزەییە، شایانی سوپاس و ستایشە، پایە بەرزو ڕێزدارو گەورەو بە توانایە.

ئەوەی پێویستیشە لەسەر شانی مرۆڤ ئەوەیە کە بە دانایی و نەرمی و ئاسانکاری بانگەواز بۆخوای گەورە بکات، چونکە خوای شکۆمەند بە موحەممەدی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو:

﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾النحل:١٢٥

واتە: (خەڵکی) بانگ بکە بـۆ ڕێبـازی پـەروەردگارت، بـەلێزانیی و دانایی‌و ئامۆژگاری چـاك و شـیرین، وە لەگـەڵیان بـدوێ(موجادەلـە بکە)، بە چاکترین شێوە.

خوای مەزنیش پێی فەرموو:

﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ ﴾ آل عمـران: ١٥٩

واتە: بەهۆی بەزەیی خواوەیە، بۆ ئەوان نەرم و نیانی بووی، ئەگـەر تۆ، بەدخوو و قسە رەق و، دڵڕەق بوویتایـە، ئـەوە هـەموو بڵاوەیـان دەکرد، لەدەورت ، کەواتە لێیـان ببـوورە، و داوای لێبووردنیـان بـۆ بکە.

خوای گەورە کاتێ موسا و هاورونی بۆ فیرعەون نارد فەرمووی:

﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ ﴾ طه: ٤٤.

واتە: جا قسەی لەگەڵ بکەن بە نەرم و نیانی، بەڵکو بیر بکاتەوە یا بترسێ(لە سزای خوا).

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) هۆشیاری داوە کە دەفەرموێت: (خوای گەورە بەنەرم و نیانی دەدات بە توندو تیژی نادات).

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەگەر نێردراوێکی بناردایە دەیفەرموو: (ئاسانی بکەن و دژواری مەکەن و مزگێنی بدەن و لێی دوورەپەرێز مەبن ئێوە نەرمکارن و ئاسانکارن بۆ ئەوە نەنێردراون دژواری بکەنەوە).

بەم شێوەیە پێویستە لەسەر بانگەوازکار کە دەبێ نەرم بێ، رووخۆش بێ، سنگ فراوان بێ، تاکو ئەوکەسە بەدەم بانگەوازەکەوە بێت و بەوەی داوای خواپەرستی لێدەکات داوکەی لێوەرگرێت و پێی قایل بێت، پێویستە داواکارییەکەی تەنیا بۆ خوای گەورە بێت بەمەش دڵسۆز دەبێت خوای بەخشندەش بانگەوازەکەی بۆ ئاسان دەکات خەڵکی دێنە سەر ڕێی راست و بەرانبەر بەمەش لەلای خوای گەورە پاداشتی گەورەی دەبێت.

بەلاّم ئەگەر ئەمە بۆ خودی خۆی بانگەوازی کرد وەکو بلیّی دەیەویّت سەرکەوتنیّك بنویّنیّت یا ئەوەتا هەست دەکات ئەمە دوژمنیەتی و دەیەویّت تۆلّەی لیّبکاتەوە لەمەش بانگەواز یا داواکردن یا دوعاکردن کەمورکوڕی تیّدەکەویّت و لەوانەشە خیّرو بەرەکەت و چاکەشی کەم لیّبکەوەیّتەوە ئامۆژگاریم بۆ برایانی بانگەوازکار ئەوەیە ئەم هەستە هەست پیّبکەن، کە ئەوان بۆ بەزەییهاتنەوە بە خەلّك خەلّك بانگەواز دەکەن و هەمیشە بۆ گەورەیی و مەزنیّتی ئایینی خوای گەورەو بەسەرکەوتنیەتی.

الشیخ ابن عثیمین

بەردەوامبوون لە سەر تەوبەکاری

پرسیار: من گەنجێکم بە موسڵمانی لەدایکبوومەو هەرگیز وازم لە نوێژەکان نەدەهێناوە بەڵام قەزاو قەدەری دنیا وایکرد روو لە دەرەوەی وڵات بکەم، ئیدی ماوەیەك لەگەڵ خێزانی خۆم بوومو ئینجا بەبێ ئەوان بەتەنیا مامەوەو ماوەی پتر لە چوارساڵی تەواو وازم لە نوێژ هێنا، زۆر شتی وەکو داوێن، پیسیشم کردو، بۆ ماوەی چوارساڵیش لەرەمەزاندا بە رۆژوو نەبووم و، لەگەڵ هاوسەری خۆم لە رۆژی رەمەزاندا جووت بووینەتەوە، ئەمانە هەمووی بەهۆی هاوڕێییە خراپەکانەوە تووشیان هاتم، ئێستا من بۆ پەروەردگارم تەوبەم کردووەو لەوانەی لەمەو پێش کردوومن پەشیمانم، لە نوێژەکانی خۆم بەردەوامم چ بەتەنیا یا لەگەڵ کۆمەڵ بیانکەم. شێخی بەڕێز، تکا دەکەم ئامۆژگاریم بکەن، چ پێویستە لەسەر من تاکو بیکەم؟

وەڵام: ئەگەر راستی واقیعەکە ئەوەیە کە باست کرد، تەوبەی ئێجگاری بەسە ئەویش ئەوەی پێشوو دەسڕێتەوەو هیچ شتێکیش لە نوێژو رۆژووەکان مەگێڕەوە چونکە تەوبەی ئێجگاری پێویست بەگەڕاندنەوەی نوێژوو رۆژووەکان ناکات و هیچ شتێکیش بۆ کفردانەوە

مەکە چونکە وازلێهێنان لە نوێژ لەڕاستی قسەی زانایان کفری گەورەیە ئەگەرچی لە ئاینیش دەرنەچووبێ بەڵام ئەگەر لە ئایین دەرچوو و بێ باوەڕی خۆی نواند پێویستە زانایان بە کۆمەڵ بڕیار لەسەر دەرچوون و بێ باوەڕی بدەن و کافریش ئەوەیە کە دەبێتە ئیسلام و هیچ شتێك لە ئەرکەکانی پێوەند بەخوای گەورە جێبەجێ ناکات، خوای گەورەو شکۆمەند دەفەرمووێت:

﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الانفال: ٣٨

واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: بە ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، ئەگەر کۆتایی بهێنن (بەبێ بڕواییەکەیان)، بەڕاستی (خوا) دەبووڕێ لە هەرچی لەوەو پێش کردوویانە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: (بە ئیسلامبوون ئەوەی پێشتر دەڕمێنێت و دەسڕێتەوەو، تەوبەش ئەوەی پێش خۆی دەڕمێنێت و دەسڕێتەوە).

ئامۆژگاریت دەکەین لە تەوبەی خۆت ڕاست و ڕاستگۆبیت و، لە خوای گەورە زۆر داوای لێبووردن بکەو زۆریش کردەوەی چاك بکە،

ئەگەر لەسەر تەوبەو چاکەکاری خۆت بەردەوام بیت مزگێنییت لێبێ ئاکامی چاکی دەبێت و خوای گەورەش هەر بەخۆی خاوەن فرمانەو هەر بەخۆیش دانای زانایە. خوای گەورەش کە داهێنەری گشت زیندەوەرەکانەو بەرانبەریشیان زۆر بەسۆزو میهرەبانە، بە گەورەیی خۆی دەفەرموویێت:

﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾طـه: ٨٢.

واتە: وە بەراستی من زۆر لێبووردەم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ، و باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت، پاشان بەردەوام بوویێت لەسەر ئەو ڕێبازە.

لەخوای گەورە داواکارین رزقمان پتر بکاو لەسەر راست و ڕەوایی جێگیرمان بکات و بە گەورەیی خۆیشی ڕێی خواپەرستیمان بۆ ئاسان بکات.

لەپرسیارەکەی تۆ وشەیەك هاتووە پێویستە لێی هۆشیار بیت کە دەڵێ (قەزاو قەدەری دنیا وایکرد) قەزاو قەدەر کاریگەری بڕیاردەری نییە، راستی ئەوەیە بگوترێ: خوای تاك و تەنیا ویستی، یا خوای گەورە ئارەزووی لێبێ و هی دیکەی لەم جۆرە.

خوا ئێمەو ئێوە بۆ تێگەیشتن لە ئایین سەرکەوتوو و سەرفراز بکات تاکو بتوانین لەم دنیایە پڕ گەندەڵییە رزگارمان بێت و بەدڵێکی پڕ لە بڕواو خواپەرستیو پێڕەوی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەرووسوور لەبەدەم سەکۆی لێپرسینەوە ئامادەبین، خودای پەروەردگاریش لەهەموو سات و زەمەنێك ئاگاداری بەندەکانی خۆیەتی، هەموو هاوارێك، داواکارییەك، نزایەك، پاڕانەوەیەك هەرچەند نزم بێت لە بەندەی خۆی دەبیسێت و لەهەموو گوفتاری نێوان بەندەکانیش ئاگادارە.

الشیخ ابن باز

بەردەوامی لەسەر خواپەرستی

پرسیار: من گەنجێکم بە ئیسلامەوە پەیوەستکارم بەڵام لەم ماوەیەی دواییدا سەرنجم دایێ کە بڕوام لاوازە، بەبەڵگەی ئەوەی هەندێ شتە خراپەکان دەکەم وەکو نوێژ دواخستن و نەکردنیان و، گوێگرتن لە قسەی بێ ماناو دانیشتن و کات بەفیڕۆدانو، بەدوا ویستی خود کەوتن و، بێ ئاگابوون لە هەواڵی ژیانی رۆژانەی موسڵمانان و، گەڕان بەدوای چێژی خودو ویستی تاك و دوورکەوتنەوە لە نێوەندی بیرو بۆچوونە ئایینییەکان و نزیکبوونەوەو یەکڕایی لەگەڵ هاوڕێیانی بڕوا لاوازو فەرامۆشکردنی خواناسان، زۆریش هەوڵمدا خودی خۆم لەوەی تێی کەوتووم رزگار بکەم و کەچی نەمتوانی، ئایا بەڕێزتان بۆ رێگای راست رابەریم دەکەن کە لەو بەدخووەی خودم تێی کەوتووە رزگارم ببێ؟

وەڵام: داوا لە خوای گەورە دەکەین، کە میهرەبان و دەروون پاك و خاوێنە، بەدڵێکی پڕ لە بڕواو خۆشەویستییەوە، لێی دەپاڕێینەوە بۆ خۆمان و بۆ تۆش کە رێگای خواپەرستیمان نیشان بدات و

جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان لەسەر ئاسان بکات، لەسەر خواپەرستی و خواناسی خۆمان مکورڕ و جێگیریان بکات، دوو دڵی نەخاتە دڵمانەوە، نەگریستی نەفرەتلێکراو درز نەخاتە بنەچەی ئیمانمانەوە، راستگۆبین، دڵپاك بین، دەستپاك بین و لەسەر خوێندنەوەی قورئان و شیکردنەوەو تێگەیشتنی ئایەتەکانی رشت و مکوڕ بین، لە قورئانیشدا خوای مەزن دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧﴾ يونس ٥٧.

واتە : ئەی خەڵکینە، بێگومان بۆتان هاتووە، ئامۆژگاری (قورئان) لەلایەن پەروەردگارتانەوە، وە شیفاو چارەیە بۆ ئەوەی لەناو دڵ و دەروونتان دایە، وە رێنموویی و میهرەبانیە، بۆ بڕواداران.

ئینجا لەخوای گەورە داواکارم تا لە تواناتدا بێت ژیاننامەی پێغەمبەر(ﷺ) و سوننەتەکەی بخوێنیتەوەو دووبارە پێدابچیتەوەو لێی ورد بیتەوە، ئەمەش مەشخەڵی ئەو رێگایەیە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ

بەخوای مەزن بگات. سێیەمیش ئەوەیە باوەڕی چاکەکارو ئیمانداران و هاوڕێیە خواناسەکان بکەیت و لێیان دوور نەکەویتەوە؛ چوارەمیش ئەوەی تا لە تواناتدا بێت لە کۆڕی خراپەکاران دوور بکەویتەوە کە دەربارەی ئەمانە پێغەمبەرمان دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت فەرموویی:

(دانیشتن لەگەڵ کەسانی خراپەکار وەکو فووکەری نێو هەمبانەی کوورەیە، یا دەتسووتێنێ، یا فەرمووی: جلو بەرگت دەسووتێنێ، یا بۆنێکی گەنیوت لێ چنگ دەکەوێ) ئینجا لەهەر هەنگاوێکی پێشکەوتنی خۆت کە تێیدا خوورەوشتت دەگۆڕێت و چاکتر دەبێ سەرزەنشتی کارو کردەوەکانی رۆژانی پێشووی خۆت بکە کە تێیدا هەست بەشەرمەزاری دەکەیت، شەشەمیش: بەهەر کردەوەیەکی چاك، یا خێرێك، یا یارمەتیدانی برایەکی موسڵمان پێیەوە لە خۆیایی مەبەو لەلای خەڵکیش باسی چاکی و خێرو یارمەتیدانەکانی خۆت مەکەو پێیانەوە سەرمەست مەبە کە تۆ کردووتەو کەسێکی دی نایکات

چونکە باسکردنی ئەم جۆرە شتانە دەبنــە (ریـا) و ئەمــەش لەوانەیــە کردەوە چاکەکانت بەتاڵ بکات هەر وەکو خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٧﴾ ﴾ الحجرات: ١٧

واتە: ئەو کەسانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا(ئەی موحەمــەد-ص-)، چونکە موسڵمان بوون، تۆش بڵێ منەتی موســڵمان بـوونی خۆتـان بەسەر مندا مەکەن، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا، چـونکە ڕێنموونی کردوون بۆ باوەڕهێنان، ئەگەر ئێوە راستگۆن(کە ئیماندارن).

بەڵام هەموو دەمێك سەیری کردەوە چـاکەکانی خـۆت بکـە وەکـو ئەوەی کە لە هەموو کارو کردەوەیەکی چاك، یا خێر، یا جووڵانەوە، یا دیدار، یا بیستن، چاودێری خۆت بیت و هەرچەند خواپەرستیش بکەیت و پتر خوای مەزن بناسیت وا هەست بکە هێشتا کەموکوڕیت هەیە تـا ئەو کاتەی دەگەیتــە ئـەو رادەیــەی بەرانبـەر خـودای گـەورە کڕنـۆش دەبەیەت بە دڵێکی ساف و بێ گەرد تەوبە دەکەیت، ئەی خودایــە لــە

گوناهەکانمان ببورە، ئەی خودایە بـەکردەوەی خۆمانمـان لەگـەڵ مەکـە هەر تۆ بەخشندەو میهرەبانیت هـەر تـۆ تـاك و تـەنیاو بـێ هـاوەڵ و هاوتایت، هەر تۆ پەروەردگارو زاتی پایەدارو دەسەڵاتداریت، هـەر تـۆ دەردو بـەڵای دنیـای بەدفـەڕمان لەسـەر هەڵـدەگریت و داخـوازیو پێویستیەکانمان جێبەجێ دەکەیت، ئەی خودایە هەر تۆ هاوتاو شـێوەو هاوشانت نییە.

الشیخ ابن عثیمین

لەو دانیشتنانەی قسەی پاشملەو بوختانی لێدەکرێت خۆت بپارێزە

پرسیار: لە گوندەکەی ئێمە زۆربەی گونجەکان کۆڕی قسان دەبەستن و تێیدا پاشملە باسی یەکدی دەکەن و بوختانیش بەخەڵکی دی دەکەن، ئایا دەکرێ بەشداری دانیشتنی ئەوانە بکەم؟

وەڵام: ئەم کۆمەڵە کەسانە کە شەو کۆڕی دەگرن و پاشملە باسی خەڵکی دەکەن و بوختانیش بەکەسانی دی دەکەن ئەمانە گۆشتی برایانی خۆیان دەخۆن، ئەمانە لەراستیدا بێ عەقڵن و کەودەن.

چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ ﴾الحجرات:١٢

واتە: لە پاشملە بەخراپە باسی یەکدی دەکەن، ئایا کام لە ئێوە پێی خۆشە، کە گۆشتی برا(ئایینی یەکەی) بخوات، بەمردوویی، بێگومان قێزتان لێ دێتەوەو پێتان ناخۆشە.

ئەوانەی لە دانیشتنەکانی خۆیان گۆشتی خەڵك دەخۆن گوناهی ئێجگار گەورە دەکەن.

ئەوەی پێویستە لەسەرتۆ ئامۆژگارییان بکەیت ئەگەر گوێڕایەڵت بوون و لەوەی دەیانکرد وازیان هێنا، ئەمە خێرێکی گەورەت کردووەو ئەگەر نا پێویستە تا بکرێ لێیان دوور بکەویتەوە. خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾ ﴾ النساء: ١٤٠

واتە: وە بێگومان خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆتان، لە قورئاندا، هەر کاتێك بیستتان ئایەتەکانی (بەڵگەکانی) خوا، بڕوایان پێناکرێت، و گاڵتەیان پێ دەکرێت، ئەوە دامەنیشن لەگەڵیاندا، تا دەچنە نێو باسێکی ترەوە (و باسەکە دەگۆڕن)، بێگومان ئەگەر دانیشن لەگەڵیاندا (و هاوبەشیان بکەن) ئەوە ئێوەش وەکو ئەوانن، بەڕاستی خوا کۆکەرەوەی، دووڕووەکان و بێ باوەڕەکانیشە، بە تێکڕا لە دۆزەخدا.

ئینجا بە گوێرەی یاسای شەرع ئەوانەی لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە دادەنیشن و گوێ بۆ ئەو ئایەتانە شل دەکەن کە کفری پێ دەکەن و

گاڵتەو سووکایەتی پێ دەکەن ئەگەرچی ئەمە مەسەلەیەکی مەزنە هەمیشە لادانو دەرچوونیشە لە رێبازی ئایین.

ئەوەی بەشداری یاخیبووان بکات لە شتی لەمانەش کەمتر وەکو ئەم یاخیبووانە کە نکوڵی لە ئایەتەکان دەکەن و گاڵتەو سووکایەتییان پێدەکەن کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کفرو لادانو دەرچوونە لە رێبازی ئایین ئەمانە لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیان دادەنیشن و گوێ بۆ قسەکانیان شل دەکەن وەکو یەکدی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە گوناهدا هاوبەشن.

تۆش پێویستە لەسەر لە دانیشتنیان جیا ببیتەوەو لەگەڵیان دانەنیشیت.

خودای گەوەر، سەرەتایەو، کۆتاییەو، دیارەو، شاراوەیەو، ئاگاداری هەموو شتێکە.

الشيخ ابن عثيمين

هەستکردن بە پەسەند نەبوونی تەوبە

پرسیار: گەنجێك کردەوەیەکی خراپی کرد ئینجا تەوبەی کردو بەڵام لەناخی دڵی خۆیدا هەست دەکات خوا لێ خۆش نابێت، بەچی ئامۆژگاری دەکەن؟

وەڵام: تەوبەکردنتو هەستکردن کە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووت خۆش نابێت ئەمە نیشانەی راست و راستگۆییە لەگەڵ خوای گەورە بەڵگەی ئەوەیە کە هەست دەکەیت و تەواو بڕوا ددکەیت کە لەبەرانبەر هەر گوناهێکی بەندە لێپرسینەوەو سزای خۆی هەیە. بەڵگەی ئەوەشە کە لە گوناهەکانی ماوەی پێشووی خۆت دەترسێیت، ئەم ترسەش هەڵبەتە ترسە لە خوای گەورە، پێویستە لەسەر تۆ ئەم ترسە لە دڵی خۆت دەربکەیت، چونکە شەیتانی بەدفەر لەو کەسانە نزیکە کە لە خوای خۆیان نزیك دەبنەوەو بەبێ باکی دەیپەرستن و ئەم شەیتانە هەموو دەمێك لەدەوری کەسانی چاك و خواناس دەخولێتەوە تاکو هەر دەرفەتێك ببینێت بۆ ئەوەی گومانی بخاتە دڵی و دەروونی تاکو بڕواو خواپەرستییەکەی لاواز بکات بەو ئومێدەی تەواو بیڕوخێنێت. تۆ کە تەوبەت کردووە دڵنیابە تەوبەکە بەسە تاکو ئەگەر پێشتر گوناهی گەورەشت کردبێ، ئەوەش بزانە کە هیچ گوناهێك لە هاوبەش پەیداکردن لەگەڵ خوای مەزن گەورەتر نییە

هاوبەش پەیداکاریش هەر کاتێ بۆ خوا تەوبەی کرد، تەوبەکەی لێوەردەگیرێت و خوای مەزن کە بە بەزەییدار ترینی بەزەییدارانە لە گوناهەکانت خۆش دەبێت، ئەوەی پێویست بووە لەسەر تۆ، تەوبەبووەو، ئەویشت کردووە، دوای تەوبەش هەموو شتێك، بەمانای هەموو گوناهەکانی ماوەی پێشتر دەسڕێتەوە، تەوبەکار لە گوناهەکانی پێشوو دەشۆرێت بە واتای وەکو ئەو کەسە کە تازە لە دایکدەبێت. ئیتر پێویست ناکات دوودڵی بخەیتە نێو مێشکی خۆتەوە، کاتێ دوودڵیش پتر شالاو بۆ کەسی موسڵمان دێنێ ئەگەر کەسەکە تەواو ڕۆشنبیر نەبیت و خوێندنەوەی قورئانی ڕەوان نەبێت و سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)نەزانێت لەوانەیە بڕواو خوا پەرستیەکەی درزی تێبکەوێت و ئیدی هەر کە بڕوای موسڵمان درزی تێکەوت چوونە ژوورەوەی شەیتانیش بۆ نێو دەروون ئاسان دەبێت.

کەواتە بەبێ ترس خوای گەورە بپەرستەو گوێ بۆ شەیتان شل نەکەیت، ئەوەش بزانە ئەوانەی تەوبەی ئێجگاری دەکەن کە لەگەڵ خوای گەورە ڕاستگۆ دەبن بردنەوەی گەورە دەبەنەوە چونکە لەسەر ڕێبازی خواپەرستی بەردەوام بوونە، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾ ﴾طـه: ٨٢.

واتە: وە بەڕاستی من زۆر لێبووردەم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ، و باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت، پاشان بەردەوام بووبێ لەسەر ئەو ڕێبازە.

لێرەدا ئایەتێکی مەزنتر بەم مانایەوە هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەرکاتێ بەندە تەوبەی کردو بەبڕوای تەواو بەدوای تەوبەکەدا چوو کردەوەی چاکی کرد، خوای گەورە کردەوە خراپەکانی بە چاکە دەگۆڕێتەوە، بە واتای لە شوێن هەر کارێکی خراپ چاکەیەك شوێنی دەگرێتەوە، هەروەکو خوای بەخشندەو میهرەبان لە سوورەتی (الفرقان) دا دەفەرمووێت:

﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾ الفرقان : ٦٨-٦٩-٧٠.

واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا ناپەرستن، هیچ پەرستکراوێکی دی، و ناکوژن، هیچ کەسێ کە خوا کوشتنی ئەوی یاساغ(حەرام)کردووە، بەهەق و ڕەوا نەبێ، وە زیناو داوێن پیسی ناکەن، وە هەر کەس ئەو تاوانانە بکات(کە باسکران)، تووشی تۆڵەکەی دێت، سزای بۆ چەند بارە دەبێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا، و بێ بڕانەوە بەبێ ڕێزو رسوایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، بێجگە لە کەسێ تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ کارو کردەوەی چاکیشی کردبێت، ئا ئەوانە، خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە، وە خوا هەمیشە لێبووردەی بە بەزەیی یە.

خودای میهرەبان دەروون پاك و خاوێنە، نیازی پێشینەی لەگەڵ بەندەی خۆی نییە، خوای گەورە هێندە بە سۆزو میهرەبانە، هێندە بەخشندەو بە بەزەیی یە، بەتەوبەی بەندەی خۆی قایل دەبێت و لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت، دڵپاکی و دەروون خاوێنی خوای مەزن نەپانتایی هەیەو نە سنوور.

خوای گەورەو سۆزەمەند خراپەی ئەوانە بەهۆی تەوبەی ڕاست و دروستیان بە چاکە دەگۆڕێتەوە، هەر کردەوەیەکی خراپیان چاکەیەکی

لە شوێن دادەنێ، تۆش کە باسی کردەوە خراپەکانی خۆت کردووە لێیان تەوبەت کردووەو بەدڵ و دەروونێکی پاك و خاوێن دەستت بە ئیش و کاری چاك کردووە، خوای گەورەش بە گەورەیی و میهرەبانی خۆی کردەوە خراپەکانی ماوەی پێشووت بە چاکە دەگۆڕێ، بەم شێوەیە هەموو خراپەکان کە بەندە تەوبەیان لێدەکات و بەراستی روو لە خواپەرستی دەکاتو ئەوەی چاکەیە درێغی لێناکات خواش هەمووی بۆ بە چاکە دەگۆڕێت، کە ئەمەش لەگەڵ بەندەی خۆی دەکات لە چاکەو گەورەیی خۆیەتی، سوپاس و ستایشی بۆ خوای مەزن کە خۆی دانای زانایە.

الشیخ ابن باز

تەوبەی کرد ئینجا گەڕایەوە سەر تاوانەکان

پرسیار: سزای ئەو تەوبەکارە چییە کە چەند جارێك لەسەر تاوانێك تەوبە دەکات کەچی دووبارەو سێبارە دەگەڕێتەوەو هەمان تاوان دەکاتەوەو دوای ئەمانەش خودای میهرەبان بە تەوبەی ئێجگاری چاکەی لەگەڵ دەکات و چیدیکە ناگەڕێتەوە سەر تاوانەکان؟ داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەمەمان تێبگەیێنن.

وەڵام: ئەم تاوانبارە تەوبەکەی ڕاستە، تەوبەکانی یەکەم و تەوبەکانی دوایی هەموو ڕاستن، چونکە هەر جارێك کە تاوانی کردووە لەلای خوا تەوبەی کردووە ئینجا دیسان تەوبەی بۆ خوا کردووەو مەرجەکانی تەوبەی تەواو کردووەو خوای گەورەش تەوبەکانی لێوەردەگرێت و پێی قایل دەبێت ئەگەر خودی خۆی پێ نەگیراو گەڕایەوە سەر تاوان و دیسان تەوبەی کردو دیسان کردەوەی خراپی کردەوەو دیسان تەوبەی کرد، ئەمەش لەفەرموودەی خوای گەورەدا هاتووە کە دەفەرمووێت:

﴿ ۞ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾الزمر: ٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبانی و بەزەیی خوا، چونکە بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت.

بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تەوبەکە ڕاست بێت و لەگەڵ خوای گەورە ڕاستگۆ بێت و لە مەزنێتی خوای گەورە ترسی لە دڵ بێت، بڕیارێك بدات کە هەمیشە گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەو دوودڵی تێدا نەبێت، تەوبەش تەوبەی سەر زاری نەبێت کە لە نێو دڵی خۆی نیازی پاشگەزبوونەوەی لێهەبێت و دووبارە بگەڕێتەوە سەر هەمان گوناهەکان، لەم حاڵەتەش کە دەگەڕێتەوە سەر گوناهەکان تەوبەی یەکەمی بۆ دەنووسرێت و ئەگەر دیسان گەڕایەوە سەر گوناهەکان دووەمین تەوبەی بۆ دەنووسرێت و لەسەر گوناهەکانی دوای تەوبەکەی دوایی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

الشيخ ابن عثيمين

تەوبەکردن و نوێژە چووەکان

پرسیار: من ماوەی چەند مانگێك لە نوێـژەکان دابڕابـووم و بـەڵام ئێستا سـوپاس و سـتایش بـۆ خـوای مـەزن گەڕاومەتـەوەو تەوبـەی ئێجگاریم کردووەو هەموو نوێژەکان لەکاتی خۆیان دەکـەم و هـەروەها من پێشتر بەڕۆژوو نەدەبووم و جیگارەشم زۆر دەکێشا ئێستاش تەوبەم کردووەو وازم لە هەموو کـارە خراپـەکان هێنـاوە، ئایـا گەڕاندنـەوەی نوێژەکان کە پێشتر نەمکردبوون پێویستە بیانگێڕمەوە یا نا؟

وەڵام: پیرۆزبایی لەو برایە دەکەم کە خـوای گـەورە بـە تەوبـەکردن چاکەی لەگەڵ کردووەو گەڕاوەتەوە سەر ڕێبازی ڕاست و ئـەوەی خـوا لەسەری پێویست کردووەو گەڕاوەتەوە سەر ڕێبـازی ڕاسـت و ئـەوەی خوا لەسەری پێویست کـردووە لـە نوێـژو ڕۆژوو بەچـاکی جێبـەجێیان دەکات، داوا لە خوای گەورە دەکەم کە لەسـەر بڕیـاری خـۆی جـێگیر بکـات و خێـرو چـاکەی زۆر بکـات و ئیمـانی بـداتێ و بمانخاتـە پـاڵ کۆمەڵەی چاکترین دڵنیاکار موحەممـەد پێغەمبـەر (ﷺ) ئینجـا مـن پێی دەڵێم: تەوبەکردنت لە گوناهەکان، گوناهەکانی پێشتر کە کردووتە دەیانسڕێتەوە، تەوبـەکردنت لـە نوێژنـەکردن (لەوانـەی کـە پێـشتر بەسەرچووە) گوناهەکانی نوێژ نەکردنت دەسڕێتەوە، خـوای بەخـشندەو

میهرەبان بەم تەوبەیەت لەسەرجەم گوناهەکانی سەردەمی پێشوو خۆش دەبێت بە فەرموودەی خوا کە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت:

﴿ ۞ قُلْ يَـٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ ﴾ الزمر: ٥٣.

واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبانیو بەزەیی خوا، چونکە بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت،

خوای گەورە لە وەسفی خواناساندا دەفەرمووێت:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَـٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٣٥﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَـٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾ آل عمران: ١٣٥-١٣٦

واتە: وە ئەوانەی کە کاتێ کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن، یا ستەم لە خۆیان دەکەن، کە یادی خوایان کردەوە، ئینجا داوای لێبووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان، ئایا کێ دەبوورێ لە گوناهەکان، بێجگە لە خوا؛ وە بەردەوام نابن، لەسەر ئەوەی کە کردوویانە، لە کاتێکدا بزانن (گوناهە)، ئا ئەوانە، پاداشتیان لێبووردنە، لەلایەن پەروەردگاریانەوە، و چەند باخاتێك (بەهەشتێك)، کە رووبارەکان دەڕۆن بە ژێریاندا، ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا بەهەمیشەیی، چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران.

ئیتر بە گوێرەی ئەمە ئەو نوێژو رۆژووانەی کە پێشتر لێ ی چوون و نەیکردوون پێویست ناکات بیانکاتەوەو بەڵام ئێستا پێویستە لەسەری لەسات و وەختی نوێژەکان ئاگاداربێت و رۆژووەکان هەمووی بگرێت و دەست بەکردەوەی چاك بکات و لەشتی نادروست چاو نەپۆشێت و بەرانبەر قسەی پاشملەو بوختان و سوکایەتی بە ئیمانداران دەمی خۆی دانەخات و، دەمی بەبێ ناوهێنانی خوای گەورە نەکاتەوەو هەموو دەمێك لەخوای میهرەبان بپاڕێتەوەو وەکو تەوبەکارێك بەشداری کۆڕە ئاینییەکان بکات و لە ئیماندارە چاکەکانیش نزیك ببێتەوە.

پەشیمانی لە تەوبەشکاندن

پرسیار: مـن گـەنجێکم تەمـەنم (٢١) سـاڵەو مـاوەی چـوار سـاڵە ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێ گـەنجی ئیمانـدار پەیـداکردو خـوای گـەورە لەسەر دەسـتی ئەمانـە ڕێگـای ڕوونـاکی بـۆ کردومـەوەو سـوپاس و ستایش بۆ خوا کە لە ناسینی خودی خۆی ئاسانکاری بۆ کردم، لەگـەڵ ئەم برایە بەڕێزانە ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێك بەردەوام بووم و هـەر لەم ماوەیەش ئەوەی خوو و ڕەوشتی چاکی گـەنجی موسـڵمانە پێـڕەوم کرد، لەماوەی ئەم ساڵ و نیوە لەلایەن خزم و کەس و کارە نزیکـەکانم تووشی بێ ئومێدی بوومەوە چونکە لەهـەر جوڵانـەوەو کردەوەیـەك گاڵتەیان پێ دەکـردم و لـە هەنـدێ شـتی دیکـەش ڕسـواو سـووکیان دەکردمەوە، بەرگەی هـەموو ئەمانـەم گـرت، کەچـی دوای ماوەیـەك بەرانبەر ئەم شاڵاوەی خزمو کـەس و کـارم نـەمتوانی چـی دی بەرگـە بگـرم، وازم لـەم هاوڕێیانـە هێنـاو، گەڕامـەوە سـەر دۆخـی جـاران، لەمافەکانی خوا سل بوومەوەو فەرامۆشکرام، دەستم بە ئیش و کـاری خراپ کردەوە، لەوانەیە لەم پەشیمان بوونەوەیەو بەجێهێشتنی هاوڕێیە ئیماندارەکان بەلایەکی گـەورەم بەسـەر خـۆم هێنابێـت و گونـاهێکی ئێجگار گەورەم کردبێ، ئێستاش من لەپەرۆشی و پەشیمانیدا دەژیـم، تکا لە بەڕێزتان دەکەم لەوەی من تێی کەوتووم ڕێگای دەربازبوونم بـۆ

دیاری بکەن، ئەو کتێبانەش چییە کە بـۆ خوێندنـەوەیان ئامۆژگـاریم دەکەن؟

وەلاّم: پێویستە لەسەرت تەوبە بۆ خوای میهرەبان بکەیت.

راستییەکەشی: پەشیمانبوونەوە لـەوەی کردووتــە لــە گوناهــەکان، وازلێهێنانیان، هۆشیاربوون لێی، نیازو بڕیاری راسـتگۆ کـە جـارێکی دی لە ترسی خوا نەگەڕێیتەوە سەر ئەم گوناهانە، ئارەزووی راست لەو پاداشتەی کـە بەرانبــەر گەڕانــەوەت لەلایــەن خــوای دەســەلاّتدارەوە وەردەگرێت.

تەواوی تەوبەش: ئەگەر ستەمت لە کەسێك کردبـوو، یـا شـتێ یـا مافی کەسێکت لەلا بوو، ستەمەکە لەسەر کەسەکە هەڵدەگریت و شت یا مافی کەسەکەش دەگەڕێنیتەوە یا مافەکەی دەدەیتەوە.

خوای شکۆمەند دەفەرمووێت:

﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١ ﴾النور: ٣١.

واتــە: هــەمووتان تەوبــە بکــەن و بگەڕێنــەوە بــۆ لای خــوا، ئــەی ئیمانداراەکان، تا رزگارو سەرکەوتووبن.

هەمیشە خـوای گـەورە کـە داپۆشـەری کـەم و کـوڕی بەنـدەکانی خۆیەتی دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيُدۡخِلَكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾التحريم : ٨.

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بە گەڕانەوەیەکی ئێجگاری، تا پەروەردگارتان لە گوناهەکانتان خۆش ببێت وە بتانخاتە نێو باخاتێکەوە، کە دەڕوا بەژێریاندا جۆگە ئاوی زۆر. هەمیشە پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموویت: (ئەمەی لەلای برایەکی خۆی ستەمێك لەناموس یا هەر شتێکی دی هەبوو تا زووەو کاتی بەسەر نەچووە با حەڵاڵی بکات، ئەگەر کردەوەی چاکی هەبوو لە کردەوە چاکەکە بڕی ستەمەکە وەردەگیرێت و ئەگەر کردەوەی چاکیشی نەبوو کردەوە خراپەکانی ستەملێکراوەکەی لێ بار دەکرێت.(أخرجه البخاري في صحيحه).

زۆر لە ئایەت و فەرموودەی دیکەش بەم مانایەوە هەیە.

هەروەها ئامۆژگاریت دەکەم: گرنگی بە قورئانی پاکی کتێبی خوا بدەیت و، کاری پێ بکەیت و، زۆر بیخوێنییتەوەو، لێی وردبیتەوەو پتر زەین لە ئایەتەکان بدەیت، ئەمەش شکۆدارترین کتێبەو مەزنترین کتێبەو، ڕاستگۆترین کتێبە، هەر ئەمەش کتێبی خوای گەورەیە کە هیچ کەموکوڕی نییەو دابەزێنراوی دانای ستایشکارە، هەر ئەویش

بەسوودترین کتێبەو لە بارەی نەخۆشیەکانی دڵ و کۆمەڵگەکان تەواو کارە هەروەکو خوای شکۆمەند دەفەرمووێت:

﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩﴾ ﴾ الاسراء: ٩

واتە: بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنموونی دەکات، بۆ ڕێبازو بەرنامەیەك کە ڕاستترینە.

هەمیشە خوای مەزن دەفەرمووێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾ یونس: ٥٧.

واتە: ئەی خەڵکینە، بێگومان بۆتان هاتووە، ئامۆژگاری (قورئان) لەلایەن پەروەردگارتانەوە، وە شیفاو چارەیە بۆ ئەوەی لەناو دڵ و دەروونتان دایە، وە ڕێنموونی و میهرەبانیە بۆ بڕواداران.

دیسان خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾ ﴾ ص:٢٩

واتە: (ئەم قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لە ئایەتەکانی وە خاوەنانی بیروژیری پەندی لێ وەربگرن.

دیسان ئامۆژگاریت دەکەم: کتێبەکانی خەڵکی سوننەش بەوردی بخوێنیتەوە.

لەمانە:

-التوحيد للشيخ محمد بن عبدالوهاب، رحمه الله.

-العقيدة الواسطية لشيخ الاسلام ابن تيمية.

-إغاثة اللهفان للعلامة ابن القيم.

-الاربعين النووية وتتمتها للحافظ ابن رجب.

-عمدة الحديث للشيخ عبدالغني بن عبدالواحد المقدسي.

-بلوغ المرام للحاظ ابن حجر.

-صحيح البخاري، ابن العباس زين الدين الزبيدي.

-صحيح مسلم، الامام زكي الدين عبدالعظيم عبدالقويم المنذري.

پێرست

ئامۆژگاری بۆ گەنجانی نەتەوەی موسڵمان	
ئەحکامەکانی تەوبە	
کاروکردەوە بەنیاز پاکی	
تەوبە دەرگای والآیە	
چۆنیەتی رزگاربوون لە سەرپێچی و گوناهەکان	
وریابە یاوەری خراپەکاران مەکە	
حوکمی گاڵتەکردن بە قسە وەکو کوفر یا جوێندانی ناشیرین	
سزای ئەوەی گاڵتە بە ئیمانداران دەکات	
سوودەکانی تاقیکردنەوەی بڕوادار	
بڕوا بوون بەخود	
خوای گەورە ئەوەی مەبەستی بێ رێگای رزگاری پێ نیشان دەدات	
لەگەڵ خوا لە تەوبەی ئێجگاری ڕاستگۆبە	
مەترسی بڕیاردان	

ترسان لە سزای خوا

لاسایکردنەوە یا خۆ بە ئافرەت چواندن

گونجاوترین شێواز لە بانگەوازدا

لە نیازی خۆت لەگەڵ خودا راستگۆبە!

سزای فرۆشتنی شتومەکی حەرام

خواپەرستی بە پێی توانا

بەشەکانی کاروکردەوە چاکەکان

گەنجێك نوێژەکان دەکات و هەندێ کردەوەی خراپیش دەکات

پێویستە نوێژنەکەر بیبوغزێنیت

دەست بەوەختەوەگرتن لە رەمەزاندا

ئامۆژگاریم بۆ برایەکانم

سزای نیازکار بۆ وازهێنان لە کردەوەی خراپ

ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی وازیان لە نوێژ هێناوە...

لە جگارە کێشان دوور بکەوە

سزای ئەوەی سوننەتی پێغەمبەر پیڕەو ناکات

ڕێگای تەوبەکردن

گەنجێك ئەرکەکانی ئاینیش جێبەجێ دەکات و کردەوەی خراپیش دەکات

پاساو هێنانەوە بۆ ئایەتەکانی خودا

گەنجێکی تەوبەکار پرسیار دەکات

ئایا تەوبەکار نوێژو ڕۆژووەکان جێبەجێ دەکات

باشی داواکردنی لێبووردن

وەسوەسەی شەیتان

تەوبەی ئێجگاری گوناهەکان دەسڕێتەوە

خوێندن و زانستی شەرعی

تەوبەکردن لە زینا

قسەی دەروون بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خراپ

تەوبەو گەڕاندنەوەی نوێژە چووەکان

زانیاری بانگەواز بۆ خواپەرستی

بەردەوامبوون لە سەر تەوبەکاری

بەردەوامی لەسەر خواپەرستی

	لەو دانیشتنانەی قسەی پاشملەو بوختانی لێدەکرێت خۆت بپارێزە
	هەستکردن بە پەسەند نەبوونی تەوبە
	تەوبەی کرد ئینجا گەڕایەوە سەر تاوانەکان
	تەوبەکردن و نوێژە چووەکان
	پەشیمانی لە تەوبەشکاندن

نرخی (5000) دینارە

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



نرخی (5000) دیناره

2013

چاپخانەی شەهاب
0750 448 3811